ئاگر و خوێن

یادگاری پارتیزانەکانی کەرکووک لە بیرەوەری فەخرەدین سمایلبەگیدا

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینەوەی :
(جومعە عومەر دەربەندی)

ساڵی ٢٠٢٥

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئاگر و خوێن
یادگاری پارتیزانەکانی کەرکوک
لەبیرەوەری فەخرەدین سمایل بەگی دا

نووسینەوەی
جومعە عومەر دەربەندی
ساڵی 2025

ناوی کتێب:یادگاری پارتیزانەکانی کەرکوک لە بیرەوەری فەخرەدین سمایلبەگیدا
نوسەر :حومعە عومەر دەربەندی
تایپ: نوسەر
دیزاینی بەرگ : ئیمان محمد یوسف
چاپخانەی : **هێڤی**
چاپی یەکەم ئابی ٢٠٢٥
تیراژ: (١٠٠٠)دانە.
نرخ: ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار
ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی هیوا عەبدوڵا ناسراو بە (هیوا رەش) چاپ کراوە.

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان /هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٣٠٧٣)ی ساڵی٢٠٢٥ی پێدراوە

فەهرست ، ناوەرۆک

پێشەکی
بەشی یەکەم: .... ١١ تا ٤٤
بەشی دوەم: ....٤٥ تا ١٢٠
بەشی سێیەم: ....١٢١ تا ١٦٠
بەشی چوارەم: ....١٦١ تا ١٧٤

ناوی کتێب:یادگاری پارتیزانەکانی کەرکوک لە بیرەوەری فەخرەدین سمایلبەگیدا
نوسەر :حومعە عومەر دەربەندی
تایپ: نوسەر
دیزاینی بەرگ : ئیمان محمد یوسف
چاپخانەی : **هێڤی**
چاپی یەکەم ئابی ٢٠٢٥
تیراژ: (١٠٠٠)دانە.
نرخ: ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار
ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی هیوا عەبدوڵا ناسراو بە (هیوا رەش) چاپ کراوە.

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٣٠٧٣)ی ساڵی٢٠٢٥ی پێدراوە

فەهرست ، ناوەرۆک

پێشەکی
بەشی یەکەم: ....١١ تا ٤٤
بەشی دوەم: ....٤٥ تا ١٢٠
بەشی سییەم: ....١٢١ تا ١٦٠
بەشی چوارەم: ....١٦١ تا ١٧٤

پێشەکی

پارتیزانەکـان ڕەمـز و قوربـانی خەبـاتی سـەختی چەکـداری

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردایەتی و مێژووی قۆناغێکی دوور و درێـژی پـڕ لەتێکۆشـان و بەرگـری لەنەتەوەی کـوردن ، ئەوکارەکترانەی بەشدار و دورستکەری مێژوون ، ئەفسانە و جێگا پەنجەو بازویان لەنەخشاندنی مێژووی پرشنگداری پڕ لەسەروەری و کارەسـاتباری خوێنـاوی میللەتەکەمـان دیـارە و بەئـاوی زێـڕ زاخاودراوە ، کەمنین ئەوکەسانەی کەتوانیویـانە ئەودەورە کاریگەرە یاری بکەن و وەرچەرخانێکی مێژوویی گرینگ دورست بکەن ، بۆ هەمیشە لەلای گەلەکەیان لەڕۆژگاری مێژوودا بەناوێکی زیندوی پڕ لەسـەروەری لەلاپەرەی مێـژوو بەدرەوشـاوەیی بمێنـنەوە و ، وەک ئەسـتێرەیەکی گەش و پرشـینگدار لەئاسـمانی وڵات بگەشـێنەوە ، پارتیزانەکانی کورد بەگشتی و ڕەتلە پارتیزانەکانی (ی ، ن ، ک) بەتایبەتی ، لەوبوارەدا لەدوای کارەساتی ئەنفالی 1988 ، بەخوێنی گەش و ئـاڵی خۆیـان لەکوردستانێکی چۆڵ و کـاولکراوی وێـرانەی سـوتماککراو ، بەبـێ بـونی ئـاوەدانی دور لە هاوکـاری و حەواندنەوەیەکی شایستە ، لە ژیانێکی پڕ لەکارەساتباری کولەمەرگی لە ناوچە جیاجیاکان کورستان ، مەرگ ڕاونەرن و درێژە پێ دەری بەخەبـاتی ڕەوا گەلەکەیـان بـون ، کە هێـزی عێـراق لەدوای ئەنفـال گەیشـتبوە ئەوپەڕی بەهێـزی و لەبەرانبەریشـدا هێـزی بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کـورد گەیشـتبوە ئەوپەڕی بێ هێـزی ، لەبـێ دەسـەڵاترین سـات کە بەشـێکی هەرەزۆر لەگوندنشـینان ئـاخێنرابونە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان و لە ژێر چنگ و چڕنوکی داگیرکەردا بون

، هـیچ ئومێـدێک بەدی نەدەکـرا ، ئـا لەو ڕۆژگـارە سـەخت و پڕلەسـامناکەوە توانیـان تەواوی مەسـاری مێـژوو بەئەرێنـی لەبەرژەوەندی میللەتەکەمان بگۆڕن و کاربۆگۆڕانکاری زیاتر بکەن ، هەرلەو چوارچێوەیەشـدا پارتیزانەکـانی کەرکـوک جیـاواز لە پارتیزانەکـانی نـاوچەو شـوێنەکانی تـری کوردستان ئەو شـەرەفەیان بەبەرکەوتـوە ، چـونکە جوگرافیـای کەرکـوک زۆر جیـاوازە و بەرتەسکٰ کراو و دەشتی کاکی بەکاکی و (چیاو شاخ و ئەشکەوت و کەنـد و چـۆمی گونجـاوی) تیـدانیە ، کەچـی لەو جوگرافیـا نەگونجـاوەدا دەورێکـی باڵایـان بینـی و مێژوویـان نەخشـاند ، لێـرەدا ئەکرێ پارتیزانەکانی کەرکوک دابەشی 2 گروپی بکەین .

*- گروپی یەکەم: گروپی دوای کارەساتی ئەنفال کەزۆر زەحمەت و دژواربو مـانەوە و خۆڕاگری بەبێ بەرنـامە و خۆئامـادەکردن ، کە لەوپەڕی دەسـەڵاتەوە بـۆ خراپتـرین دۆخـی بـێ دەسـەڵاتی و خۆشاردنەوە بو ، چونکە ڕژێمی داگیرکەر لەوپەڕی بەهێزی جاری کـورد قڕانـی دەرکردبـو ، ئەو گـروپە زۆرە لەپێشـمەرگەیەبون ، کە بەهۆکاری شاڵاوی ئەنفالی قۆناغی (5 و 6 و 7) لەدۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی بـون ، بەهۆکـاری بەرگـری هێـزی پێشـمەرگەی نزیـک سنور لەبناری قەندیل ، نەیانتوانی بگەنە سەرسنوری عێراق - ئێران ، بـۆیە بەناچـاری لەسـەرەتای مـانگی هەشـت لەمەڵبەنـدی (3) لەخۆشناوەتی و دۆڵی بالیسانەوە گەڕانەوە بۆ دەشتەکانی (کەرکوک ، هەولێر ، گەرمیان) کە ئەم ناوچانە خـاڵی بون لەئـاوەدانی و بـونە تاکە هاوڕێی نیشتیمان تاکۆتایی ساڵ 1988 .

*-گروپی دوەم: گروپی ڕۆژە سەختەکانی ساڵی 1990 و بەهێزی دەسەڵاتی ڕژێم و بێ هێزی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان بو ، ئەمجارە بەبەرنامە و پلانی تۆکمە و زانیاری و شارەزایی زیاتر ، مەفرەزەی بچوک بچوکیان ڕێکخست و ، بەفەرمانی سەرکردایەتی و بە پێداویستی تەواوەوە نێردرانەوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ، هەرمەفرەزەیەک تایبەت بەناوچەی خۆیان گەڕانەوە بۆ قولای خاکی کوردستان .

لێرە ئامانجی ئەم نووسینەی ئێمە لەسەر کۆی پلانی یەکێتی و پارتیزانەکانی نیە ، بەڵکو نووسینی پێشەکیەکە بۆ نووسینەوەی نامیلکەی ڕەتلی پارتیزانەکانی کەرکوک کە لەبیرەوەریەکانی کاک فخرالدین سمایل بەگی و پۆلاهەیبەیەوە سەرچاوەی گرتوە .

خوێنەری بەڕێز کاتێک ئەم بیرەوەریە دەخوێنیتەوە بێ دەستی خۆتە سەرنجت رادەکێشێت و پەلکێشت دەکات بۆ ناو هەنگاوە پیرۆزو ئامانجەگشت گیرە نەتەوەیەکەی گەلەکەمان ، کەبەمەبەستی مانەوەی گەلێکی (40) ملوێن کەسی لەسەدەی 21 . کە تێیدا کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم و گیان لەسەر دەستی نیشتیمان خۆیان کرد بەمۆم و گەنجی و جوانی تەمەنی خۆیان تواندەوە لەپێناو مانەوەی ناسنامەی شارستانی و کەلتور و زمان و مێژووی نەتەوەکەیان ، ئەم کۆمەڵە لاوە ژیانی کولەمەرگی و برسیتی و شەونخونی ئەشکەوت و بڕینی سەختە ڕێ هەوراز و لێژی پڕ لەبەفر و کێڵگەی مینی چێندراو و بێ جل و بەرگی پێویست و بە سەرماو گەرما ڕێی مان و نەمانیان هەڵبژارد ، بەڕاستی ئەم کەڵپیاوە چاونەترس و جوامێرانە و تەواوی پارتیزانەکان تر و هاوکارەکانی ناو شاریان ، حەقە پەیکەری

ئازادیان بۆ دورست بکرێت و لەمۆزەخانەی نیشتیمانی بپارێزرێن ، ئەمە بیرەوەریە بەڵگەی دیکۆمێنتاریە دەکرێت بۆئایندە نەوکان بۆ توێژینەوە و لێکۆلینەوە لەپارتیزانەکان سودی لێوەربگرن .

حەمەسور دوشیوانی

2025 / 6 / 10

دەستپێک :

بیرەوەریەکانی پێشمەرگە و پارتیزانی بەبیر و باوەڕی دوای ئەنفال

کەباس لەپارتیزانەکانی کەرکوک دەکەین وەک بەشێک لەمەفرەزە پارتیزانەکانی تری تەواوی ناوچە جیاجیاکانی تری کوردستان ، مەبەست لەو پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەر و گیان لەسەردەست و لەخۆ بوردوانەیە ، کە دوای ئەنفال بەخۆراگری و چۆک دانەدان ، لەبەرانبەر ڕژیمی ئاگر و ئاسنی بەعس وەستانەوە و چۆکیان دانەدا و ئاشبەتاڵیان بەئاشبەتاڵ کرد و لەناوچەکە مابونەوە و چەکی شەرەف و بەرگری پێشمەرگانەیان لەشان دانەگرتو و بۆ ساتێکیش بیریان لەتەسلیم بونەوە بەڕژێم نەکردەوە و کوردستانیان بەتەنها جێ نەهێشت ، هاوزەمان لەگەڵ ئەوشدا بەگژ پیلان و بەرنامە گڵاوەکانی ڕژیمی بەعسی فاشیدا دەچوونەوە ، نمونەیەک لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر لەسنووری تیپی 21ی کەرکوک و تیپی 25ی خاڵخاڵان بون ، خاوەنی چەندین داستان و نەبەردی و شەڕی بەرەیی و ڕوبەڕو بونەوە دژی ڕژێم بون .

لەدوای ئەنفالیش لەناو سەرجەم ئەو هێزە کوردیانەی تری بەرەی کوردستان ، یەکێتی وەک تاقە هێز پێشەنگبو ، کە پێشمەرگەی بەپارتیزانی نارده خوارەوە بۆ ناو قوڵای خاکی پیرۆزی کوردستان ، هەر لەگەرمیانەوە تازاخۆ ، مەفرەزەکەی کاک ئاکۆ وەک سەرجەم ئەو مەفرەزانە ، هاتنە خوارەوە بۆ ناو خاکی کوردستان ـ کەرکوک ـ ناوچەی شێخبزێنی و شوان و قەڵاسێوکەو ، بونەوە هاوڕێی بەوەفای خاکی پیرۆزی کوردستان و مانەوە ، بەچەکی سادە ، بەڵام بەبیرو باوەڕی پۆڵاینەوە سینگی ڕوتی خۆیان کردە قەڵغان و

لەمەتەریزی شەرفدا قائیم و پتەو چەسپاند و خستە بەر ئاگر و ئاسنی دوژمن ، لەژێر ڕەحمەتی تۆپ و فڕۆکەی هەلیکۆپتەرە مەرگ چێنەکان و ترسی شۆفار و جاسوس و بەکرێگیراوانی جاش و موخابەرات خۆیان وەک پاڵەوان ڕاگرت و درێژمیان بە خەباتی پارتیزانی داو بەرگریان کرد و باکیان لەگیان بازی و بەختکردوی ئەبو ئازاری خاکیان ڕادەژەند ، ئەوا ئەمڕۆکەش دەبینین بونەتە ڕەمزی قارەمانێتی شۆڕش و بەرخودانی گەلێک 40 ملوێن کەسی و هەڵگری مەدالیای زێڕینی شەرەف و سەروەری و بەسینگیانەوە هەڵواسراوە ، وەک ڕەنگی ئەستێرەی زیوین دەدرەوشێتەوە ، بۆیە لێرەدا پێویستە هەموو پێشمەرگە پارتیزانەکانی سەردەمی ئەنفال و دوای ئەنفال ، کە لەهەر بستە خاکێکی سنووری ئەم کوردستانە درێژمیان بەکاروانی خەباتی پێشمەرگانەی پارتیزانی پڕ لەسەرویان داوە ، لەنووسینەوە و توێژینەوەی بیرەوەریەکاندا لەسەر لاپەڕەی مێژوو باس بکرێن و لەبیرنەکرێن و ناویان تۆماربکرێت ، تا نەبن بەسەربازی ون .

لەدوای کۆتایی قۆناغی ئەنفالی چوار و دەستپێکی قۆناغی پرۆسەی شالاوی ئەنفالی (5 و 6 و 7 و 8) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ، گەیشتە سنوری مەڵبەندی 3ی هەولێر و 4ی بادینان و تەواوی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان ، دوای شەڕو بەرگریەکی بێ وێنە ، (125) پێشمەرگەی تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخالان و هەندێک لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر ، بەهۆکاری شەڕو پێکدادان لەنێوان سوپای ڕژێم هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەیان توانی بگەنە سەر سنوری نێوان (عێراق – ئێران)

گەڕانەوە سـنوری دەشـتی هەولێـر و کەرکـوک و گەرمیـان و ناوچەکانی تر ، تـا کۆتـایی سـاڵی 1988 لەو سنورانەی کە دەگونجا بۆیان مانەوە ، دواتر بەبڕیاری سەرکردایەتی لەکۆتایی مـانگی 12ی 1988 گەڕانەوە سـەرکردایەتی لەزەڵـێ و قاسـمەڕەش لەسـەر سنووری عێراق - ئێران و دواتر چونە دسوی ئێرتن و لەگوندی بلەکێی نزیک سنور جێگربون .
نووسەر

بەشی یەکەم:

بیرەوەریەکانی فەخرەدین سمایلبەگی پیش پارتیزانی:

١ـسەرەتای پێشمەرگایەتی

مـن لە ٢١/٩/١٩٨٣ بـوومە پێشـمەرگە، ئەو کـاتە وەرگیـران بە پێشمەرگە ئاسان نەبوو، یان دەبوو لە رێکخستنە نهێنیەکانی ناوشار بیت و نـامەیەکی پشـتگیری ببەیـت ، یـان چـالاکیەکی پیشـمەرگانە ئەنجـام بـدەیت ، بـۆ ئەوەی متمـانەی بەرپرسـەکانی پێشـمەرگە لە نـاوچەکەت بە دەسـتبێنی، چـونکە زۆرجـار ، هەروەکـو لە هەمـوو شۆرشـەکانی دنیـاش وا بـووە، داگیـرکەران سـیخوڕ و خەڵکـی خۆفرۆش دەخەنە ناو ریزەکـانی شۆڕشـگێران و زەربەیـان لـێ دەدەن و تەسلیم دەبنەوە، بۆیە لەو کاتەدا توندو تۆڵی لە وەرگرتنی پێشمەرگە پێویست بوو ، هەر وا بە ئاسـانی کەسێکیان وەرنـاگرت لە ریزەکـانی پیشمەرگەدا .

مـن بـۆ ئەوەی ببمە پێشـمەرگە لە سـەرەتاوە چـالاکیەکەم هەڵبـژارد، هەرچەنـدە خـۆم پیشـتر لە رێکخسـتن بـووم ، هەر لە تەمەنـی شـازدە سـاڵیەوە لە ژێـر کـاریگەری کـادیرانی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و بەتـایبەت کـادیرانی کـۆمەڵە لەسـنووری ناوچەکەمان بەرێزان کاک وریا ئاغجەلەری ، فەرەیدون مام سەلام ، ڕاپەر عارف ، شەهید ڕێباز کەلاوقوتی وایان لێکردم پەیوەندی بکەم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە

جـگە لەوەش لە رێگـای کـاک عەلـی بـرام و کـاک محمـدی ئـامۆزام هەسـتم بە هێلێکـی رێکخسـتن کردبـوو ، شـەهید ئـازاد هەورامـی رێکخسـنێکی تـۆکمەی کـۆمەڵەی رەنجـدەرانی کوردسـتانی لە نـاو

کەرکوک دروست کردبوو، ئاگاداربووم کاک محمد بایز قەمەری و کاک لەتیف احمد حاجبیخانی خواروو دەهاتن و بلاوکراوەکانی کۆمەڵەیان پێ بوو ، سەرقاڵی کۆبونەوە بوون ، مەبەستم ئەوەیە بۆ من ئاسان بوو پشتگیریەک لە رێکخستنەکانەوە بکەم و ببمە پێشمەرگە، بەڵام من پێمباشبوو لە رێگای چالاکیەوە ئەو متمانەیە بە دەست بێنم ، ئەوە بوو لەگەڵ)شەهید کوێخاو رەحمەتی کاک محمدی مامە بەگە(، چالاکیەکەمان کردو لە کەرتی چوار خاڵخاڵانی تیپی بیست یەکی کەرکوک بوومە پێشمەرگە، هێشتا مێردمناڵ بووم ، تەمەنم حەفدە هەژدە ساڵ بوو ، باریک و لاواز بووم ، جلی ئاڵاو واڵا و رەنگاو رەنگم لەبەر بوو، دووای چەند رۆژێک کۆبوونەوەیەکی گشتی تیپی ببست و یەکیی کەرکوک هەبوو، لە بیرمە مام رۆستەم هەر بۆ پێکەنین گوتی)ئەرێ ئەم پێشمەرگەیە کێیە دڵیی حەبی کەبسولە(، گوتیان ئەوەیە لەم رۆژانە چالاکیەکەی کرد ، ئیتر بەخێرهاتنی کردم و هەندێک باسی ئازایەتی و قارەمانی خەڵکی شوان و گوندەکانی کرد ..

من عاشقی چالاکی و جوڵە و جەولەی پێشمەرگایەتی بووم، چێژم لە گەران و چوونە ناو خەڵک و لێدانی رەبیەکانی رژێم وەردەگرت، ژیانی پێشمەرگایەتیش پڕبوو لە خۆشی و ناخۆشی، رۆژانی سەخت و شەڕو رووبەرووبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پشو و حەسانەوەو بەشداری ژیانی رۆژانەی گوندنشینان و بۆنە کۆمەلایەتی و ئاهەنگ و خۆشیەکانی خەڵک ،بە تایبەتی لە بەهاری ١٩٨٤ بە دوواوە ،ئەو ساڵەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دانوستاندا بوو لەگەڵ بەغدا ، زیاتر سەرقاڵی خۆرێکخستن و هەڵقەی رۆشنبیری و پەیوەندی

بەناوشارو گەیاندنی پەیامی شۆرشبووین بە چین و توێژەکانی دوور لە ناوچە رزگارکراوەکان، بۆیە تا رادەیەک ئەوەی من ئاگادار بم رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هەردوو باڵەکەی لەو کاتەدا)کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆرشگێران(و هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش گەشەیان کردو خەڵکێکی زۆر بوونە پێشمەرگە ، ئەم گەشەکردنە پێداچوونەوەی دەخواست بە پێکهاتەو دووبارە رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە.

٢- گۆرانکاری لە تەشکیلاتەکانی هێزی پێشمەرگە:

لەگەڵ گەشەکردندا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر بە وردی سەرقاڵی رێکخستن و پۆلێنکردن و سازدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە هەر گۆرانکاریەکدا پێکهاتەیەکی نوێی دروست دەکردو لەگەڵ قۆناغەکەدا دەیگونجاند، هەمیشە پێیوابوو لە شەری پارتیزانی و چالاکی پێشمەرگەدا ژمارەی یەکەکان زۆر نەبێت، هەوڵی دەدا ئەو هێزە لە دەستەو یەکەی ژمارە کەم و چالاکدا کۆ بکاتەوە ، هەتا جولەو گواستنەوەو گەیشتن بە شوێنی پێویست گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەیاندا بۆیە ئەو گەشەکردنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە مایەی دروستکردنی چەندین تیپی نوێ ، لە دەشتی هەولێرو گەرمیان و سلێمانی و کەرکوک ، ئەوە بوو لە بەهاری ١٩٨٤دا تیپی بیست و یەکی کەرکوک بۆ دوو تیپ دابەشکرا، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانی لێ دروست بوو، کاک نەبەز)خولەی جگەر(بووە سەرتیپ و کاک سابیر رەسوڵ بووە سەر تیپی بیست و یەکی کەرکوک و هەر تیپێک لە پێنج کەرتی پێشمەرگە پێکدەهاتن، من ئەو

کاتەی بوومە پێشمەرگە مام رۆستەم سەرتیپی بیستو یەکی کەرکوک بوو، کاک دارا سەیدیانی فەرماندەی کەرتی چواری خاڵخاڵان بوو، دوواتر من لە تەشکیلاتە نوێیەکەدا لە ساڵی ١٩٨٤ بەر کەرتی دووی سیوەسوور تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان کەوتم . سەرەتا کاک مەلا وەیسی فەرماندەی کەرت بوو، دووای ئەویش عوسمانی قادر داود و ئیتر هەمیشە گۆڕانکارییەکان بەردەوام بوون ..

٣ـدەستپێکردنەوەی شەڕ:

حکومەتی عیراقی هەوڵی تێکدانی بارودۆخەکەی دەدا، لە ڕێگای ناردنی سیخورو ژەهرخواردکردن و تیرۆرکردنی پێشمەرگەو دروستکردنی ناژاوەو ئەمانەوە، کە دیارترینیان شەهیکردنی مامەریشە بوو لە ٢٥ی ١ی ١٩٨٥، ئیتر ئەو رەوشە نە شەڕ نە ئاشتیە لە خوارەوە تێکچوو، لە سەرەتای مانگی 2ی ساڵی 1985 ،ڕێک لە ٢/٢ دەستمان کردەوە بە چالاکی و پەلاماری پێشمەرگانەو دەستوەشدان لە رژێم ، سەرەتا لە تۆڵەی مامەریشەدا هەڵکەندنی دومەڵی تەعریبی سەر جەستەی کەرکوک بوو لەساڵەیی ، دوواتر لە گەرمیان و دەشتی هەولێر و مەخمور ، ئەوە سەرەتای گۆڕینی رەوشەکە بوو.

چالاکیەکانی ئێمە دووای شەهیدبوونی مامە ریشە ، پێش بریاری فەرمی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، چونکە هێشتا بریاری تۆڵەی نەدابوو، خۆتان دەزانن دروشمی یەکێتیش)تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە (بوو، هێشتا بەفەرمی لەهیچ لایەکەوە لە نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری دەست پێکردنەوەی

شەڕ نەدرابو ، دووای ئەو چالاکیانە وەک کەرتی دو لە تیپی 25ی خاڵخاڵان جەولەو گەڕانیکی چەندڕۆژەمان بۆ ناوچەی قەڵاسێوکەو سورداش وجافایەتی وگوندی گەورەدێ کرد ، ئێمە وەک پێشمەرگە هەستمان بەشتێک کردبوو ، دەمانزانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نیازی چالاکیەکی بەرەیی گەورەیە و دەیەوێت بیسەلمێنێت کە یەکێتی شەڕی شەرەو ئاشتی ئاشتیە، بەڵام پەیمان پێ نەبرد مەبەست لەم جەولەو مانەوەیەمان چییە لە ناوچەکە ، تا شەوێکیان ڕەحمەتی) خلیل بێدەر ی(لە ناو کەرتەکەدا کە نزیکەی شەست پێشمەرگە دەبووین (٢٠)پێشمەرگەی جیاکردەوە لەگەڵ خۆی ، من یەکێک بوم لەو پێشمەرگانە و پێی گوتین دەچین بۆ ئەنجام دانی چالاکی و دەست وەشاندن لە مۆلگەکانی ڕژێم ، ئیتر کاتی چاوەڕوانی تەواو بوو .

٤-داستانی حەسەن تەپەی سەرو لە ١٥/٢/١٩٨٥

گوندی حەسەن تەپەی سەرو یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی پیرەمەگرون لە قەزای دوکان، دەکەوێتە سەر جادەی سلێمانی – دوکان، لە نێوان گوندەکانی قالاوەو باخ و حەسەن تەپەی خوارو و گوندی تەڕەمار، شوێنیکی ستراتیژی هەیە لە شەڕو رووبەرووبوونەوەی سەربازیدا، ئەگەر ئەو گوندەو دەوروبەری کۆنترۆڵ بکرێت تا رادەیەک دوکان و سورداش و راپەرین لە سلێمانی دادەبڕێت ، بە تایبەتی ئەو کاتە لە هەشتاکاندا هێشتا رێگای هاتوچۆ و جولەی سەربازی بە ئاسانی نەدەکرا، هەر هێزێک لە سلێمانی یان لە کەرکوک وچەمچەماڵەوە بهاتایە ناچار بوو بەم

گونـدەدا بێـت .. بـۆیە سـەرکردایەتی یەکێتـی بـۆ دانـانی بۆسـە ئەم گوندەی هەڵبژاردبوو.

ئەو کاتە لە ناخی ئێمەی گەنجدا ،کەباسی چالاکی دەکرا بێ دەستی خۆمان ،زۆر دڵخۆش دەبوین و حەماس دەمانی گرت ،پەلەمان بوو بگەینە ناو شەڕەکە ، هەرچەندە ئێمە نەماندەزانی بۆ کوێیە و چیی دەکەین، بەڵام دەمانزانی شەڕێکمان لە پێشەو بۆ چالاکی دەڕۆین .

ئەو رۆژە بەڕێکەوتین هەندێ بەجادەی خۆڵ و هەندێکجار بەجادەی قیردا ڕۆیشتین تـا کـاتژمیری دە و یـازدەی شـەو گەیشتینە گوندی) حەسـەن تەپەی سـەروو (دوای گەیشتنمان بەوگوندە لەدوای کـاتژێر 12ی شـەو ، کـاک خلیـل کۆبـوونەوەیەکی پێکـردین و ئەرکەکـانی دابەشـکرد، گـوتی سـەرەتا بـڕۆنماڵەکـان ئاگـاداربکەنەوە ئەم شـەو لەکـاتژمێری سـفر لەهەلاج و دابـان دەدەرێـت و ئـێمەش ئەم جـادەیە کۆنترۆڵ دەکەین و ناهێلین هیمداد و هاوکاری جەیش و جـاش بچێت بۆ سورداش و شەدەڵە و ئۆمەرقەوم و هەلاج وداban و پێیان بگـات ، ئێمە بریتی بوین لە بیست پێشمەرگەی کەرتی دوی شیوەسوور ، لەتیپی 25ی خاڵخـالان لەگەڵ 11 پێشمەرگەی تیپی 23ی سورداش کە هـاوڕێ کـاوە سەرپەرشـتیانی دەکـرد ، لەگەڵ بەیـانی ئەوڕۆژە ڕێکەوتـی ١٥ /٢ / ١٩٨٥ کـاتژمێر ٧ی بەیـانی بـو ،دەیـان دەبـابە و ناقیلەو تۆپی دوور هاوێژ وفڕۆکەی هەنتەر و هەلی کۆپتەر ، لەگەڵ سەدان لەجەیش و جاشیخۆفرۆش بەهاواری هێزە پراگەندە و شکست خواردوەکەیـانەوە هـاتن ، کەلەهەلاج و دابـان بەدەسـت و بـازووی ئاسـنینی هێـزی پێشـمەرگەی) ی ، ن ،ک (شـەوی ڕابـرد خـوارد بویـان ، بەهیمـدایانەوە دەچـون ، لەگونـدی حەسـەن تەپە کەوتـنە نـاو

ئەوتەڵەو بۆسەی ئێمەوە کە بۆیانمان دانابو ، شەر لەگوندی حەسەن تەپە دەستی پێکرد ، کاک خەلیل لەدەستی ڕاستەوە ، بەندە و

، کاک عەتار قودرەتە لە ناوەراست لە پێشەوەی گوندەکە بووین ، کاک حەمەسور دوشیوانی و کاک یابەی کوێخا عارف لە پشتی پێمەوە لە ناو بەیتونەیەک بوون، و بیکەیسیەکە لەلای ئەوان بو ، لەبەیانیەوە تا ئێوارە لەگەڵ قرمەی دەنگی بیکەیسیەکەدا بەدەنگە خۆشەکەیان هەردوکیان سرود و گۆرانیان بۆ گوتین ، بۆئەوەی پێشمەرگەکان ورەیان بەرزبێت .
ئێمە دیواری چەند خانوویەکمان کون کردبوو، بە نیازی شەڕی دەستەو یەخە بووین، پێمان وا بوو ئەگەری هەیە بەشێک لەو هێزی دوژمن بێنە ناوگوندەکەوە، ئەو کاتە تەنیا تەرمەکانیان بەجێ بمێنێت یان ئێمە هەموو شەهید بین((*))،

---

*= شایانی باسە ، بەیانی پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات دیواری ئەو خانوەی کە تێیدا بوین کونمان دەکرد ، سودفەیکی زۆر سەیر ڕویدا ، لەکاتی کونکردنی دیوارە قوڕەکە قوتویەکی شیری بلارگۆن لەناو دیوارەکە بو ، لەگەڵ کەرتە خشتەکان کەوتە خوارەوە بەدیوی دوژمندا ، گوتم کاک عەتار ئەو قوتوە بەپێی ئەوەی لەناو دیوارەکەدابو پێ دەچێ شتی تیابێ وادەچم دەیهێنمەوە ئەویش گوتی کاتی شەڕە مەچۆ با شەهید نەبی ، گوێم نەدایە قسەکەی ئەو ڕۆیشتم قوتوە شیرەکەم هێنایەوە ، سەرقەپاغی قوتوەکەم هەڵپچڕی بینیم) 500 (دیناری سویسری ئەو زەمانەی تێدا بو ، هەر لەوێ کاک عەتار و کاک حەمەسوور و کاک یابەم ئاگادار کردەوە ، کە لەو قوتوەی ناودیوارەکە شاردرابوەوە) 500 (دیناری سویسریم دۆزیوەتەوە ، ئێوە ئاگاداربن نەکا شەهیدبم لەپاش شەهید بونم ئەم پارەیە لەگیرفانم دەری بهێنن و بڵێن فەخرەدین سمایل بەگی پارەی خەڵکی بردوە ، دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ئێوارەکەی بەکاک خەلیل مان گوت ئەویش بە بەروسکە دایە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ، لەڕادوێوە بڵوکرایەوە کە لەگوندی حەسەن تەپە بڕێک پارەی سویسری دۆزراوەتەوە ، هەرکەسێ خۆی بەخاوەنی دەزانێت باپەیوەندی بە کەرتی دوی شیوە سوور تیپی 25ی خاڵخاڵانەوە بکات .
ڕۆژێک دوان دوای ئەو چالاکیە کەرتەکەمان لەگوندی قازان بوین ، لەناو مزگەوتەکە خەوتبوم لەخەو بانگیان کردم گوتیان کاک خەلیل بێدەری ئیشی پێتە ، لەخەو هەستام و چومە دەرەوە بۆلای کاک خەلیل ، بینیم پیاوێک بەتەمەن لەلای دانیشتووە ، چومەلایان و سڵوم کرد ، کاک خەلیل گوتی ئەم پیاوە هاتوە و دەڵێت پارەکە هی

ئەو رۆژە تا ئێوارە شەڕبوو ، نەیانتوانی بێنە ناو گوندەکەوە، لە قوتابخانەی گوندەکە نزیکبوونەوە ، کە دوو سەد مەترێک لە دەرەوەی گوندەکە بوو، تانکێک لەبەر دەرگای قوتابخانە راوەستا، بە دۆشکە تەقەی لێمان دەکرد، کاک خەلیل گوتی سەیر بکەن چۆن لەو تانکە دەدەم، ئار پی حییەکی پێ بوو، چووە سەر بەرمیلە نەوتێک بە یەکەم گولە ئارپی جی گڕی لە تانکەکە بەردا، ناقیلەیەک لە پشتی تانکەکەوە بوو، بە دۆشکە تەقەی لە کاک خەلیل کرد ، دەورو پشتی بووە ئاگرو تۆزو خۆڵ وامزانی شەهید بوو،هاواری کرد سەلامەتم ئێوە تەقە لە سەربازەکان بکەن لە تانکەکەوە بۆ لای ناقیلەکە هەڵدەهاتن ..دوواتر تانکەکەیان راکیشا و بردیان ..

ئەو هێزە کشایەوە، ئێمە یەک شەهیدمان هەبوو بە ناوی عەبدولخالق(نازناوی پیشمەرگایەتی ئاسۆ) لە تیپی بیست وسێی سورداش بوو لەو یازدە پیشمەرگەی لەگەڵمان بوون، ئێمەش چوار بریندارمان هەبوو، کاک حوسێن بازیانی و کاک محمد ناروجە بە

منە ، منیش گوتم باشە چۆن بزانم هی ئەوە؟ ئاناو و نیشانی نەڵێت ، بەداخەوە ناوی کابرام لەبیرنەماوە گوتی پارەکە بڕی) 500 (دیناری سویسریە و هەمووی 5 دیناریە و لەناو قوتویەکی شیری بلارگونە لەناو دیواری ماڵەکەم شاردبومەوە ، ماڵەکەمان لەناوڕاستی گوندەکەوەیە یەکەم خانوی لای پێشەوە تراکتۆرێکی شکاو لەپێش خانوەکەیە ، گوتم واللە ناونیشانەکەت تەواوە ڕاستەفەرموی ، کابرا لەخۆشیان پەلاماریدا و باوەشی پێمداکرد و ماچی کردم ، پارەکە لەلای کاک خەلیل بو دایەوە دەستی کابراکە ، پاشان کابرای خاوەن پارە پارەکەی نایەوە بەردەستم گوتی گەرنت نازابێت چەندت پێویستە هەڵگرە ، گوتم ئێمە پێشمەرگەین گیان خۆمان لە پێناوی نان نازادی بۆ ئێوە کردۆتە قوربانی ئەرکی قورسمان وەک حەسانەوە و خواردن و جل وبەرگ شۆڕدنمان لەسەر خەڵکی لادێی وەک ئێوەیە ئەوە بەسە بۆ ئێمە گەر پێی بزانین ، زۆر هەوڵیدا قبولم نەکرد ، کاک خەلیل هەستایەوە و گوتی پێشمەرگە دەبێت دەست پاک و خاوەن بیرو باوڕبێت ، ئەم پێشمەرگەیە یەکێکە لەنمونە جوان و دەست پاک و بەبیر و باوڕەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەخانەوادەیەک پەروەردە نەکراوە چاوی لەماڵی خەڵک و خواردنی بێت .

داوای لێبوردنەوە ناوی دووانەکەی دیکەم لە بیر نەماوە نازانم کێ بوون بەڵام بە دڵنیایی چوار پێشمەرگەمان بریندار بوون. بەسەرکەوتنی ئێمە کۆتایی هات و نەمانهێشت ئەو هێزە فریای هێزە شکستخواردووەکەیان بکەون ، جگە لەوەی ئەو هێزەی دوژمن زیانی گیانی و مادی زۆری لێکەوت کە لەبەرچاوی خۆمان تانکێک و ناقیلەیەک و ئیفایەکی سەربازی سوتێنران ، تەخمینی ئەو کاتە بەلایەنی کەمەوە حەفتا سەربازو ئەفسەرو پلەداریان کوژران ، چونکە هەر هێرشێکیان دەکرد بە تەرم و بریندارەکانیانەوە دەکشانەوە هەروەکو لە هەواڵەکانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەو رۆژەدا ئاماژەی پێکرد..

٥- هاوینی ١٩٨٥ و هەڵمەتی هێنانی ئۆتۆمبێل :

لە هاوینی ١٩٨٥دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو لایەکەوە سەرقاڵی چالاکی و دەستوەشاندن لە رژێم و پیشاندنی هێزی خۆی بوو، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان سازش لەسەر ماقە رەواکانی گەلی کورد ناکات و ئامادەی قوربانی دانە، ئێمەش لە کەرتی دووی شیوەسوور، ژمارەمان نزیکەی شەست پێشمەرگە دەبوو، وەکو پێویست ئۆتۆمبێلمان نەبوو، لەو کاتەشدا بە هۆی بانگەوازەکان و بە پەلە گەیشتن بە سەرکردایەتی و بە شوێنی چالاکیەکان ئۆتۆمبێل زۆر پێویست بوو ،رۆژێک لە گوندی گۆپتەپە کاک مەلا وەیسی فەرماندەی کەرتی دووی شیوەسوور کۆبوونەوەی پێکردین ، ئاماژەی بە جۆری چالاکیەکان کرد، یەکێک لەو جۆرە چالاکیانە دانانەوەی بۆسە بوو، لەسەر رێگا گشتیەکان و گرتنی ئۆتۆمبیلی بەرپرسان بوو، بۆ ئەم مەبەستە چەند مەفرەزەیەکی بچوکی دوو

پێشمەرگە یان سێ پێشمەرگە دیاری کران، و هەر مەفرەزەیەک ئازاد بێت لە دەستنیشانکردنی شوێنی چالاکیەکەی ، ئەوەی لە بیرم مابێت کاک خاڵە جەبارو دوو پێشمەرگە بوونە مەفرەزەیەک و ئەوان رۆیشتن ، بۆ رۆژی دوواتر من و کاک حەمەسوور دوشیوانی بووینە مەفرەزەیەک ، پێکەوە دەرچووین وبریارماندا لەسەر رێگای سەرەکی شوان -تەقتەق بۆسەیەک دابنێین، ئیتر لەگوێتەپەوە بەسواری سەیارەیەک هەتا گوندی گەڵناغاج هاتین .

لەوێوە تاحاوی گوندی قەرناو بەپێیان ڕۆیشتین ، لەجادەی تەقتەق – شوان لە ناوقەمیشەکانی سەرجادەی حاوی قەرەناو بۆسەیەکمان بۆ پیاوانی ڕژێم دانایەوە ، من بەئاراستەی جادەکەی بەرەو لای تەقتەقەوە دەمڕوانی – کاک حەمەسوور بەئاراستەی جادە بەرەو لای شواندادەمڕوانی ، کاتێک سەیارەیەک لەجۆری پیکاپ بە ئاراستەی کاک حەمەسوولە شوانەوە هات و لێمان تێپەڕ بو ، گوتم حەمەسوور ئەمە بۆ؟ خۆسەیارەیحکومەت بو ، بۆ نەچویتە پێشی و ڕایگری ، گوتی وەڵلا نەمزانی سەیارەیڕژێمە ، دوای نەختێک چاوەڕوانی تر لەهەمان ئاراستەی کاکحەمە سوورەوە سەیارەیەکی لاندکرۆزەری مۆدیل نوێ هات ، پێش ئەوەی بگاتە ڕاست ئێمە ، هەردوکمان گورج هەستاین و چەکمان ڕاکیشاو چوینە پێش سەیارەکە و بەرەو ئاراستەی شۆفێری سەیارەکە چەکەکانمان ڕاگرت ، سەیارەکە لەترسا وەستا و جگە لەشۆفێرەکە یەک کەسی تر لەناو سەیارەکەبو ، دەستیان بەرز کردەوە و تەسلیم بون ، دەستمان بەسەر سەیارەکەداگرت ، سەیارەکە هی ئامر قاتعی جەیشی شەعبی بو ، هەردوکیان جەیشی شەعبی بون ، بەعەرەبی پێیانم گوت) انزل

(ئەوانیش دابەزین ، من سویچەکەم لە شوفێرەکە وەرگرت و چومە شوێنی ئەو ،کاک حەمەسوور هەرکە گوێی لە وشەی انزل بو ، دوای دابەزینی ئەوان ئیتر لەسەریەک دەیگوت) گەواد بۆ انزل نابن (ئەوانیش زۆر دەترسان ، بەعەرەبی بەمنیان گوت ئەوە چی لێمان دەوێت ؟ گوتم حەمە چیت لێیان دەوێ و ئەوان چیبکەن ؟ گوتی بۆ انزل نابن ، گوتم ئێ ئەوەنیە دابەزیون ، گوتی کورە من مەبەستم ئەوەیە سەرکەونە ناوسایەرەکە ، بەعەرەبی پێیانم گوت:) یاڵلا اصعد (و ئەوانش سوارسەیارەکەبون . ئەو کاتە کاک خەمەسوور عەرەبی نازانی ، خۆتان دەزانن لە چواردە پازدە ساڵیەوە وازی لە خوێندن هێنابوو ، پیشمەرگە بوو ، تێکەڵاوی لەگەڵ عەرەy نەبوو ، تا دووای راپەرین و رووخانی حکومەتی بەغدا خوێندنی تەواو کردو فێری زمانی عەرەبی بوو ،دوواتر بووە ئەندام پەرلەمانی عێراق..

سواری سەیارەکە بوین ، من سەیارەکەم لێخوڕی و کاک حەمەسوور لە تەنیشتم دانیشت و دوو جەیش شەعبیەکەمان لە دوواوە دانا، هیچیان پێ نەبوو، زۆر دەترسان، و ڕۆیشتین بەرەوە گوندی) ئۆمەرمەندان (لەنزیک تەپە گردی) بۆزتەپە (لەنێوان جادەی گشتی شوان – تەقتەق و گوندی ناوبراو هەردو جەیشی شەعبیەکەمان بەڕێزەوە و بەبێ ئازاردان ازادیانمانکرد کەلوپەلەکانی خۆیانمان پێدانەوە ، ئەوان بەرەو جادەی قیرو ئێمەش سەیارەکەمان برد و ڕۆیشتین بۆ گوندی ئۆمەرمەندان و تورکمان باخی ناوشوان ، لەگوندی ئۆمەرمەندان لەماڵی (عومەر عەبدوڵلا) نانمان خوارد ، دواتر ڕۆیشتین ، کەمێک لەگوند دور کەوتینەوە

گوێمـــان لەدەنگـــی تەقانـــدنی فیشـــەکێک بـــو بەســـەرماندا ، کـــاک حەمەسوور خێرا دەستی بۆ تفەنگەکەی برد ، گوتی ئەها وڵڵا لەخۆشـــی ســـەیارە تفەنـــگەکەم لەمـــاڵی عـــومەر لەبیرکـــردوە ، بەپێکەنینەوە وگەڕاینەوە تفەنگەکەمان هاوردو کەوتینەوە ڕێ و ڕۆیشتن و گەیشتینەوە کەرتەکەمـان و سـەیارەکەمان تەسلیمی کـاک مەلا وەیسی و کەرتەکەمان کرد .

٦ـلەسەروبەندی قۆناغی چواری ئەنفالدا:

لە کۆتـایی مـانگی نیسـانی ١٩٨٨ مـن مۆڵەتبـوم ،بە نیـازبووم چەنـد ڕۆژێـک لە مـاڵ بم، هەواڵـی هێرشـەکانی گەرمیان بلاوببـوەوە، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەو شاڵاوە دڕندانەو قڕکردنی مرۆییە نـاکرا، لەو کاتەدا بێ دەنگی و ئـارامیەک هەبوو ، بەڵام ئەو ئـارامیە بۆ خۆ ئامـادەکردن بـوو لە لایەن ڕژێمـی عیـراقیەوە بۆ ئەنفالی چـوار، ئەو شـاڵاوەش هێنـدەگەورەو کارەسـات بـاربو ،تەواوی خەڵـکەکەی لە یەک دابـڕی ، بەوهۆکـارەوە هێـزی پێشـمەرگە پەرتەوازەبـوین ،هەر مەفرەزەو دەستەو پیشمەرگەیەک لەو چرکە ساتەدا لە کـوێ بـوو، زۆر زەحـمەت بـوو بتوانرێـت تەواوی هێـزەکە کـۆ بکرێتەوە، بۆیە من بـۆ بەنهێنـی مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک لە نـاوچەی شـوان ئاقـاری گونـدی نـاروجە، مـامەوە، نە ئـاو و نە خـواردن و نە ئـاوەدانی و جوڵەی تێد نەمابوو، ئاگامـان لە کەسوکارو هـاوڕێ و یەکتـر نەمـابوو، پەیوەنـدیەکانمان نەمـابوو، هەواڵـی دایکوبـاوکم نەدەزانی، بەڵام خۆشبەختانە ئەوان لە یەکەم ڕۆژی شاڵاوی ئەنفالی چواردا لە سمایلبەگی نەمابوون ، خۆیان گەیاندبووە تەقتەق و

دوواتر کەرکوک رزگاریان بوبو، هەواڵی ئێمە گەیشتبووە ئەو هێڵەی رێکخستن کە پیشتر ئاماژەم پێکرد ،ئەوانیش بە ناوێکی ترەوە پسولەیەکی ساختەیان بۆ کردبووم، کاکم عاسیان ناردبوو بەشوێنما لەهەڵەتی ناڕوجە هاتە لام و ئاگاداری کردمەوە ، کەسبەی شەو لەنزیک جادە شوێنێکمان دیاری کرد ، کاکم عاسی ڕۆیشتەوە شەوی دواتر لە ڕۆژی ٤/٥/١٩٨٨ بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی کرۆنە گەیشتنە سەر جادەی شوان تەقتەق ، کاکم عاسی منی تەسلیم ئەوان کرد، منیان گەیاندە تەقتەق ،بازگەکان زۆر ترسناک بوون، منیش ریشم هاتبوو، برسی بووم ،دیار بوو لە چۆڵەوانیەوە هاتووم، بۆیە لاماندایە ماڵی کاک أحمدی ئامۆزام لە تەقتەق ،ئەوەی شایانی باسە ، دراوسێی ماڵی (نوری مەحمـوود) ناسراو بە (نوری غەزالی) پیاوی حکومەت بو ، لە پێش دەرگای ماڵی ئەحمەد ئامۆزام دابەزین سەیارە نەدەچوە ژورەوە ، پێش ئەوەی بچمە حەوشەوە ، نوری غەزالم لەپیش دەرگای خۆیان بینی وەستابو ، خۆم لەگێلی داو خێرا سەرم شۆڕکرد بۆئەوەی ئەم بینێ و بچمە ژورەوە و نەمناسێت ، چونکە ئەو دەیانگوت پیاوی ڕژێمە و منیش پێشمەرگەبوم لە راستیدا زۆر ترسام ، کەچی ئەم زانی ئەو بەباشی منی بینیوە وسەیرم دەکات و دەم ناسێت ، پێی گوتم کوڕی باش هەر سەلامێک بکە ، لەگەڵ ئەوەدا ڕاچەڵەکیم و ڕوح هاتە کونا لوتم ، بەڵام دواتر واهەستم کرد ئەوقسەیەی بەواتەی ئەوە بو نیەت باشی خۆی دەربڕی ، بەڕاستی ئەگەر بیویستایە دەیتوانی بەگرتم بدات و دەبوە باشترین چالاکی بۆ ئەو ، بەڵام هەستی کوردایەتی و ڕێزی جیرانەتی کاک ئەحمەدی ئامۆزام و ویژدانی بەکارهێنا ، جگە لەبێ دەنگی لەئاست من ، وەک

دواتر لەكاك ئەحمەدی ئامۆزام زانیمەوە خەڵكی تری گیراوی ئەنفالی لەناو زەراعەكەی تەقتەق ڕزگاركردبو .
ئەو شەوە یەكێك بوو لە شەوە زۆر ترسناكەكانی ژیانم ، لەو ڕۆژانەدا تەقتەق بۆنی خوێنی لێ دەهات، ماڵی ئەحمەدی ئامۆزاشم زۆر دەترسان ،سەربازگەكانی پڕبوون لە گوندنشینان،جاش و مەفرزە خاسەو پیاوانی ڕژێم بە كۆڵانەكاندا دەسورانەوە، بۆ بەیانی منیان گەیاندە رانیە ،رووم كردە ماڵی كاك عەلی احمد شكاك كە یەكێك بوو لە بن عامەكانی خۆم و خەڵكی ئیسماعیلبەگ بوو ، بە هۆی رووخانی گوندەكانەوە لە رانیە نیشتەجێ بوبو.

٧-سەختی سێ رۆژەكەی رانیە:

بە هۆی پێشمەرگایەتی پێنج شەش ساڵێك بوو ئێمە ناوشارو قەرەباڵغی و دەنگی ئۆتۆمبێل و ژاوەژاو و ژیانی لەو جۆرەمان نەبینیبوو ، بە تایبەت لەو دۆخەی مندا زۆر ترسناك بوو، نە شارەزای دەرچوون بووین و نە چاوساغێك دەست دەكەوت و نە پارەم پێ بوو ، لە لایەكی دیكەوە نە شوێنی خۆحەشاردان و ڕێگای دەربازبوون هەبوو ، هەر ئوتومبێلێك رادەوەستا وا هەستم دەكرد بۆ گرتنی من هاتوون، لەو دۆخە هەستیارو ناخۆشەدا برادەرێكی زۆر خۆشەویستم هاتە ماڵی كاك عەلی ، كە ناوی (س ، س ، ك) بو ، زۆر دڵخۆش بووم ،یەكترمان بینی وچاك و چۆنیمان كرد و گوتم یاخوا بەخێربێی ، گوتی چی دەكەی لێرە ؟ گوتم فریام كەوە دەڵێن بەیانی حكومەت گەڕان و پشكنینی ماڵ بەماڵی شاری ڕانیە دەست پێ دەكات ، بەڵكو بتوانی ئیستا بڕی (دوسەت تا سی سەد دیناری

سویسریم بدەیتێ ، یا بۆم پەیدایکەی ، دواتر بڕۆ ئەم پارەیە فڵان کەس وەربگریتەوە ، کە باش دەیناسی گوتی بەسەرچاو و ڕۆیشت ، ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشت نەهاتەوە !نە خۆی پرە پارەیەکی پێدام و نە چوو بۆم وەربگریت، لە کاتی تەنگانەدا من چاوەروانی زیاتر بووم لەو برادەرەم بە لام بە داخەوە وا دەرنەچوو..

٨-ناچاری و ڕێکردن بە ناو ناگردا:

لەماڵی کاک عەلی شکاک بوم لەڕانیە ، هەواڵ بڵاوبوەوە بەیانی چواردەوری ڕانیە دەگیرێت و حکومەت گەڕان و پشکنینی ماڵەکان دەست پێ دەکات

بەدوای خەڵکی دەرەوەی رانیەدا دەگەڕێت ،ئیتر منیش و ماڵی کاک عەلی وەزعمان تێکچوو، ناچاربووم بڕیار بدەم و بڕۆم بە هەر شێوەیەک بێت لە رانیە دەرچم ، سەرەتا پێویست بوو لە شوێنێک هەندێک پارە پەیدا بکەم ، لە چرکە ساتانەدا برادەرو دۆستێک بە خەیالتدا دێت دەزانیت بە دەنگتەوە دێن، زۆر بە دڵتەنگی لەوماڵە ڕۆیشتم و چومە گەراجی ڕانیە - کۆیە و سەیاریەکی تایبەتم بەکری گرت بە (7) دیناری سویسری ، شۆفێرەکە گوتی بۆ سەیارە بەخسوسی دەگریت گوتم باوکم ئەمری خوای کردوە .

سواربوین و بەڕێکەوتین بۆ کۆیە، لەڕێگە کەوتینە سوالفەو قسەکردن ، گوتم بازگەکان چۆنن گوتی مەترسە هەموویان دەناسم برادەرمن ، گوتی بۆ دەترسی گوتم دوژمنکارم ، گوتی خەمت نەبێ وەڵڵا ناهێلم هیچت لێ بەسەربێت مادام لەگەڵ من هاتی ان شاءالله

بەسەلامەتی دەتگەێنم یا پێکەوە دەمرین یا پێکەوە دەگەین ، هەستم کرد پیاوێکی بەمەوقیف و باشە ، فکرم گۆرا گوتم کەوایە بمبە تۆ تەقتەق ،خەیاڵی دۆستێکی دیکەم کرد، بە سەلامەتی گەیشتین و چوینە پێش دەرگای یەکێک لە خزمە خۆشەویستەکانم ،خێرا دابەزیم و بە شۆفێرەکەم گوت کەچاوەڕێم بکات ئێرە ماڵی خۆمان نیە ، چومە ژورەوە هەمـوو سەریان سوڕما ، گوتیان چۆن گەرایتەوە ؟ خێرا وەرە ژوورەوە ؟ باش بوو خۆی لە ماڵ بو ، گوتم بە پەلە دوو سەد دینارێکم بدەنێ دەڕۆم ..

خێرا پارەکەم لێ وەرگرت و گەڕامەوە و سواری سەیارەکە بوم و گوتم بگەڕێوە بۆ ڕانیە ، گەڕاینەوە بەرەو ڕانیە ، لەناو تەقتەق لەهەورازی پێش دائیرەی کارەبای کۆنی تەقتەق کەوتینە ناو مەفرەزە خاسەی عەبە کارەباچیەوە خوارەحمی کرد ڕامانیان نەگرت و ڕەتبوین و بەسەلامەتی دەرچوین و ڕۆیشتین بەسەلامەتی گەیشتینەوە ڕانیە ، لەڕێگەی گەرانەوە کەوتینە گفتو گۆکردن ، گوتی تۆ گوتت باوکم مردوە کەچی وانەبو ، کە بۆم دەرکەوت پیاوێکی بەمەوقیف و کورد باشە ، گوتم ڕاستەکەی ، لەگەراج لەترسی شۆفێرەکانی تر گوتم باوکم مردوە ، بۆئەوەی هەست بەهیچ نەکەن ، بەڵام کەوایە ڕاستت پێ بڵێم من پێشمەرگەی دابڕاوم دەمەوێت بڕۆم بۆ سەر سنوور و بگەمەوە قاسمەڕەش پارەم لێبڕابو ، بۆ پارە ئەم ڕێگا ترسناکەم بڕی ، ئەگەر بکرێت بمگەێنیتە گەراجی ڕانیە - تویە سووران پیاوەتیەکی چاک دەکەیت ، پیاوێکی زۆر بەهەڵویست بو ، دوای ئەوەی کەزانی پێشمەرگەم پارەی لێوەرنەگرتم و پارەکەی

بۆرمتکردمەوە و گوتی منیش لە خۆتانم و ناوم عادیل کریم خانچیە و خەڵکی کۆیەم و پەیوەندیم بەکاک رەهبەری سەیدبرایمەوە هەیە .
بەڵام من قەبولم نەکرد پارەم بەزۆر داپێی کەپارەکەی وەرگرت ئاگام لێبو لەدڵیریا چاوەکانی پڕ بون لەئاو ، گەینادمیە گەراجی تویە سووران کاتێک گەیشتمە گەراجی توە سووران ،تا رادەیەک هیواو ئومێدم هاتەوە بەرو هەستم کرد بەرەو رزگاری دەرۆم، لەوێ بەسەیارەی خەت رۆیشتمە تومسوران ، خەڵکی میوان دۆست و بەرێز بوون ، لەو رۆژگارەدا ببوە ناوەندی گواستنەوەو پەیوەندی نێوان باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێکی زۆری ئەوانەی بە هۆی زوڵم و ستەمی حکومەتی عێراقیەوە کۆچیان دەکرد بە تومسوراندا تێدەپەرین.

٩- لە توەسورانەوە بۆ بناری قەندیل و سەرکردایەتی :

کە گەیشتمە تومسوران ،چومە ماڵی هەردو برایانی بەرێزم کاک) حەمەزیاد کانی تو و کاک عومەرە سوور کانی تو (کە دوو ماڵی خانەدان و خاوەن پێگەو قۆناغی پەرینەوە بوو ماڵیان، لە ماڵی ئەواندا مرۆف هەستی بە ئارامی و هێمنی دەکرد، کاک حەمەزیاد و کاک عومەر دوو کەسایەتی کوردپەروەرو نیشتمانپەروەر بوون، زۆر بەداخەوە لە کەمتەرخەمی و سەرقاڵی ژیان و نەخۆشی خۆم ، نەمتوانی دووای راپەرین و لەوماوەیەدا سەردانیان بکەم ، لە نزیکەوە خزمەتیان بکەم و لە هەواڵیان بپرسم ، ئەوەندەی دەزانم کاک) حەمەزیاد (لەژیان نەماوە .
لەرێگەی کاک حەمەزیاد و کاک عومەرەوە ، بە ئۆتۆمبێل منیان گەیاندە گوندی ماخۆبزنان ،لەوێ پشویەکمدا، بەڵام نەمامەوە،

خێرا لەرێگەی قاچاغچیەکانی نێوان سنوور بەسواری هێستر گەیشتمە گوندی سوورەدێ لەبناری قەندیل .
لەوێوەش بۆ) گۆرتسوی و تاتی دۆ (ئەم دیو و ئەو دیوی قەندیل ، پاشان بەرە و دواقوناغ دۆڵەکۆگێ و گوێزێی سەرسنوور بو ، لەوێ پەیوەندیم بەسەرکردایەتیەوە کرد ، کەچومەوە سەرکردایەتی لەوێ بارەگایان بۆ پێشمەرگەکان کردبوەوە ، ماوەیەک لەوێ مامەوە لەکەس وکار دابڕاین وئاگامان لێیان نەما کەئەوان چیان بەسەرهاتوە ، بۆیە داوام لەمەکتەبی سیاسی کرد کەمۆڵەتمان بدات لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی) عبدالرحمن سالح سمایل بەگ (ی ، بەنهێنی و بە قاچاغ بگەڕێینەوە کوردستان ، تا لەرێگەی ئەو دو ماڵە ناسیاوەمانەوە کەلە ئۆردوگای تومەسووران بون ، هەواڵی بۆ ماڵەوەمان بنێرین بەڵکو بتوانین بیان بینین ، ئەوانیش مۆڵەتیان پێداین .

١٠ - جارێکی دیکە لەسەرکردایەتیەوە بۆ تومەسووران :

لەسەرکردایەتیەوە کەوتینە رێ و گەراینەوە بۆ تومەسوران ، قاچاخچیەکانمان دۆزیەوە لەرێگەی ئەوانەوە گەیشتینە گوندی ماخۆبزنان و هەر لەرێگەی ئەوانەوە هەواڵی ئەوەمان زانی کە جاشەکانی رەبییەکانی بەدیار گوندی ماخۆبزنانەوە زۆر باشن و سەلامەتن و دەنگی کەس ناکەن بەبێ چەک هاتو چۆبکات ، بەڵام ئێمە بەچەکەوە هاتین بەرەو تومەسووران بەیانی زو گەیشتینە نزیک تومەسووران و چەکەکانمان لەشوێنێکی باش شاردەوە ، بەپێ هاتین بەنێوان رەبیکانی جاشەکاندا بچینە ناو تومەسووران ،

لەنزیـک ڕەبیەکـان دانیشـتین ، جاشـەکانی نـاو ڕەبـیەکە بینیمانیـان و کاتێک چەکدارێکی گەنج لەڕەبیەکە هاتە خوارەوە و هـات و گەیشتە لامان ، زۆر ترساین ، گوتـی ئێوەکێن؟ ، ئێمەش گوتمـان هیچ نین و پیاوی فەقیر و هاوڵاتین ، دوژمنکارین و لەگیانی خۆمان دەترسین و دەمانەوێت بچینەوە نـاو تومەسووران ، گوتـی کـاکە گیـان ئێوە میوانی مـنن ، پێشـمەرگەبن فیـراربن یـا دوژمنکـار هەرچـیەکن ، دەنێـرم لەبــازاڕ نانتــان بۆبێــت ، ئــێمەش زۆر ترســاین گوتمــان نــاوەڵڵا سوپاسـتەکەین ئەو عەزیـتە مەکێشـە ، گـوتی قەت نابێـت و مەجـالی تێدانیە میوانی منن ، ئەمان ویست زۆر ئێنکاری بکەین خۆمان دایە دەسـتی قەدەرو بەترسـێکی زۆرەوە و بەناچـاری لەگەڵ ئەوجاشـەدا ڕۆیشـتین وچـوینە نـاو ڕەبیەی جاشـەکان ، وەک پیـاو خـاوەن قسـەی خۆی بو ، ناردی لەبازار نان و کەبـاب و گۆشتمان بۆ هـات ، گـوتی کـاکە مـاڵم لە سەنگەسـەرە دەچینەوە مـاڵ و سـەیارەم هەیە ماڵتـان لەهەرشــوێن و پارێزگــایەکە ناونیشــانی خۆتــانم پێبــدەن دەچــم کەسوکارتان بـۆ دێنمە مـاڵی خۆمـان ، گوتمـان زۆر سـوپاس ماڵـت ئاوابێـت تـۆ چـاکەی خـۆت لەگەڵمــان کـرد ، بەس بمـانگەێنە نـاو تومەسووران لەوێ خەڵک و خزمی خۆمان هەیە ، ماڵی ئاوابێ
نەیپرسی خزمەکانتان کێن ! ئەو گەنجە هەرچەندە و چەکی بۆ ڕژێم هەڵگـرت بـو ، بەڵام بەوێـژدانەوە دەڵـێم گوناحـا بەو جۆرەکەسـانە بگوترێت جاش کەبینیمان زۆر کەسێک ڕێکوپێـک و دڵسۆز دیـارە ، بەنهێنـی پـێم گـوت لێـت ناشـارمەوە ئـێمە پێشـمەرگەی تیپـی 21ی کەرکوکین ، گوتی وەڵڵا مادام پێشمەرگەی 21 بیستوویەکبن ، زیـاتر خزمەتـان دەکەم و نـاهێلم بـڕۆن دەبێـت ئـیللا لەمـاڵی ئـێمەبن ، زۆر

سوپاسم کرد گوتم ئەوەندە بەسە بۆئێمە کە زانیمان ئێوە خەڵکی باشن و لەخانەوادەیەکی کورد پەروەر و خاکین، بۆ ئێوارە بەسەیارە گەیاندمانیە ناو تومسووران ، ئیستا نیگەرانی ئەوەم ، خۆزگە بمزانیبایە ناوی چی بو ! ، ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان بو ئەوە بو ، بەبێ ئەوەی بمان ناسێت و پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبێت ئەو چاکە و مەردایەتییەی لەگەڵمان کرد ، لێرەوە ڕێزم بۆی هەیە و چاوەکانی ماچ دەکەم ، ئەگەر ماوە و ئەم کتێبە ببینێت و بیخوێنێتەوە بیری بێتەوە ئێمەش بیناسین و بزانین کێیە خۆشحاڵ دەبین ! ، دواتر چوینە ماڵی کاک حەمەزیاد کانی تویی و کاک عومەر کانیی تویی ، چوار پێنج ڕۆژ لەوێ لەماڵی ئەوان ماینەوە ناردمان دایکمان و کەسوکارمان هاتن و چاومان پێیان کەوت و هەواڵی یەکترمان زانی ، پاش بەیەکترشادبونەوەمان بەتایبەتی لەگەڵ دایکمان ، دواتر بەهەمان ڕێگەی پێیدا هاتبوین گەڕاینەوە و چەکەکانمان هەڵگرتو ڕۆیشتین بەسەلامەتی گەیشتینەوە سەرکردایەتی لەسەر سنوور .

١١-شەڕی شاخی قەندیل بەرانبەر گوندی پشت ناشان:

دووای گەیشتنمان بە سەرکردایەتی لەوێ هێزێکیان بەفەرماندەیی) شێخ دارای شێخ جەلال (دورستکرد بو ، من خرامە تەشکیلە ئەو هێزەوە و کەوتمە تیپی 29ی کەڵکەسماق ، هێزەکەمان ڕۆیشت بەرە و بناری قەندیل .

زیاتر لەدو مانگ لە (بناری قەندیل ، شاخی ساوێن ، قڕناقەو پشت ناشان ، بن شاخان) ماینەوە ، تیپی پارێزگاری و تیپی 31ی سلێمانی ،شاخی ساوێن- یان پێ سپێردرا بو ، تیپی 29ی کەڵکەسماق یان ، بۆ

پشودانی ئەو دو تیپە دانابو ، دوژمن بەهێزێکی زۆری بێشوماری جەیش و جاش و بەپشتیوانی چەکی ڕاجیمە و سەدان تۆپی دوور هاویژ و هاوەنی 60 بۆ 80 ملیم و فرۆکە جەنگیەکان و چەندان هەلیکۆپتەر ، لە 31 / 8 / 1988 لەهەمو لایەکەوە لە کاتژمێر 7ی بەیانیەوە هێرشێکی بەربلاوی بەدرێژایی شاخی قەندیل بۆسەر هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەست پێکرد تا کاتژێری 8ی شەو شەر درێژەی هەبو .

لەهەمانکاتدا لەقۆلێکی ترەوە ڕژێم هێرشی بۆسەر مەلبەندی سێ کردبو ، کە تیپەکانی 86ی دەشتی هەولێر 87ی قەرچووخ بەشێک لە 21ی کەرکوک بەرگری قارەمانانەیان لێ دەکرد ، شەڕەکە بوبوە شەڕی بەرمیی لە نێوان ڕژێم و هێزەکانی یەکێتی دا ، لەتیپی 29ی کەلکەسماق دو پێشمەرگە بەم ناوانە شەهید بون (عبدوڕەحمان سالح قادر سمایل بەگی) و ، (فەلاح محمەد ئەحمەد سمایل بەگی) دوو پێشمەرگەی تریش بریندار بون ، کەیەکیان خۆم (بوم و ئەویتر ناوی (سالح حەسەن رەسول سمایلبەگی) بو ، کە هەر چوارمان خەلکی یەک گوند بوین ، هەروەها کاک (ئازاد هەورامی) ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەهەمان ڕۆژ لەبناری قەندیل ، لەشاخی کونەکۆتر شەهید بو ، زیانی دوژمن یەکجار زۆر بو ، لەبەردەستی ئێمە تەرمی 15 کوژراوی ڕژێم هەبو .

بەهۆی برینەکەمەوە گواسترامەوە بۆ سەرسنوور ، بەلام هێزی پێشمەرگ تا ئۆکتۆبەری 1988 لەوێ مانەوە و ناوچەکە لەژێر کۆنترۆلیاندا بو .

دروود بۆگیانی شەهیدان) ئازاد هەورامی و عبدورەحمان و فەلاح (وتیکرای شەهیدانی کورد و کوردسان ، سەرشۆڕی و ڕوڕەشی بۆ خیانەتکارانی ئەوسا و ئیستا .

بیرەوەریەکانی نەقیب بیبانی

هەنگاوی یەکەم لەکۆتایی مانگی 7 و سەرەتای مانگی 8ی 1988 تا کۆتایی 20 /12 / 1988 بە پارتیزانی لەسنوری کەرکوک - ناوچەکانی شێخ بزێنی و شوان و بناری خاڵخاڵان و قەڵاسێوکە ماینەوە و بەردەوام بوین .

لەڕێکەوتی 5 / 4 1988 کەشاڵاوی چواری قۆناغی ئەنفال ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و چەمی ڕێزان و قەڵاسێوکەی تاپردێ و ناوچەی بەری کۆیە و ڕۆخی زێی بچوکی گرتەوە ، پێشمەرگەکانی تیپی 21ی کەرکوک و تیپی 25ی خاڵخاڵان لەتەواوی ناوچەکانی شوان ، ناوشوان و ، شێخ بزێنی خواروو و سەروو - بناری خاڵخاڵان ، ناوچەی قەڵاسێوکە ، بەرە و مەڵبەندی 3 پاشەکشیان کرد ، بەشێکی کەم وەک مەفرەزەی بچووک لە هەڵەت و دۆڵ و ئەشکەت و چەم و لێرەوارەکانی ناوچەکان مابونەوە .

لەکۆتایی مانگی 8ی 1988 کەشاڵاوی ئەنفال مەڵبەندی سێی لە دۆڵی بالیسان و ناوچەی خۆشناوەتی گرتەوە و شەڕی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و ڕژێم لەبناری چیای قەندیل دورست بو درێژەی کێشا ، هێزی پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیان کرد ، ڕێگە لە پێشمەرگەکانی تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخاڵان گیرا کەبەرەو سنوری عێراق – ئێران بڕۆن و ئاودیوی دیوی ئێران بن ، بۆیە بیریان لەوەکردوەوە بگەڕێنەوە دەشتی هەولێر و کەرکوک

وگەرمیان ، کە گوندەکانی ئەو ناوچانەش شاڵاوی ئەنفال بەتەواوەتی کاول و وێرانکرانی کردبو ، خەڵکەکەی هەڵاتبون و ئاوەدانی لەناوچەکەدا نەمابو ، چی ڕزگاریان ببو چی بەداخەوە بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتبون ئەنفال کرابون ، هێزی پێشمەرگەی هەردو تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخاڵان بەشێوەی مەفرەزەی بچووک بچووک لەخوارەوە لە سنووری کەرکوک و ئەوناوچانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتوە _ بەدرێژایی ڕۆخی باشوری زێی بچووک ، ماینەوە و بەرگەی شاڵاوی ئەنفال و بۆردومانی فڕۆکە وتۆپباران و کیماوی و برسێتی ڕاوەدونان و هەموو جۆرە پیلان و دژواریەکی ڕژێمی دڕندەی بەعس و بوینەوە و بەرگریمان کرد و بەرگەمان گرت و تەحدای ڕژێمی ئاگر و ئاسنمان کرد ، لەسەرەتای مانگی تشرینی دوەمی 1988 تا کۆتایی مانگی ناوبراو ، واتە لە 1 / 11 / 1988 – تا بەردەوام لەجێگۆڕکێی و خۆشاردنەوە و شەڕو خۆشاردنەوە بوین ، هەموو ڕۆژێک توشی کیومالکردنی سوپای ڕژێم دەبوینەوە لەناوچەکان ، ڕۆژ واهەبو پێکدادان و شەڕ لەنێوانمان دورست دەبو ، پێشمەرگەکانمان بەرگریەکی بێ وێنەو قارەمانانەیان کرد .

کێومالی هێزەکانی ڕژێم وەک دڵۆپەی بارانی زستان وابو لەساڵی 1988 لەدوای ئەنفال ئەو ماوەیەی کەمابوینەوە لەناوچەکانی شوان و شێخبزێنی ساڵەیی قەڵاسێوکە بوین ، بیرمە ڕۆژێکیان مانگی 10ی 1988 بو ، ئەو ڕۆژە کەشوهەوا زۆر خۆش بو ، مەفرەزەکەی (کاک سیروان کوێخا نجم و کاک ئاکۆ سور) نزیک 20 پێشمەرگە لەچەمی حاوی گوندی (پەلکان)ەی شێخ بزێنی بوین

، کاک سیروان جیهازی کرد بۆسەرکردایەتی قسەی لەگەڵ کردن ، پەیوەندیەکەی تەواو نەببو ، هێزی ڕژێم جەیش و جاشێکی زۆر لە تەقتەق بە بەری باشور و باکوری زێی بچوک بەرە و ناوچەی شێخ بزێنی دەرچون و هاتن ، لەقۆلی باکوور بەرۆخی زێیی بچوک بەرە و گوندەکانی ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و سێکانی کە لەبەری هەولێرە هاتن تاسەر بەستی شەرغە ڕۆیشتن ، قۆلی باشور بۆ گوندەکانی شێخ بزێنی وەک بەرۆخی زێی بچوک گوندەکانی مەرزیخەی سەروو و خوار و عەمەدۆن دەرمان و پەڵکانە هاتن ، بەپێچەوانەشەوە لە ناحیەی (ئاڵتون کۆپری) پردێوە ، بە بەری باشوری زێێ بچوک قواتی جەیش و جاشی ڕژێم هاتن بۆ گوندەکانی (تولکی و کاولەسوار و شەوگێڕ و پەڵکانە) ، هەرئەوەندەمان پێکرا بە پەلەپەل جیهازە ڕاکاڵەکەمان شاردەوە و لەحاوی چەمی پەڵکانەوە بەرۆخی زێی بچوک ڕۆیشتین بەرە و خوار ، بەحاوی گوندی شەوگێردا درێژەمان پێدا بەرە و کاولەسوار .

لەنێوان گوندی شەوگێڕ و کاولەسوار لەجادە پەرینەوە بەرەو هەڵەتەکەو هەر پەنجا مەترێک دور لە جادەکە دورکەوتبوینەوە و خۆمان گەیاندە جۆم و کەندو ئاودڕەکانی نزیک گوندی کاولەسوار و خۆمان شاردەوە ، لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلە سەربازیەکان هێزی دوژمن گەیشتنە سەرمان ، نازانم چۆن نەمانیان بینی ، دوای ئەوان کاتێک هەلی کۆپتەرەکان گەیشتن و بەسەرسەرمانەوە ڕۆیشتن ، ئەوەندە نزم دەفڕین ، ئەگەر ناسیاویت لەگەڵ فڕۆکەوانەکان هەبوایە زۆر بەئاسانی دەتناسینەوە ، بەڵام ئێمەیان نەبینی ، تا ئێوارە دونیا تاریک بو لەو کەند و ئاودڕانەماینەوە .

هێزی دوژمن شەو لەناوچەی شێخ بزێنی مانەوە و نەڕۆیشتن ، دوای تەواو تاریک داهاتنی شەو ئێمە لەناو ئاودڕەکان هەستاین و دەرچوین و بەهەمان ڕێ و شوێنی پێیدا هاتبوین گەڕاینەوە چەمی حاوی پەڵکانە ، تەماشامان کرد هەندێک کەلوپەلی وەک دەرزی و دەرمان کە پێمان بو لەوێ بەیانی جێمان هێشتبو نەمان شاردبوەوە ، هەموویان تێک و پێکیان دابو ، جیهازە ڕاکاڵەکەمان کە شاردبومانەوە دەرمان هێناو ئەو شەوە لە حاوی پەڵکانەوە ڕۆیشتین و چوینە هەڵەتی پشت گوندی حەسەن قەباغی ناو شوان ، لەوێ پشوماندا و هەندێک ئازوقەمان پێشتر لەوێ شاردبوەوە ، کەبریتی بو لەئارد و ڕون ، دەرمان هێناو تا بەرەبەیان نان ساجیمان دورست کرد بۆ پێخۆری ڕۆژانەمان ، نان ساجیەکانمان هەڵگرت و بەرەبەیان لەو شوێنە کەوتینە ڕێ و ڕۆیشتین و چوینە بان شوان لەشیو و ئاودڕەکانی نێوان گوندەکانی (قولی بەگ و عەلی بەیان) خۆمان شاردەوە و تا دوای خۆرئاوا بون و مەغریب داهات لەوێ ماینەوە .

دواتر هەستاین ڕۆیشتین و چوینە گوندی عەلی بەیان ، لەوێ ئاومان هەڵگرت ، چونکە ئاومان پێ نەمابو ، هەریەکەمان نان ساجیەکمان بەئاوەوە خوارد ، دواتر لەوێ ڕۆیشتین و چوینە خڕێکەوە واتە (بەست)ێکەوە ، کە شۆڕدەبوەوە ، بەنێوان گوندەکانی (بیرالک و بیرەسپاندا) دەڕۆیشتە خوارەوە ، بەیانی ئەو ڕۆژە پێش خۆرهەڵاتن گەیشتینە نێوان هەردو گوندی ناوبرا و لەناو خڕە بەستەکە هەریەکەو وەک کەروێشک لەبن (پنچکە کفرێک) خۆمان شاردەوە ، ناوچەکە زۆر نەگونجاو بو لەڕوی جوگرافیاوە ،

تەنها ئاشـکرابوینایە بێگومـان هەموومـان دەگیـران یـا دەکـوژراین و تاقمان دەرناچوین ، چونکە ناوچەکی تەختاوی و نزیک لە حکومەت بـو ، بەڵام دوژمـن بیر بـۆ ئەوە نەدەچـو بـڕوای نەدەکـرد پێشـمەرگە بچێـتە ئەو جـۆرە شـوێنە و لە وشـوێنانە نزیـک بێـتەوە و خـۆی بشـاریتەوە و بمێنێتەوە ، بۆیە مـاوەی هەفتەیەک لە شـوێنە مـاینەوە ، ئێـواران پـێش خـۆر ئـاوابون لەبـن کفرەکـان یەکێـک یـا دوانمـان دەردەچوین ئاگرمـان دەکـردەوە و چامـان لـێ دەنـا ، کـاتێ چایەکەمـان دەگەیشـتێ هەمـوان دەردەچـوین نـان و چامـان دەخـوارد ، بـۆیە ئەوکاتەمـان بۆ چا لێنـان دیـاری کردبو ، چونکە لەو کـاتەدا بەداری وشک دوکەڵی ئاگر نابینرا ! تا هێزی دوژمن لەنـاوچەی شێخ بزێنـی لە کێومالْکردن پاشەکشەی کرد لەو شوێنە ماینەوە ، دواتر گەڕاینەوە شێخ بزێنی .

لەڕێکەوتی 14 / 11 /1988 مەفرەزەیەکمان لە هەڵەتـی ماسقەلان لەناوچەی شـوان ، لەگەڵ سوپای جەیش و جاشـی ڕژێم کە کیومـاڵی ناوچەکەیـان دەکـرد توشـی شـەڕو پێکـدادان بـون ، مخـابن 3 پێشمەرگەی قارەمان لەپارتیزانەکان شەهید بون ، بەم ناوانە .

1- ئیبراهیم ئەحمەد خدر ، ناسراو (بەسـەرکەوت) ڕێکخەری تیپ .

2- خەیروڵلا ، ناسراو بە (جوتیار) پێشمەرگە .

3- نیزام ، خەڵکی گونی قادر عەلی ، پێشمەرگە .

لەمانگی 12 / 1988 چۆن گەیشتینەوە سەر سنوور ؟

لەدوای کێومالّی بەردەوام توشبونی شەڕ لەنێوان هێزی ڕژێم و پێشمەرگەکانمان لە هەڵەتی ماسقەلان لەسنوری کەرکوک ڕویدا ، بەپارتیزانی ماینەوە ، بەلاّم لەدوای ئەو شەڕەوە سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری گەڕانەوەی مەفرەزە پارتیزانەکانیدا بۆ سەرسنور و ولاّتی ئێران ، لەناوچەی شوان و شێخ بزێنی و قەلاّسێوکەوە ڕۆیشتین بەرەو شاخی پیرەمەگرون بۆلای مەفرەزمکەی کاک غەریب هەڵەدنی کە لەچیای (ژیلوان)ە بون ، تا لەوێوە لەڕێگە فەرماندەی پاڵەوان و پێشەنگی پارتیزانەکان کاک غەریب هەڵەدنیەوە بگەێندرێینە سەر سنور ، هەرچۆنێک بو گەیشتینە لای کاک غەریب هەڵەدەنی ، لەوێ کاک غەریب دو پێشمەرگەی بە ناوەکانی (کاک سالار و مامۆستا جەلال تەلانی) ناسراو بەجوامێر وەک چاوساغ لەگەڵ نارین تا سەرسنوور ، وەرزی زستان و بەفرو باران بو ، بەڕێگایەکی زۆر سەختدا ڕۆیشتین تەنها خواردنی دو ڕۆژمان پێ بو ، ڕێگاکەش بەدو ڕۆژ پیادە ڕێ دەگەیشتە سەرچەمی ڕووباری هەرزنەی سەرسنوور ، لەو وەرزی زستانەدا پەڕینەوە لە ڕوبارکە زۆر زەحمەت بو ، چونکە بەفرو باران بەردەوام دەباری و ئاوی ڕووبارەکە زۆر و تیژ ڕۆو سارد و لێل بو ، پاش تێپەڕبون لەڕوبارەکە دەگەیشتیە گوندی هەرزنە لەوێوە بەچەند کاتژمێرێک پیادە ڕێ دەگەیشتیە گوندی بێتوش ئەم گوندە لەدیوی ولاّتی ئێران بو گوندێکی ڕۆژهەلاّتی کوردستان بو ، ئەم گوندە چۆڵ بو بەلاّم نەڕوخابو ، تیپی 63ی جوتیارانی لەوێ جێگیر بو .

لەیەکەم ڕۆژی ڕێ و ڕۆیشتنماندا بەفروباران و کڕیوە تێیکرد ، کورداواری گوتەنی شوێنی وشکمان ناو دەمان بو ، ئەو ڕۆژە زۆر

هـیلاک و مانـد و شـەکەت بـوین ، بـۆ شـەو لە دۆڵـی (گەڵاڵە) لەئەشـکەوتێک مـاینەوە و ئاگرمـان کـردەوە و شـەمەکەکانمان وشـک کـردەوە ، ئەوشـەوە نەمـانتوانی بۆ چارەکە کـاتژمێرێکیش بخەوین ، بۆبەیانی ئەو ڕۆژە تاریک و ڕون کەوتینەڕێ بەچیای (ئاسۆس)دا بەفـر گرتبـوی و تەواو سـپی پـۆش ببـو ، لە هەنـدێک شـوێن بەفـر دەگەیشـتە پشـتێنەمان ، لەبەر بەفـر و سـەرما زۆر بە هیلاکەت لەو چیایە سەرکەوتین ، هەندێک لەبرادەران زۆریـان نەمابو بەتەواوەتـی پەکیـان بکەوێـت نەتـوانن ڕێ بـکەن ، چـونکە زۆربەمـان نەخـۆش کەوتبوین و توانای جەستەییمان لاواز بو ، بەڵام کەبەدیوی ئەودیوی چیـای ئاسـۆس شـۆڕبوینەوە ، بەفـری کەمتـر پێـوە بـو ، ئەوڕۆژە بەردەوام تـا ئێوارەکەی بەڕێوەبـوین ، ئەونـاوچەیە شـوێنی شـەڕگەی نێـوان سـوپای عێـراق – ئێـران بـو ، هەرچەنـدە و لەوکـاتەدا شـەڕ وەسـتابو بەڵام پـڕ بـو لەسـەرباز و سـوپای هەردولا ، لەدرێـژەی ڕۆیشـتنەکەماندا ئەوشـەوە کەوتینە کێڵگەی (مـین و لـوغمە) وە ، مامۆستا جەلال تەلانی کەیەکێک لەشارەزا و چاوساغەکانی ڕێگەمان بـو ، بەتەقینـەوەی مـین پێیـدا برینـدار بـو ، خۆشـبەختانە سـەلامەت دەرچـو ، هەرچۆنێـک بـو بەهیمەتـی کـاک (کـوردۆ ڕەحمـان) کەشـارەزا بـو لەهەڵگـرتنەوەی مـین ، تـوانی ڕێگەکەمـان بۆپـاک بکاتەوە و لەو کێڵگە مینە چاندراوە ڕزگارمان بو .

سەیر لەوەدابو ئێمە کەرێک و هێسترێک و جاش هێسترێکمان پـێ بـو لەمەفرەزەکەی کاک غەریب وەرمـان گرتبو ، جـاش هێسترەکە بەئارەزوی خۆی بەناو کێڵگەی مینەکە کەوتبو ، بەڵام بـاش بـو یەک مـین و لـوغمی پێـدا نەتەقیەوە ، هەر ئەوشـەوە گەیشـتینە ڕووبـاری

چۆمی هەرزنە ، كە ئاوەكەی زۆر خۆڕ بو ، كەسمان نەمان توانی بەئاسایی پێیدا بپەڕینەوە ، تا دونیا ڕوناك بوومەوە ڕۆژهەڵات لەسەر ڕووبارەكە لەپەنای چەند گاشەبەردێكی گەورە ماینەوە ، بەیانی ئەو ڕۆژەش نەمانتوانی لە ڕوبارەكە بپەڕینەوە ، لەگەڵ ئەودا بارانی ڕەحمەت بەردەوام دەباری بەسەرمانداو ڕوبارەكەش هەرلەزیاد بوندابو ، ئەوڕۆژە چەند هەوڵێكماندا ، لەڕێگەی برادەرانی تیپی 63 جوتیارانەوە پەیوەندی بەسەركردایەتیەوە بكەین و ئاگاداریان بكەینەوە بێ سود بو ، كاك كاروان دووبزی ناسراو بەكاروانی كادیر كەخەڵكی قەزای دووبزی سەر زێی بچووك بوو ، بەهۆكاری هەڵكەوتەی شوێنی لە دایكبوونیەوە مەلەوانی باش دەزانی ، هەوڵیدا لەڕوبارەكە بپەڕێتەوە و هەواڵ بداتە برادەرانی تیپی 63ی جوتیاران ، بەڵام هەركە گەیشتە ناو ئاوەكە خێرا گەڕایەوە ، تومەز نەخۆشی گورچیلەی هەیە و ئێمەش نەمانزانی ، لەبەر ساردی ئاوەكە گورچلەكانی لەژانی دابو بۆیە خێرا لە ناو ئاوەكە گەڕایەوە دەرچوە دەرەوە ، لەم هەوڵەش سەركەوتونەبوین ، ڕۆژی دواتر كاك سالاری ڕێنوێن و چاوساغمان ویستی بە هێسترەكە لە ڕوبارەكە بپەڕێتەوە ، ئەویش نەیتوانی ئەو هەوڵەشمان سەركەوتونەبو ، بۆشەوی سێیەم مەفرەزەیەك لەتیپی 63ی جوتیاران هاتن و داوایان لێكردین ئەوشوێنە جێبهێلین ، گوتیان ناتوانن لەم شوێنەوە بپەڕینەوە ، بەدوای شوێنێكی گونجاو تر لە ڕوباركە بگەڕێین .

كاك سیروان لێیان تورە بو گوتی ئێمە سێ ڕۆژە نانمان نەخواردوە ناتوانین ڕێبكەین ئێوە ئەوەندەمان بۆبكەن كاك نەوشیروانمان بۆ ئاگاداربكەنەوە ، بەڕاستی لەبەر برسێتی نەماندەتوانی بگەڕێینەوە ،

بەهێچ لایەکدا ، هەتا بۆ لای کاک غەریب هەڵەدنیش ، ڕۆژی چوارەم لەسەر ئەوحاڵەوە کاک سیروان داوای لەکاک ئاکۆسوور کرد کەبگەڕێتەوە بۆ چیای ژیلوان بۆلای کاک غەریب هەڵەدنی لەبار و دۆخەکەمان ئاگاداری بکاتەوە ، ئەویش بەجیهازە ڕاکاڵەکەی سەرکردایەتی ئاگاداربکاتەوە ، کاک ئاکۆ ئەو شێرە پیاوە بەبێ دو دڵی ئەو ڕێگا پڕلەمەترسیەی قبوڵ کرد و داوای لەکاک حەسەن شورتە و, کاک خەلیل بێدەری و کاک یونسی برای کرد ، کە لەگەڵی بچن و بگەڕێنەوە بۆ لای کاک غەریب ، ئەوانیش جوامێرانە لەگەڵ ئەودا گەڕانەوە ، ئێمەش بەزگی برسی لەژێر ڕەحمەتی باران کەهیچ پەناو پەسێرێک نەبو خۆمانی تیا پەنابدەین تا دەمەو ئێوارە لە نێوان ڕوبارێکی بەخوڕی سامناک کە لەپێشمان بو سوپایەکی زەبەلاحی دوژمنیش کەبەدیارسەرمانەوە بو ماینەوە .

لەوەدابو هیوا براوبین ، تەگبیری ئەوەمان کرد ، ئەگەر تا ئێوارە هیچ هەواڵ و فریاد ڕەسێک بەفریامان نەکەوێت ، ئەوە جاش هێسترەکە سەر دەبڕین و لەبرسا گۆشتەکەی دەخۆین ، تا هەندێک وزە و تاقەتمان بۆ بگەڕێتەوە ، لەبەدبەختی ئێمە سەیر لەوەدابو جاش هێسترەکە بەئارەزووی خۆی لەو ڕوبارەی دەدا و دەپەڕیەوە ئەوبەر ئاوەکە ، لەوکاتەدا لەوبەری ڕوبارەکەوە بو ، هەمووەمان بەکوڕڕش کوڕڕش بانگمان دەکرد کەبێتەوە بەری لای خۆمان ، کەچی وەک ئەوەی خوا لەدڵی نابێ کە بێتەوە بەری لای خۆمان سەری دەبڕین ، گوێی بەبانگ کردنی ئێمە نەدەداو نەهاتەوە ، دواتر لەگەڵ دەمەو ئێوارە خوا ڕەحمی پێکردین کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی 63ی جوتیاران لەوبەری ئاوەکە بەدەرکەوتن و هاتن ، چاومان پێیان

کەوت گەشبوینەوە و ورە هاتەوە بەرمان ، بانگیان کردین و گوتیان هاتوین بتان پەڕێنینەوە (تەلی سیم و خلۆکەی ئاسن)یان لەگەڵ خۆیان هێنابو ، بەڵام گرفت ئەوەبو ئەو تەلە سیمە سەرێکی چۆن بگاتە بەری لای ئێمەو پێیدا بپەڕینەوە!، جاش هێسترەکە هەرلەو بەرەوە مابو دەتگوت چاوەڕێی ئێمەیەتی تا بپەڕینەوە ، گوتمان ئەوجاش هێسترە بگرن و سەرێکی سیمەکە بخەنە ملی و دەوری بگرن و دەنگی لێبکەن و ملی لەئاوەکەنێن دەیپەڕێنێتەوە لای خۆمان ، وایان کرد گرتیان و سیمەکەیان خستە ملی و دەنگیان لێکرد جاش هیسترەکە ملی لە ڕووبارەکەناو سیمەکەی پەڕاندەوە بەری لای خۆمان سیمەکەمان لەملی جاش هێترەکە کردەوە .

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بو (33) پێشمەرگە بوین ، دوای ئەوەی سیمەکەمان لەجاش هێسترەکە کردەوە ، بەهەموومان نەمان توانی سەری سیمەکە لەدارێک ببەستین و توندی گرێی بدەین ، چونکە چوار ڕۆژ بو نانمان نەخواردبو برسێتی هێزی لێمان بڕی بو ، ناچار یەکێک لەپێشمەرگەکانی ئەوبەر بەمەلەوان پەڕییەوە و هات سیمەکەی لەگەڵمان لەدارێک بەستاو گرێی دا ، یەکەم کەس کە پێیدا پەڕیەوە ئەوبەر ڕووبارەکە مام (عەلی حەیران) بو ، کەخۆی پیاوێکی بچوک و لەڕ و لاواز بو ، برسێتی و نەخۆشیش ئەوەندەی تر بێ زەوەری کردبو ، کەبرادەران لەوبەر چاویان بەمام عەلی کەوت گوتیان واللە ئەگەر هەمووتان ئاوابن هەرنەماون! ئیتر یەک یەک بەسیمەکەدا تا بەرەبەیان دواین کەس هەموومان پەڕینەوە ، ئیتر لەوبەری ئاوەکە بەڕێکەوتین و ڕۆیشتین بۆلای برادەران لەمەڵبەندی دوو لە گوندی (بلەکێ و بانەوان) لەوێ جێگیر بوین .

مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی مانگی 8 تا 20 / 12 /1988
1- مـامٰ ڕۆسـتەم سەرپەرشـتیاری گشـتی هێـزەکە بـو دواتـر ئەوان چونەوە گەرمیان .
2-حاجی هەڵمەت جیگری تیپ بو
3-وەستا سابیر ئامرمەفرەز ، شوان – شێخ بزێنی سەروو بو
4-سباح شوانی ، ئامرمەفرەزە بو
5-عەلی چیمەنی ، ئامرمەفرەزە – شوان سەرخاسە بو

چوار مەفرەزەکەی مایەنەوە
1- کاک سیروان کوێخا نجم سەرپەرشتیاری گشتی و لێپرسراوی مەفرەزەی یەکی سنوری (ماسقەلان – فەقێ میرزا) بو .
2- کاک مستەفا چاڵاوەیی کادیر
3- کاک سەربەستە درێژ جێگر تیپ
4- کاک وریا ئاخجەلەری کادیر
5- کاک کوردۆ رەحمان ڕابەری سیاسی
6- کاک خەلیل عەبدوڵلا عومەر (خلیل تۆماری) پێشمەرگە
7- کـاک خلیـل بێـدەری پێشـمەگەی تیپـی 23ی سـورداش ئامرکەرت بو

8- کاک جەمال حوسێن میرزا برای جلیل بیکەیسی پێشمەرگە
9- شەهید خەیروڵلا (جوتیار کەرکوکی) پێشمەرگە لەپارتیزانی شەهید بو
10-(شەهید نیزام) گوندی قادرعەلی پێشمەرگە لەپارتیزانی شەهیدبو
11-(کاروان دوبزی (کاروان کادیر)

مەفرەزەی دوەم:
1- کاک کاک ئاکۆسور لێپرسراوی مەفرەزە سنوری (شێخ بزێنی و ساڵەیی) .
2- کاک محسین عمر سدیق ناسراو بە (ڕەنجە) ڕابەرسیاسی
3- کاک حەسەن عەبدورەحمان حەسەن ناسراو بە (حەسەن شورتە) پێشمەرگە
4- کاک رەحمان عومەر (رەحمان کۆنفۆ) پێشمەرگە
5- کاک نەقیب ناسح بیبانی (نەقیب) پێشمەرگە
6- کاک تالب مام فاروق حەمەعەلی پێشمەرگە
7- کاک یونس برای کاک ئاکۆسور پێشمەرگە
8- کاک عەلی محەمەد ناروجەیی (مام عەلی حەیران) پێشمەرگە
9- نورەدین محەمەد (ناسراو بە (نەهرۆڕەش) پێشمەرگە
10- کەکەمەد محمد سالح (خاڵەبەخە) پێشمەرگە

مەفرەزەی سێ :

1- کاک محمد سەقەر لێپرسراوی مەفرەزە سنوری (شوان خاسە)

2- ڕەمەزان محەمەد ناسراو بە (پۆلا هەیبەیی) پێشمەرگە

3- شەهید ڕزگار چیمەنی پێشمەرگە

4- شەهید قارەمان چیمەنی ناسراو بە (مامە قالە) پێشمەرگە

5- شەهید ئارام چیمەنی پێشمەرگە

6- شەهید زولفەقار عەلی خورشید ، ناسراو بە (پشکۆ هەیبەیی) پێشمەرگە

7- شەهید ئەیوب عومەر عبدوڵلا ناسراو بە (وریا قەفاری) پێشمەرگە

8- شەهید ابراهیم فازل حەمەڕحیم قزڵقایە ناسراو بە (ئیباو) پێشمەرگە

9- شەهید ئیبراهیم ئەحمەد خدر کەرکوکی ناسراو بە(سەرکەوت) پێشمەرگە

10- مودیر حەسەن حسێن (مدیرچیمەنی) پێشمەرگە

11- خلیل عەبدول مام ڕەشی (خەلیل مام ڕەشی) پێشمەرگە

مەفرەزەی چوار: مەفرەزەی تیپی 25ی خاڵخاڵان بو .

1- مامۆستا عادل شەریف لێپرسراوی مەفرەزە

2- سیروان ڕەشید گۆگجەیی (سیروان گۆگجەیی) ج مەفرەزە

3- عەبدوڵلا ئەحمەد ناسراو بە (هیواڕەش)

مەفرەزەی سێ :

1- کاک محمد سەقەر لێپرسراوی مەفرەزە سنوری (شوان خاسە)
2- ڕەمەزان محەمەد ناسراو بە (پۆلا هەیبەیی) پێشمەرگە
3- شەهید ڕزگار چیمەنی پێشمەرگە
4- شەهید قارەمان چیمەنی ناسراو بە (مامە قالە) پێشمەرگە
5- شەهید ئارام چیمەنی پێشمەرگە
6- شەهید زولفەقار عەلی خورشید ، ناسراو بە (پشکۆ هەیبەیی) پێشمەرگە
7- شەهید ئەیوب عومەر عبدوڵلا ناسراو بە (وریا قەفاری) پێشمەرگە
8- شەهید ابراهیم فازل حەمەڕەحیم قزڵقایە ناسراو بە (ئیباو) پێشمەرگە
9- شەهید ئیبراهیم ئەحمەد خدر کەرکوکی ناسراو بە(سەرکەوت) پێشمەرگە
10- مودیر حەسەن حسێن (مدیرچیمەنی) پێشمەرگە
11- خلیل عەبدول مام ڕەشی (خەلیل مام ڕەشی) پێشمەرگە

مەفرەزەی چوار: مەفرەزەی تیپی 25ی خاڵخاڵان بو .

1- مامۆستا عادل شەریف لێپرسراوی مەفرەزە
2- سیروان ڕەشید گۆگجەیی (سیروان گۆگجەیی) ج مەفرەزە
3- عەبدوڵلا ئەحمەد ناسراو بە (هیواڕەش)

4- کاک شەماڵ شۆشرگێران کادیر
5- حاکم شەوکەت برای کاک ڕەفعەت عەبدوڵلا پێشمەرگە بەداخەوە لە پارتیزانی شەهید بو .

بەشی دووەم
بیرەوەریەکانی فەخرەدین سمایلەبگی لە قۆناغی پارتیزانیدا :
سەرەتای ساڵی 1990 بڕیاری گەڕانەوەی پارتیزانەکان کەرکوک بۆ قولایی خاکی کوردستان ،ڕووداوێکی کەموێنەی مێژووی سیاسی کۆمەڵگای کوردە ،ئەم بیرەوەریانە هەڵێنجاو و گێرانەوەی پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاو و پارتیزانی ڕۆژە سەختەکانی دوای ئەنفالی ساڵی 1988 و مەفرەزە پارتیزانەکەی (کەرکوک شێخ بزێنی) دەستەکەی شەهید ئاکۆسور، (کاک فەخرەدین سمایل بەگی)یە ، نوسینەوەیان سەرچاوەیەکی زۆر باش دەخاتە بەردەستی توێژەران لە بورای مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتی نەتەوەکەماندا

دەستپێکی بەشی دوەم
دوای ماوەی 8 مانگ مانەوە لە دوای ئەنفال لە 20 / 12 / 1988 گەڕاینەوە ولاتی ئێران و ، لەگوندی بلەکێ جێگیربوین ، لەوێ بارودۆخی ژیانمان زۆر باش بو ، بەڵام لەڕوی دەرونیەوە زۆر خراپ بوین ، چونکە ڕژێمی بەعس بڕیاری لێبوردنی دەکردبو ، بە کۆمەڵ پێشمەرگە دەگەڕانەوە و تەسلیم بەڕژێم دەبونەوە ، بۆیە ڕۆژێکیان کاک ئاکۆسوور سەردانی چەند برادەرێکی کرد ، لەوبرادەرانەی کە خۆی مەبەستی بو تێیرادەدیتن ، کە بریتی بوین لە

7 پێشـــمەرگە یەکێـــک لەوانە بەنــدەبو ، یەکـــە بەیەک ئاگـــاداری کـردینەوە ، کەبەنیـازە مەفرەزەیەکـی پـارتیزانی بچـووک دورسـت بکـات و بەرەزامەنـدی سـەرکردایەتی بگەڕێتەوە بـۆ قـوڵایی خـاکی کوردسـتان ، وڵامـی هەمـوو ئەم بـرا پێشـمەرگانە ئارەزومەنـدانە و بەوپەڕی بـوێری لەخۆبـوردوی و ئەڕینـی بـو ، کەئەمـانەی لای خوارەوە بوٚین .

مەفرەزەکەی کاک ئاکۆ

1- ڕەمەزان ئەحـمەد حەمەعەلـی ناسـراو بە (ئاکۆسـوور) سەرتیپ .

2- ئاوات حەمەرەشید ناسراو بە (ئاواتەڕەش) جێگرتیپ .

3- کاکەمەد محەمەد سالح ناسراو بە (خاڵەبەخە) جێگرتیپ .

4- فەخـرەدین مەحمـود مـحەمەد ناسـراو بە (فەخـرەدین سـمایل بەگی) ئامرکەرت .

5- ئەیـوب عـومەر عبـدوڵا ناسـراو بە (وریاقەفـاری) ئامرمەفرەزە

6- ئیبراهیم فازل حەمەڕەحیم ناسراو بە (ئیباو) ئامرمەفرەزە

7- نقیب ناسیح ئەحمەد ناسراو بە (نەقیب بیبانی) جێگر کەرت

8- ڕەمەزان مـحەمەد سـالح ناسـراو بە (پـۆلا هەیبەیـی) ئامرمەفرەزە

وەرگرتنی ڕەزامەندی هەڤاڵ کاک نەوشیروان

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەساڵی1990 بەسەر پەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا ، دەستەیەکی پێکهێنابو لەسەرکردایەتی بۆ ئەوەی چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی بچوک بچوک دابمەزێنێت و بیان نێرێنە خوارەوە بۆ سنوورە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان .

دەستە گشتیەکەی سەرکردایەتی بریتی بون لەم بەڕێزانە .

1-بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرپەرشتیاری گشتی مەفرەزە پارتیزانەکان .

2- کاک کوردۆ قاسم

3- کاک حەسەن کوێستانی(15)

4- کاک حامیدی حاجی غالی

5- کاک جەبار یاوەر

6- کاک نەقیب خلیل دۆسکی (16)

7- کاک ڕەهبەر سەیدبرایم

8- کاک سەفین مەلاقەرە

9- مام ڕۆستەم

بۆئەم مەبەستە یەکێتی بنکەیەکی مەشق و ڕاهێنانی لە قاسمەڕەش و زەڵێ و ناوزەنگ کردبوەوە ، ئەو هێزە پارتیزانانەی دەیانەویست بچنە خوارەوە دەبو مەشق و ڕاهێنان بکەن ، دوای تەواوکردنی مەشق و ڕاهێنان ، مەفرەزە بە مەفرەزە دەیان ناردنە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆیان دیاری کرابو ، هەندێکجار بەم هێزە دەوترا هێزی تایبەت .

داواکاری کاک ئاکۆ

دوای ئەوەی کاک ئاکۆ سوور ڕەئی هەمو هەڤاڵانی وەرگرت ، داوای لە هەڤاڵی بەڕێز کاک (نەوشیروان مستەفا) کرد ، کە خۆی و کۆمەڵێک لەبرا پێشمەرگە ئازا و دلێر و بوێر و قارەمانەکانی تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخالانی پێش ئەنفال ، مەفرەزەیەکمان دورست کردوە بەنیازین و دەمانەوێت بەپارتیزانی بگەڕێنەوە بۆ قولایی خاکی پیرۆزی کوردستان و بەتایبەت سنووری کەرکوکی قودسی کوردستان ، کاک نەوشیروان زۆری پێ خۆش بو ، ماوەیەکی کەم لەچاوەڕوانی وڵامی هەڤاڵ کاک (نەوشیروان مستەفا) ماینەوە .

لەو فەتەرەکەمە چاوەڕوانیدا ، کاک ئاکۆ سوور سەری لەیەکە بەیەکەی ئەو برا پێشمەر
گانە دایەوە ، کە ئارەزومەندانە خۆیان بەڵێنیان دابو بەسەرپەرشتی کاک ئاکۆ بەپارتیزانی بگەڕێنەوە بۆ سنووری کەرکوک ، هەموو برا پێشمەرگەکان بەکۆی دەنگ کاک ئاکۆسورمان وەک فەرماندە و بەرپرسی خۆمان دەست نیشان کرد ، خۆشبەختانە هەڤاڵ کاک نەوشیروان مستەفا ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەماندا و ، دوای لە

کاک ئاکۆسوور کرد بو ، کە دەیەوێت لەگەڵ مەفرەزەکە دابنیشێت کۆبونەویەکمان لەگەڵ ئەنجام بدات ، کاتێک کاک ئاکۆسوور ئەم هەواڵەی پێداین ئێمە لەگوندی بلەکێ بوین ، هەموو برادەران بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بون و موچڕکی خۆشی بەگیانماندا هات ، لەگەڵ کاک ئاکۆسور ڕۆژێک دیاری کرابو بچینە لای هەڤاڵ کاک نەوشیروان .

لەسەرەتای مانگی 5ی ساڵی 1990 دیدار و چاوپێکەتن مان لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا سازکرد و کۆبوینەوە ، سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و پاشان دوای دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە ڕوحیانەتی پاکی شەهیدان گوتی: برادەران خۆتان باش باردۆخی ئیستای کوردستان دەزانن ، کە ئیستا وەک و جاران نییە پشت بەگوندەکان و گوند نشینان بۆخواردن و هاوکاری جۆربەجۆر و حەسانەوە ببەستین ، ئەمڕۆ کوردستان وێرانەیە و تاک و تەرا لێرە و لەوێ دەبینن لادیوارە خانویەک لە گوندەکان بەپێوە ماوە ، زۆر سەخت و دژوار و زەحمەتە چونە خوارەوەتان ، چونکە دەزانم زۆر ماندو برسی و تینو دەبن و نەخۆش دەکەون ، هەمو کوڕێک ناتوانێت خۆی لەبەرانبەر ئەم بارودۆخە سەختە ڕابگرێت ، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی هەموو جۆرە حاڵەتێکی نەخوازا و بکەن و خۆتانی بۆی ئامادە بکەن و قارەمانانە بەرگەی بگرن خۆتانی لەبەری ڕابگرن ، بۆیە برادەران من ناڵێم بڕۆنە خوارەوە ئەوەندە ڕۆژە یا ئەوەندە مانگە بمێننەوە ، خۆتان سەرپشکن ، چۆنی بەباش دەزانن ئاوهابکەن ، حەزدەکەن بڕۆن جەولەیەکی ناوچەکە بکەن ، ئەگەر توانیتان بژین و خۆتان لەبەر زەحمەتی ڕاگرت و پێ ژیا ،

ئەوە بمێننەوە ، ئەگەر نەتانتوانی ئەوە یەکسەر بگەڕێنەوە ، لێرەوە پێتان دەڵێم ئەوەی ناتوانێت بەرگەی ئەم زەحمەتە بگرێت ، با لێرەوە نەڕوات .

لەدوای پیشکەشکردنی وتەکانی هەڤاڵ کاک نەوشیروان ، بەتێکڕا بڕیارماندا و گوتمان ئامادەین لەپێناوی خاکی پیرۆزی کوردستان و ڕزگاری گەل و خاکی نیشتیمان سەرمان ببەخشین ، باکمان نیە لەوەی هەرچی زەحمەت و نارەحەتی و تاڵ و سوێریەکی ژیان هەیە لەم پێناوە بەسەرمان بێت و بیچێژین .

هەڤاڵ کاک نەوشیروان دوبارە دەست خۆشیەکی گەرمی لێکردین و ، گوتی بەڕاستی ئێوە ڕۆڵەی بەئەمەکی کورد و کوردستان و ئەم خاکە و ڕۆژی تەنگانەن ، حەقتانە کە کوردستان ڕزگاری بو ، مەدالیای زێڕتان بۆبکرێت .

خولی تایبەت

لە 12 / 5 / 1990 مەفرەزەکەمان ڕەوانەی قاسمەرەش کراین بۆخولی تایبەت لەسەر چۆنیەتی فێربون و زانیاری وەرگرتن لەدو بواردا ، یەکەم بواری هەندەسی و سەربازی لەڕوی تەقەمەنی و چۆنیەتی دروستکردن مین و نانەوە و هەڵگرتنەوەی مین ، کاک خدری مەحموود جاف دەورەی هەندەسیەکەی پێی کردین و فێری کردین ، دووەم لەبواری فریاگوزاری خێرا ، چۆنیەتی دەرزی لێدان تەداوی و برین پێچی خێراو سەرەتاییەکان ، (دکتۆر شوان) دەورەی فریاگوزاریە خێرایەکەی پێی کردین ، چۆنیەتی دورستکردن و نانەوەی مین و هەڵگرتنەوەی لەگەڵ فریاگوزاری

سەرتایی خێرا و دەرزی لێدان و تەداوی و برین پێچی یان فێرکردین ، لەگەڵ ئەوەدا چەند برادەرێکی تر ، کاک ئاکۆ و کاک ئاواتەڕەشیان فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی جیهازی ڕاکاڵ کرد ، خولەکە لە 24 / 5 / 1990 تەواو بـو ، تەواوکردنـی خـولەکە بۆمـاوەی 12 ڕۆژ بـو ، دواتر گەڕاینەوە بارەگا لەگوندی (بلەکێ) لەنزیـک شـاری بـانە ، تـا پێداویسـتیەکانیان بۆمـان ئامـادەکرد ، بەداخەوە لەوکـاتەدا هەواڵـی شـەهیدکردنی هەردو بـراکەی کـاک ئاکۆسـورمان لە عێـراقەوە ، بەناوەکـان (کـاک سـەمەد و کـاک سـاڵح بیکەسـی) پێگەیشـت ، هەرچەنـدە ئەم هەواڵە هەواڵێکـی زۆر نـاخۆش بـو بـۆ هەموومـان ، بەداخەوە بـۆ کـاک ئـاکۆ بـو سـەدمە و جەرگ بـڕ بـو ، بەڵام دوای گەیشـتنی ئەم هەواڵەش ئەو هەرسوربو لەسـەر هـاتنە خـوارەوەی بە پارتیزانی بۆ قولایی خاکی کوردستان سنوری کەرکوک شێخ بزێنی .

لەسـەرەتای مـانگی 6ی سـاڵی1990 چـوینەوە لای هەڤـاڵ کـاک نەوشیروان مستەفا ، هەموو پێداویستیەکانی پارتیزانی بۆدابین کردین ، کە پێک هاتبو لە (جیهازێکی ڕاکـاڵ و دو دانە جیهـازی بچووک ، سێ دووربینی ڕۆژ و یەک دووربینی شەو ، سێ ڕادوێـی بچووک ، 8 کۆڵەپشـت ، 8 زمزەمـی ئـاو) لەگەڵ (3000) هەزار دینـاری سویسری .

ناو و ژمارەی نهێنی بۆ جیهازەکەمان دانا بەناوی (شـاباز) نـاو و ژمارەی نهێنی جیهازەکەی خۆشی بەناوی ئارام بو .

لەکـاتی بینینـی خـولی مەشـق و ڕاهێنـان لەقاسـمەڕەش ، ڕۆژێـک بەڕێز کاک کۆسرەت بانگی کاک ئاکۆسوری کرد و پێی گوتبو بۆ چ

سنورێک بەپارتیزانی دەچنە خوارەوە ؟، کاک ئاکۆ گوتبوی بۆ سنوری کەرکوک ، گوتبوی چەند کەسن ؟ کاک ئاکۆ گوتبوی 8 پێشمەرگەین ، گوتبوی بۆ 8 پێشمەرگە زۆر زەحمەتە لەسنوری کەرکوک ئیدارە بدرێت ، کاک ئاکۆ گوتبوی پشت بەخوا و خەڵکی خۆمان دەڕۆین ، خۆمان دەتوانین ئیدارەی خۆمان بدەین .

بڕیار و ڕۆژی گەڕانەوە

لە 12/ 6 / 1990 ، مەفرەزەکەمان لە گوندی بلەکێوە بەڕێکەوتین ، بەڵام لەبەر باروزروفی ئەمنی خۆمان ئەوکات لەلای پێشمەرگەکانی نەمان گوت بەپارتیزانی دەڕۆینە خوارەوە ، بەڵکو گوتمان دەڕۆینەوە تەسلیم دەبینەوە ، ، نەوەکو یەکێک لەپێشمەرگەکان لەپێش ئێمەوە بڕواتەوە و تەسلیم بەڕژێم بێتەوە و لە ژێر زەختی دائیرە ئەمن و ئیستخبارات ڕژێم بۆ نەستۆ پاکی خۆی هەواڵ بداتە دائیرە ئەمن کەئێمە بەپارتی زانی هاتوینەتە خوارەوە ، چونکە لەوکاتەدا ڕژێم لێبوردنی گشتی دەرکردبو پێشمەرگە زۆر دەڕۆیشتنەوە و تەسلیم دەبونەوە ، ئیتر لەناو بارەگاکەمانەوە چەک و تاقمەکانمان کردە ناو فەردە (گوینی)ەوە و بەنهێنی خستمانە ناوسەیارە و سواربوین ، بەسەیارە تا ناو شاری بانە هاتین ، لەبانە چەک و تاقمەکانمان دەرهێنا و تاقمەکانمان کردە پشتمان و تفەنگەکانمان کردە شان و بەڕێکەوتین ، ترسمان نەبو لەبازگەکانی ئێران ، چونکە نوسراوی فەرمیمان بۆکرابوپێمان بو ، کەئەمانە دەگەڕێنەوە دیوی کورستانی / عێراق ، بازگەکان لێیان نەپرسین و گەیشتینە گوندی (بێتوش) لەنزیک سنوور ئێران –عێراق ، بێتوش گوندێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە ، چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە ، بۆ

ئەوەی نانمان بۆبکەن و بەتەواوی خۆمان ئامادە بکەین ، چونکە لەو گوندە بەدواوە ئاوەدانی نەدەماو ئاودیوی سنور دەبوی بەدیوی عێراقدا ، چەند شەو و ڕۆژێک لەوێ ماینەوە ، شەوێکیان کاک ئاکۆ و کاک خدری مەحمـوود جـاف و چەنـد برادەرێـک چـون بـۆ بینـین و تاقیکردنەوەی ڕێگەکە ، بەڵام کەوتنە کەمین و بۆسەی ڕەبایەکانی پاسدارانی ئێران و تەقەیان لێکرا و ، کاک ئاکۆ فیشەکێ بەر قاچی کەوتب و بەسوکی بریندار بو ، لەلایەن پاسدارەکانەوە بەدیل گیرا ، کـاک خدرو ئەوانـی تـر بەسـەلامەتی گەڕانەوە لامـان ، ، بەجیهـاز هەواڵەکەمان بەهەڤاڵ کاک نەوشیروان گەیاند ، پاش چەند ڕۆژێـک بەنـدکردن لەڕێـگەی هەوڵ وکۆششـی بەڕێـز کـاک نەوشـیروان و مەکتەبی سیاسیەوە ، ئازادکرا و گەیشتەوە لامان ، ئەم ڕوداوەش بۆ ماوەیەک دوایخستین .

هێشتان برینەکەی قاچی کاک ئاکۆ بەتەواوی چاک نەببو شەوی 21 /22 / 6 / 1990 لەگونـدی بێتـوش نـان و خـۆراکی پێویسـتمان هەڵگـرت ، هەر لەوێ نانێکمـان هـورد کـردو قیاسـمان کـرد پـڕ گەلاسێک دەرچو ، نانەکەی پێمان بو گشتیمان هورد کرد بۆئەوەی کەڕو لێی نەدات و لەنـاو کۆڵەپشـەکانمان جێمـان زۆر لـێ نەگرێـت ، ئەگەر هەرکاتێـک برسیمان بـو بەو قیاسە گلاسـێک نـانی هـوردکرا دەرکەین و بیخۆین واتە نانێکمان خواردوە ، ئیتر کەوتینە ڕێ ، چەند شـارەزایەکمان لەگەڵ بـو ، وەک (کـاک محمـود جـاف و کـاک بەکـر ئیسـێوێ فەرمانـدەی تیـپ بـو لەگەڵ چەندپێشـمەرگەیەکی بەشـەو و ڕۆژێـک لەسـنوری ئێـران دەربازیـان کـردین بەرە و کوردسـتانی خۆمـان باشـور ، هەڤـاڵانی چاوسـاغ کە ئێمەیـان گەیانـدە سـنووری

کوردستان ، گەڕانەوە بۆ ئێران ، لە 23 / 6 /1990 گەیشتینە ڕوباری ئاوی (هەرزنە) ، لەئاوی هەرزنە دەستی یەکترمان گرت و پەڕینەوە ، ڕووبارەکە بەوشێوەیە نەمابو کە ڕێگری بکات لەپەڕینەوەمان ، ئەمجارە بە شاروزای و چاو ساغی (کاک حەیدەر حاجی تانی و کاک ئەنوەر تەلانی و کاک بێستون سابوراوەیی) ، قۆناغ بەقۆناغ کەوتینە ڕێ بەرە و وڵات ، بەڵام وڵات چ وڵات ، لەوێرانەیەکی سووتماکراو و سامناک هیچی ترت تێدا بەدی نەدەکرد ، لە 24 / 6 / 1990 گەیشتینە گوندێکی ڕوخاو بەناوی (باوزێ) ، یەکەم گوندی ڕوخاوی کوردستان بو کە بیگەینێ ، لەوێ ماینەوە تا نزیک خۆرئاوا بون ، تەماشای گوندی (باوزێم دەکرد سیما جوانەکەی جارانی نەمابو ، ئیستا جگە لەوێرانەیەک هیچ ترنیە ، خەمێکی قوڵ دایگرتم ، دەورو بەری کانی و ئاوەکان سارد و سڕ بەبێ قاقای پێکەنینی کێژۆڵەکان ، ڕێگاو بانەکانی خامۆش ، دارتوەکانیش مات و مەلول چاوەڕێی یاری و کایەی مناڵانی گوندیان دەکرد تابچن و لەسەرپشت و لە باوەشی گەمەبکەن و لە سێبەری دابنیشن ، چونکە لەمێژبو یاریان لەگەڵ نەکردبو .

لەوێ کاک ئاکۆ شتەکانی بەسەرماندا دابەشکرد ، کەسمان لەخۆمان ڕانەبینی جیهازە ڕاکاڵەکە هەڵبگرین ، کاک ئاکۆ خۆی هەڵی گرت ، گوتی برادەران ئەگەر کرێکاری حەماڵ بومایە نانی حەماڵەکانی ترم دەبڕی لەبەرئەوەی من لەوان بەهێزتربوم زیاترم هەڵدەگرت ، کەوتینە ڕێ بەرە و شاخی ئاسۆس ، تا ڕۆژی دواتر بەیانی هەرنەگیشتین زۆر ماندو بوین ، لەسەر حاڵی خۆمانەوە زگمان بە

کاک ئاکۆ دەسوتا بڕوابکەن کۆڵەکەی پشتی بەجیهازەکەوە هەندە قورس بو ، لەڕێ و ڕۆیشتن ملی بۆپێشەوە کشابو دەرچوبو ، گەیشتینە ئەوشاخەی دیار گوندی (چاڵاو) لەوێ خاڵەبەخە لاقی وەرگەڕا ، ناچارماین کۆڵەپشتەکەی ئەویش بەسەر خۆماندا دابەشکەین ، لەدابەشکردنی کۆڵەپشتەکەی خاڵەبەخەدا بینیمان لیفکەو قاتی ڕانکو چۆخەی شاڵی تێدابو ، ئیباو گوتی تۆ تەماشای ئەمەناکەی دەڵێی بۆسەرشایی هاتوە ، تو قاتی شاڵت بۆچیە ؟ ، خاڵەبەخە تورە بو لێمان سوێندی خوارد گوتی لەگەڵ ئێوە نایەم بەتەنها لێرە دەمێنمەوە ، کورە دایک چاک باوک چاک بەقسەی ئەو مەکە ئەو تەبیعەتی هەروایە و جار جار گاڵتەی وا دەکات ، هەرچۆنێک بو خاڵەبەخەمان ئاشت کردەوە و شتەکانیمان هەڵگرت ، ئیتر کۆڵەکانمان زیاتر قورس بون ، دواتر ئەو ڕانکو چۆخە شاڵە خێری دایەوە ، کاک چەتۆسالح برادەرانی بەو ڕانکو چۆخە شاڵەوە دەبردەوە ناوشار .

لە سیرەمێرگەوە بۆ شەدەڵە

شەو کەوتینەوە ڕێ تا گەیشتینە شاخێک پێیان دەگوت (سەرشاخان) بەیانی ئەو ڕۆژە ماینەوە لەوێ پشویەکماندا نانی نیوەڕۆژمان لەوێ خوارد کانیەکی لێبو ئاوەکەی چک چکەبو ، ئەوڕۆژەمان بەسەربرد ، دواتر دەمەو مەغریب بەڕێکەوتینەوە بۆ بەیانی گەیشتینە سەر (شاخی ئاسۆس) ، لەپشتی (کانیی تو) ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوە ، ئێوارە کۆڵەپشتەکانمان دابەکولا ، سەرباری چەک و تاقمەکانمان ، هەر کۆڵەپشتێکمان وەزنی 33 کیلوبو ، ملی

ڕێگەمـان گـرتەبەر بە دۆڵـی (شـێخ مـحەمەد)دا 25 / 6 / 1990 گەیشـتینە گونـدی (سیرەمێرگ) و (گۆمەزەل) ، لەوێ لەجەنگـی عێـراق - ئێـران کـۆپتەرێکی حەمبـاڵی ڕژێـم کەوتبـوە خـوارەوە ، هەنـدێک قوتـوی گۆشـت و مەعەلەبـاتی مـاوە بەسـەرچوی تێـدابو هەندێکیش بەونـاوەدا پەرت ببو ، لەنـاو کۆپتەرەکە و لەنـاوە دەرمـان هێنـاو کومـان کـردەوە و دەستمان کـردن بەخواردنیـان ، قوتومکـان دو جۆربون هەندێکیان ڕێکەوتی بەسەر چونەکەی 1989 بو هەندێکیان 1990 بـو ، هەنـدێکیان لەبەر تیشـکی خۆ پەلمـا بـو ئەوانە بەکەلـک نەدەهـاتن ، بەڵام گوێمـان نەدایە ئەوانەی تـر کەهەنـدێکیان شـەش مانگێـک دەبـو بەسـەرچوبون ، بەکارمـان هێنـاو خواردمـان ، لەگەڵ بـرادەران لەتەک کەلەشـی کـۆپتەرەکە چەنـد وێنەیەکمـان بۆیادگـاری چرکانـد ، دواتـر کەوتنـیە ڕێ نەوەستاین لە ڕۆژی دواتـر 26 / 6 / 1990 گەیشـتینە شـەدەڵە زۆر مانـدو هـیلاک بـوین ئەوڕۆژەشـمان لەوێ بەسەر برد .

وارێکەوت سوپای ڕژێم بۆ کێومـاڵیکردنی شـاخی هەڵەدن و دۆڵـی شـەدەڵە و مێرگەپـان دەرچوبـو ، بـاش بـو ئێمە لەوکـاتە لەنـاو دۆڵەکە لەسـەرکانی و ئـاوەکە لەبـن هەنـدێ دار نەسـپینداربوین ، زوتـر کۆپتەرێکمـان بینـی بەدۆڵەکەد هـات بەسـەرماندا وگەڕایەوە ئاگـادار بووینەوە و خۆمـان شـاردەوە و نەیـان بینین ، ئەگینـا لەگەڵیـان توشـی شـەڕدەبوین ، هێـزەکەی سـوپای ڕژێمـی بەعـس چـونە سەرشـاخی هەڵەدن ، کە دەیڕوانی بەسەر هەڵەدندا ، نیو کاتژمێر پێشتر ئێمە لەو شاخە چامان لێناو نانمان خواردو جێمان هێشتبو ، هێزەکە چوە شوێن نان و چاخوارنەکەی ئێمە ، دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە کەوتینە ڕێ ،

چونکە بەڕۆژ لەترسی ڕژێم نەمان دەتوانی بەڕێگەدا بڕۆین ، لەبەرئەمنیەتی خۆمان بەس بەشەو دەردەچوین ، ڕۆژی 27 / 6 /1990 بەیانیەکەی گەیشتینە لای مەفرەزە پارتیزانەکەی کاک غەریب هەڵەدنی ، زۆر ماندو هیلاک بوین ، بەڵام ئەوان زۆر بەرپرسیارانەو بەڕێزەوە و بەگەرمی پێشوازیان لێکردین ، چەند شەو ڕۆژێک لەلای ئەوانماینەوە و خزمەتێکی زۆر باشیان کردین ، خۆمان شوردو خۆمان گۆڕی و شمەکەکانیشمان شۆرد و ماندو بونی ڕێگەمان لەبیر چووەوە ، جەژنی قوربانمان لەگەڵ ئەوان کرد ، کاک غەریب چووە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون(7) گۆشتی مریشک و چکلێت و ناوکە و خوارنی بۆ هێناین ، ڕێز و وەفای پێشمەرگایەتی و برایەتیان تا هەتایە لەبیری ناکەین ، لێرەوە پێیان دەڵێین ئەوانەی شەهید بونە ، درود و سڵاو بۆگیان و ڕوحیانەتی شۆڕش گێری و نیشتیمان پەروەری پاکیان ، ئەوانەشی ماون یادیان بەخێر و تەندروست باشبن و چاویان ماچ دەکەین .

ئامۆزا گیان

که لەسنوری ئێران هاتین بەدیوی کوردستانی خۆمانباشور ، پێشمەرگەکانی کاک غەریب هەڵەدنی قۆناغ بە قۆناغ شارەزایی و چاوساغیمانیان دەکرد ،تاگەیشتینە شاخی پیرەمەگرون ، هەرکاتێکی بێ تاقەت بوینایە ، کاک بێستون سابوراومیی کەیەکێک بو لەپێشمەرگە شارەزاو چاوساغەکانمان ، بەدەنگە خۆشەکەی گۆرانی (ئامۆزا گیان)ی بۆ دەچڕین ، بەراستی زۆر خۆش دەیچڕی ، یادی بەخێر ئومێدی تەمەن درێژی تەندورستیەکی باشی بۆ دەخوازم .

کۆبونەوەی کاک غەریب و کاک ئاکۆ

شـەوێک کـاک غەریـب و ئاکۆسـوور چـون بـۆ نـاو ئۆردوگـای پیرەمەگـرون ، بـۆ ئەوەی چاویـان بەچاوسـاغ و هاوکارەکەمـان بکەوێـت ، تـا دەربـارەی مەفرەزەکەی ئێمە قسـەی لەگەڵ بـکەن کە پێشمەرگەی ناوشـاربو ، چـون و چاویـان پـێ کەوتبو قسـەیان لەگەڵ کردبـو ، ئەویـش زۆر مەردانە و بـوێرانە ئامـادەیی خـۆی بـۆ هاوکاریمان دەربڕی بو ، پاش گەڕانەوەی کاک غەریب و کاک ئاکۆ ، لەشـاخی پیرەمەگـرون کۆبونەوەیـان پێکـردین ، سـەبارەت بە خۆراگری و تەبایی نێوان خۆمـان و هاوکـاری خەتـی ناوشـار ، کـاک غەریب هەڵەدنی گوتی: پێم وایە مەفرەزەکەی ئێوە زۆر سەرکەوتو دەبێـت ، چـونکە بەڕاسـتی هاوکارەکەتـان کـوڕێکی تـابڵێی نـازاو چاونەترسـە ، دواتـر کـاک ئـاکۆ ڕوی کـردە ئێمەو گـوتی بـرادەران ئەگەر نـاوی هاوکارەکەتـان پێ بڵێم هەموتـان دەیناسن ، بەڵام جارێ پێتان ناڵێین، تا خۆتان دەیبینن ، پێیان نەگوتین کێیە؟ .

لە پیرەمەگرونە بۆ شاخی تۆکمە

لە شەوی 5/4 /7 /1990 لە شاخی پیرەمەگرونەوە ملی ڕێگەمان گرتەبەر بەباشووری خۆرهەڵاتی ئۆردوگای پیرەمەگروندا بەرە و شـاخی تـۆکمە ، کـاک غەریـب و چەنـد پێشـمەرگەیەک تـا لەسنوری ئۆردوگای پیرەمەگرون تێپەڕبوین پێشمان کەوتن و بەڕێمانیان کرد ، دواتر ئەوان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان ، ئێمەش ڕۆیشتین و ڕێمان هەڵەکـرد ، ملمـان نـایە ئۆردوگـای باینجـانەوە ، گڵـۆپی ماڵەکـانی

ئۆردوگامــان لــێ دەرکەوت ، یەکســەر بەرەو دوا گەڕاینــەوە لەبەر ئەمنیەتی خۆمان ، چونکە نابو ئاوەدانی بمانبینێ ، لە 5 / 7 /1990 لەنزیـک شـوێنی دیـاریکراو ڕۆژمـان لـێ هەڵات ، هەریەکەو لە بـن بنەدارێـک لەنزیـک شـاخی (تۆکمە) لەتەنیشت گونـدی (قـازان) و نزیـک گونـدی (تەڕەمـار) تـا ئێـوارە مـاینەوە و خۆمـان شـاردەوە و نەمانــدەتوانی بــڕۆین ، چــونکە کەوتبــوینە نێــوان ئۆردوگـــای ، پیرەمەگرون و باینجان و لێمانەوە نزیـک بون ، شوان و گـاوانی تـاک و تەرا بەوناوەدا دەهـاتن و دەڕۆیشـتن ، ژوان و چاوەڕوانیمـان هەبو لەگەڵ ئەوبرادەرەی ناوشار ، کاک ئاکۆ گوتی برادەران دەبێ بچم بۆ شوێنی ژوانی دیاریکراو لە گوندی (ئاڵا قولی) بزانم ئەو بـرادەرە نـابینم ، گوتمـان چۆن دەچـی گـوتی بەشـەرواڵ قەمیسێکەوە دەچـم ، ئەگەر ئـاوەدانیم بینـی دەڵێم مانگایەکمـان بزربـوە لەدوای دەگەڕێـم ، کـاک ئـاکۆ بەقەمـیس و شـەرواڵێکەوە بەبـێ چەک ڕۆیشـت ، لەڕێـگە دەگـاتە شـوانێک ، دەڵـێ کـاکەی شـوان مـاندونەبی شـوانەکەش جـوابی سەلامەکەی دەداتەوە ، بۆئەوەی شوانەکە بەلاڕێدا بەرێت خەیـاڵی بـۆ هیچ نەڕوات کاک ئـاکۆ دەڵـێ ئەرێ مانگایەکت نەبینیوە؟ شـوانکەش دەڵـێ نـاوەڵڵا ، بەوفـێڵە خـۆی لەشـوانەکە ڕزگـارکردبو تێـپەڕ بـو ، ڕۆیشـتبو گەیشـتبوە شـوێنی ژوانەکە لەگونـدی (ئەڵاقـولی) لەوێ ، لەسـەر تەپـۆلکە شـاخێک چـاوەڕێی ئەو بـرادەرەی کردبـو ، تـا ئەو هـاتبو گەیشـتبونەیەک ، پـاش چەنـد سـاتێک ، لەگەڵ ئەوبـرادەرە دەرکەوتن هاتن بۆلامان و گەیشتن .

که لەگەڵ برادەران چاومان پێیان کەوت هەموومان ناسیمانەوە ، ئەویــش هەموومــانی ناســیەوە ، چــونکە پــێش ئەنفــال پــێکەوە

پێشـمەرگەبوین لەتیپـی 21ی کەرکـوک ، بەدیتنـی لەوێ بۆمـان دەرکەوت بـرادەرە هاوکـارەکەی نـاو شـار کـاک چەتۆسـالح بـرای شەهید دکتور هادیە ، بەدیتنی کاک چەتۆ شاگەشکە و خۆشحاڵبوین و دڵمان پێی کرایەوە ، بەخێرهاتنمان کرد ، ئەویش هەروا ، کاک چەتۆ (سەمون و هێلکەی کوڵاو و پاکەتی سۆمەری ڕەش)ی بۆهێنـابوین ، چەند کاتژمێرێـک لەلامـان مـایەوە و پێکەوە دانیشتین ، مەوعیدی دوەم دانرا بۆ پاش دو ڕۆژی دواتر ، دەبو لەگوندی (تیژە و تلیـان) یەکمـان بگرتبـایەتەوە ، ئێمە زۆر پیس و چڵکن و ئارەقـاوی بـوین ، کاک چەتۆش جوتێ پێڵاوی جوان و گۆرەوی سپی و قاتێکی ڕەش و قەمیسێکی سپی لەبەربـو ، لەخۆمـانەوە بێزمـان لەخۆمـان دەبـوەوە ، خواحـافیزی لێمـان کـرد و ئەو ڕۆیشـت ، لەسـەر ئەو حـاڵەوەش زۆر لەخەمـی کـاک چەتۆدابـوین ، چـونکە ئەم شـێرە پیـاوە لەخۆبـورد و بوێرە ، هەر دو ساڵێک دەبو پیاوانی ڕژێم بەعسی ڕەفتار فاشی جگە لە شەهید دکتور هادی کە لەپێشمەرگایەتی بەچەکی کیمیاوی شـەهید ببو ، باوکی و 6 برای تری کاک چەتۆیان شەهید و بێ سەرو شوێن کردبو ، بۆیە لەخۆمان زۆر زیاتر خەمیمان بو ، وە بڕوامـان پێـی بـو ، گوتمـان بەڵـێ کـاک غەریـب گـۆترە نەیگـوت مەفرەزەکەی ئێـوە سـەرکەوتو دەبێـت ، بێگومـان پیـاوی ئەوهـا قارەمـان و بـوێر و دڵێـر چاوسـاغ و هاوکارمـان بێـت ، بەدڵنیـاییەوە سـەرکەوتو دەبـین ، بـۆیە کاک ئاکۆ لەکاتی ڕۆیشتی کـاک چەتۆ گوتی چەتۆ گیـان زۆر ئاگـات لەخۆت بێ نەکا شوانەکان بتبینن و خەبەرت لێبدەن ، کـاک چەتۆش گـوتی خەمـی ئەوەت نەبـێ نـاهێڵم بمبینـن . ئەو ڕۆژی و لەچاومـان بزربو ، ئاومان پێ نەمابو مانگی 7 بو دونیا زۆر گەرم بو ، کـانیەک

نزیکمـان بـو بەڵام لەبەر ترسـی شـوان و گـاوان نەمـان تـوانی بچـین بۆسەر کانیەکە ، هەرچی چۆنێک بو ئەوڕۆژمان بردسەر ، ئێوارە داهات چوینەسەرکانیەکەو لەوێ نانمان خـوارد ، دوای نـان خـواردن کەوتینەڕێ .

لەشاخی تۆکم -ەوە بۆ کێوە چەرمەڵە

شـەوی 6/5 /7 /1990 لەشـاخی تـۆکمەوە کەوتیـنە ڕێ بەرە و (کێوە چەرمەڵە) بەپشتی گوندی سەروچاوەدا رۆیشتین دورکەوتینەوە ، کاک ئاکۆ شارەزابو لەپێشەوە دەڕۆیشت ، کاتێک هەڵوەستەی کرد هەمووەمـان وەسـتاین هەسـتمان ڕاگـرت گوێمـان لە دەنگەدەنـگ و حیکایەتی ئاوەدانی بو ، بۆمـان دەرکەوت ڕەبێەی جاشە لەپێشمانە ، نەختێـک کشـاینە دواوە دواتـر بەنهێنـی بەتەنیشـیانا تێپەڕبـوین ، لە (کـانیی بـۆگەنە) نزیـک گونـدی (بلـوکێن) گەیشـتینە ڕەز و باخێـک لەوێـش دەنـگە دەنگـی ئـاوەدانی کەوتەبەرگوێمـان ، وەسـتاین و هەسـتمان ڕاگـرت دارێـک تـویی گەورەی لەناوبـاغەکە بـو ، دەنگەدەنـگەکە لەبنـدارەکە دەهـات ، بۆمـان دەرکەوت کە خـاوەن بـاغەکەیە ، بەڵام نەمـانزانی چەندکەسـن ، ئەوانـیش کەهەسـتیان بەئێمەکـرد هەڵاتـن و شـوێنەکەیان بەجێهێشـت ، چەکەکانمـان لەنـاو دەستمان بو بەوریاییەوە چوینە ژێر دارە تومکە بینیمـان هەندێـک نـان و شوشەیەک شەربەتی نادر و یەک تورمز ئـاوی بەفراو سـارد لەبن دارتومکەیە ، هەرلەوێ شوشە شەربەتەکەمان بەو ئاوە ساردە گرتەوە و بەنانەکەوە خواردمان .

دواتر درێژەمان بەڕێ و ڕۆیشتندا دەمەو بەیانی گەیشتینە شاخی چەرمەڵە و بەیانی ئەوڕۆژە لەوێ ماینەوە ، سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە کەوتینەوە ڕێ بەرە و (ئەشکەوتەکەی فەقێ میرزا) لەوێ (کاک ئاکۆ و کاک ئاواتەڕەش و کاک پۆلا) ڕۆیشتن بۆ شوێن مەوعیدەکەی لای کاک چەتۆ کە لەگوندی (تیژە و تلیان) بو ، زۆر چاوەڕێیان کردبو ، بەڵام کاک چەتۆ نەهاتبو ، ئیتر ئەوان گەڕانەوە لامان ، بۆ سبەی ئێوارە دوبارە (کاک پۆلاو کاک ئاوەاتەڕەش) چونەوە بۆ هەمان شوێنی مەوعید لە (تیژە و تلیان) دو شەوو ڕۆژێک مانەوە ، بەڵام کاک چەتۆ نەهاتبو ، لەبەرئەمنیەتی خۆمان ، شەوی سێیەم گەڕانەوە لامام لەهەڵەتی ماسقەلان یەکمان گرتەوە ، ئەومەوعیدەمان حاسڵ ، لەماوەی ئەو سێ شەو و ڕۆژەی برادەران ل (تیژە و تلیان) چاوەڕیی کاک چەتۆیان کرد ، ئێمە چوینە (چەمی تاژین) لەنزیک گوندی (فەقی میرزا) پشوماندا ، زۆر برسی و تینوبوین کاک ئاکۆ گوتی برادەران لەساڵی 1988 لەکاتی ئەنفال لەم چەمە هەندێک خواردنم وەک (ئارد و شەکر و برنج و نۆک) شاردۆبوەوە ، بابچین بۆ شوێنەکە بزانین ماوە ، ڕۆیشتین و گەڕاین دۆزیمانەوە و هێنامان ، بەڵام ئارد و برنجەکە مشکی زۆر تێیدا تۆپی بو ، بەو حاڵەوە چونکە هیچمان شک نابرد لەگەڵ ئازوخە کەمەکەی پێمان مابو کەوتینە بەکارهێنان و خواردمان ، چێشتێکی برنج و نۆکمان دروستکرد و ئاردەکەمان کرد بەهەویر و نان ساجیەکی زۆرمان لێ دورستکرد ، لەچەمی(تاژین)ەوە ڕۆیشتین بۆ هەڵەتی ماسقەلان ، لەڕێگە بەرە و شێخ بزێنی گیانێکمان بەو نانە بو ، ئەگینا زو نانمان لێ دەبڕا .

لەماسقەلانەوە بۆ شێخ بزێنی

لەڕێکەوتــی 10 / 7 /1990 لەماســقەلان ـەوە بەڕێکەوتــین بەرە وسنووری شێخبزێنی خواروو ، کـاک ئـاکۆ لە پێشـەوە دەڕۆیشـت تـا نزیـک گونـدی (تەرمقە)ی ناوشـوانی نزیـک چەمـی شیوەسـوور ، لەوێ گوتی با فەخرەدمین سمایل بەگی بێتەپێشەوە و لەپێشەوە بڕوات ، چـونکە ئەو نــاوچەکە لەئـێمە باشــتر شــارەزایە ، کەوتــمە پــێش مەفرەزەکەو کەچوینە چەمـی شیوەسـوور و بەچەمەکەدا ڕۆیشـتین ، لەناو چەمی شیوەسوور گوێم لەدەنگە دەنگی ئاوەدانی بوو ، وەستام و بەسەبرێک چرپاندم بەگوێی کاک ئاکۆدا و ئاگادارم کردەوە ، ئەویش بەهێواشی گوتیە برادەران بێ دەنگی بپارێزن ، لەو شـوێنە کەمێـک وەســتاین هیچمــان بەدی نەکــرد ، دواتــر لەســەرخۆ و بەهێمنــی درێژەمــان بەڕۆیشــتندا بەچـۆمی شیوەسـووردا بەرەو سـەر جــادەی گشــتی شــوان - تەقــتەق بەمەبەســتی پەڕیــنەوە لەوجــادەیە کەجێــی مەترسی بو چونکە رەبیەی جاش لەبەرزایەکـان دەوروبەری هەبو ، نزیــک جــادەکە کەوتیــنەوە گەیشــتبوینە ناویــان بەوردی تەماشــای ســەرجادە و ئەم بەر و ئەوبەری جادەکەمــان دەکــرد ، لەپــڕ تێبینــی هەنـدێک کەسـمان کـرد کە لەبـن کەپـرە سـاباتی هـاوینەدابون لەنـاو شیوەسـوور ، ئەوجـار هەمومـان سـەیرمان کـرد ، سـەرەتا گوتمـان لەوانەیە ئەوانە خەڵکی گوندەکانی ئەم دەوروبەرەبن هاتون بۆ هەنجیر کـردنەوە شـەو لێـرە مـاوەتەوە ، ڕێگەکەشـمان بەتەنیشـت سـاباتەکەدا دەڕۆیشــت ، بەوریـاییەوە کەوتیـنە ڕێ لەسـاباتەکە نزیـک بـوینەوە لەناکـاو سـەگی ڕەبیەکـان هەسـتیان کـرد و پیمـان وەڕیـن ، ئەوانەی

لەنــاو کەپــرە ســاباتەکەبون ، لەگەڵ وەڕینــی ســەگەکان لە ســاباتەکە هــاتنەدەرەوە ، ڕەبێیەی تــری جــاش لەمبەر و لەوبەری شیوەسـوور هەبـو ، یەکێـک لەجاشــەکانی ڕەبـیەی بەری لای کەرکـوک بــانگی ئەوانەی نــاو ســاباتەکەی کــرد و ئاگــاداری کــردنەوە و گــوتی ئەوانە جەماعەتی خۆمانن لەکەمین دێنەوە ، ئێمەش لەترسان خۆمـان مـات کرد .

بەم بانــگ کــردنەی جاشــەکانی ڕەبــیەی بەری کەرکــوک و ئاگادارکردنەوەی جاشەکانی ناوساباتەکە سودفەیەکی زۆر جوان بو ، بۆمان دەرکەوت کە ئەو دەنگە دەنگەی پێشتر کە کەوتە بەرگوێمان کەمینــی جـاش بـو ، کە بەســەلامەتی لێـی تێـپەڕ ببـوین ، ئەوەی نــاو ســاباتەکەش هەرجاشـن ، فرسـەتێکی باشـمان بـۆ ڕێـکەوت ، چـونکە جاشــەکانی نــاو ســاباتەکەیان دڵنیــاکردەوە ، کە وەڕینــی ســەگەکان بەجاشەکانی ئەوانە کە لەکەمین دەگەڕێنەوە ، ئەوانیش بێدەنگ بون ، بــێ ئاگــا لەوەی کە جاشــەکانی ئەوان نـین و ئــێمەی پێشــمەرگەین ، ئێمەش بێـدەنگ و هێـواش بەنهێنـی یەک یەک ڕۆیشـتین و لەجـادەکە پەڕیــنەوە ، بەڵام هێشــتان زۆر لەجــادەکە دور نەکەوتبــوینەوە ، ئۆتۆمبێلێک لەوکاتەدا بەخێرایەکی زۆر هاتو لەنـاوی سـەر جـادەکەی ناو شیوەسووری دا و مەکینەی سەیارەکە تەربو کوژایەوە ، کەوتینە نێوان سەیارە کوژاوەکەو ڕەبیەی جاشەکانەوە ، لەترسـی ئاشـکرابون لەسەر زگ خۆمان لەناو ئەو بەستە لەسەر زەوی درێژکرد ، چونکە زۆر ترسـاین ئاشــکرابین ، بەڵام خــوا ڕەحمــی کــرد ســەیارەکە زو کەوتەوە ئیش و ڕۆیشت ، ئەوساڵە بەهۆکـاری بـاران بـارینێکی زۆر و ئەوەی کە گوند نشینانیش نەمـابون نـاوی شیوەسـور بـۆ کشتوکاڵ و

ئـاژەڵ بەکـاربهێنن نـاوی شـیوە سـوور هێشـتا زۆر بـو ، ئـێمەش بەخێرایـی هەسـتاین و بەشـیوە سـوردا ڕۆیشـتین بەرە و سـنووری گونـدی (کـانی ڕەشـی شێخ بزێنـی خـواروو) چونکە دەروازە ڕێـی شـوان شـێخ بـزێنیە ، بەخەیـاڵی خۆمـان دوای دورکەوتنەوەمـان لەڕەبیەی جاشـەکان و نەمـانی ترسـێکی وا لەسـەرمان ، کـاک ئـاکۆ گوتی باپشـویەک بـدەین ، بـێ تـرس دانیشـتین و ئاومـان خـواردەوە و برادەران ئەوەی سیخارکێش بو سیخاری کێشا ، دواتر هەستاین بەرە و (هەڵەتــی هەنــارە)ی گونـدی عەمـدۆن کەتیـنەڕێ کە دەکەوێـتە نزیـک سەرکەلی شوان لەنێوان ئاقاری سێ گوندی وەک (عەمدۆن ، حەسـەن قایـاغ ، مەرزیـخەی خـواروو) هەرئەو شـەوە گەیشـتینە هەڵەتـی هەنـارە و دوا شـوێنی دیاریکراومـان ، لەوێ بـێ تـرس لێـی خەوتین .

ئەو شەوەی بەخت یاوەرمان بو

ئەو شەوەی لەچەمی شیوەسوور و جادەی گشتی شوان – تەقتەق ، بەنــاو کەمـین و ڕەبـیەی جاشــەکان تێپەڕبـوین و پەڕیـنەوە بەری شـێخبزێنی ، دواتـر بەحسـابی خۆمـان کەپـیش ئەنفـال ئەو شـوێنە شارەزابوین جێی مەترسی نەبو ، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بـو ئێمە لەنـاوچەکە دابرابـوین نەمـانزانی ڕژێم ئەو نـاوەی بەڕەبـایە تەنیوە ، ئەوشوینە پشومان لێی دابو کە کەوتبوە نزیـک گونـدی کـانی ڕەش شـێخبزێنی خـواروو بـرادەران بێتـرس جگەرەیـان لـێ کێشـا ، لەدوای ئەوەی لەڕێـی دوربـین و ئەوخەڵـکەی لەنـاوچەکە خەریکـی کشـتوکاڵ بـون ، زانیمـان و بۆمـان دەرکەت کە ئەو شـوێنە جێـی

مەترسی بوە ، چونکە ڕەبیەی تازە دروستکراوی ڕژێمی بەعس بەسەر ئەو لاپاڵەوە بو ، کە ئێمە پێشتر بێ ترس لێی پاڵ کەوتبوین ، بەڕاستی بەبیستنی ئەم هەواڵ و دیمەنەی دواتر سەرسام بوین ، چونکە هەرخودا پاراستبوینی گوتمان چۆن ئاشکرا نەبووین ، بەڵام وادیاربو بە هۆکاری شەو ڕاکشاوی و درەنگی شەوگارەوە کە کاتژمێر نزیک 3ی دوای نیوە شەو بو ، بەخت یاوەرمان بوە .

برسێتی شاڵاوی بۆ هێناین

دوای بڕینی ڕێگەیەکی زۆر دور و درێژی چۆڵ و پڕ لە زەحمەت و مەترسیداری سەخت و دژاوار بەسەلامەتی و بەسەرکەوتویی گەیشتینە سنووری کەرکوک – ناوچەی شێخ بزێنی خوارووی هەڵەتی هەنارەی گوندی عەمدۆن ، ئەمجارە برسێتی شالاوی بۆهێناین ، جگە لەهەندێک نانساجی هیچی ترمان پێ نەمابو ، ئەویشمان بۆ ئاخر بەرگری لەبرسێتی هەڵگرتبو ، برسێتی سات لەدوای سات تینی بۆ دەهێناین هەرچەندە ئومێد بڕاو نەبو بوین ، بەڵام وزەی پێ نەهێشتبوین و هەموومانی خستبوە بیری خۆیەوە ، دیسانەوە کاک ئاکۆ بەفریامان کەوت ، گوتی برادەران ساڵی 1988 لەکاتی ئەنفال هەندی خۆراکم لەهەڵەتی گوندی دەرماناو شێخ بزێنی ، لەدۆڵ و کەندو لەندو بنکەورە شاخەکان شاردۆتەوە زۆر دور نییە لێرەوە ، بابڕۆین بزانین ماوە بەڵکو بەکەڵکی خواردن بێ تا بیانهێنین و سوودیان لیبینین ، ڕۆیشتین چوینە شوێنی ئازوخەشاراوەکان و دۆزیمانەوە ، کە بریتی بو لە سێ فەردە شەکر و بڕێک برنج و ڕون و ئاردێکی زۆر ، بەڵام بەداخەوە ئاردەکە کاتی خۆی کرابوە ناو تەنەکەوە باران تەڕی کردبو بێکەڵک ببو ، شەکرەکەش فەردەیەکیان

زەردەواڵە و مێش و مەگەز خواردبوی و نیو فەردەی تریش تێکەڵ بەخۆڵ ببو برنجەکە نیوە بەنیوە پڕبو لەگو مشک ، ئەوەی مابو هاوردمان و گەڕاینەوە هەڵەتی هەنارە و چێشتی برنجمان لێناو هەر برنجەکەمان بەبێ نان دەخوارد ، کاک ئاکۆسوور گوتی نان ساجیەکەی کەپێمان مابو هەڵیگرن وەک دوا فیشەکی مقاوەمە تا لەگەڵ هاوکارەکەمان کاک چەتۆ یەک دەگرینەوە ، بەو حاڵە چوار ڕۆژمان برد ، بۆبەدبەختی ئەونان ساجییەی کە بۆتەنگانە هەڵمان گرتبو کاتێ لێی بەئاگا هاتین کەڕو لێیدا بو بەکەڵکی خواردن نەدەهات ، برسێتی دەستی لەبینا قاقامان گیرکردبو بۆ نانێک بەئاسماندا دەچوین .

لەهەوڵی دۆزینەوە کاک چەتۆدا

کاک ئاکۆ گوتی برادەران لەگەڵ خاڵە بەخە دەچم بۆ نزیک جادەی سەرەکی تەقتەق - کەرکوک ، بەڵکو سودفەبکات چەتۆ لەناو سەیارەیەکەوە بمان بینێت و بمان ناسێت و دابەزێت و بێت بۆلامان ، کاک ئاکۆ چۆن فەرماندەمان بو ئاواش خەم خۆرمان بو ، خۆی و خاڵەبەخە خۆیان کردە مەدەنی و بەقەمیس و شەرواڵێکەوە یەکێک لەجیهازە بچوکەکانیان بردو هەردوکیان ڕۆیشتن ، بەداخەوە ئەو سودفەیە ڕوی نەدابو ، کاک ئاکۆ پیاوێکی زۆر ئازاو بەجەرگ و قارەمان و لەڕێ و ڕۆیشتن گورج و گۆڵ و خێرابو ، کاک ئاکۆ و خاڵە بەخە چەند شەوێکیان پێچو نەهاتنەوە ، ئێمەش نارەحەتبوین دڵمان لەلای ئەوان بو ، ئەوەی لەلام غەریب بو ئەو چاوەڕوانیە بەردەوام و نەپچڕاوەمان بو بۆگەڕانەوەی کاک ئاکۆ و خاڵەبەخە ،

بڕوابکەن بیرەوەری کاتی منداڵی لادێی بیرهێنایەوە ، چۆن منداڵانی لادێ کە باوکیان دەچو بۆ شار تا ئێوارە دەگەڕایەوە بە دڵخۆشیەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکیان بەدەست و دیارییەوە دەکرد ، ئێمەش ئاوا لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئاکۆ و خاڵەبەخە بوین کەبزانین چیان کردوە و چیان بەسەرهاتوە ، چونکە درەنگ کەوتن و تاخیر بون و نەهاتنەوەیان ، لەوبارو زروفەو ترسی لایەنی ئەمنی و لەلایەکیش برسێتی بێتاقەتی کردبوین بەتایبەت نان .

نیگەرانی ئەوان درێژەی چاوەڕوانی پێ پچڕاندین ، سێ شەو و ڕۆژە ئەوان نەگەڕاوەتنەوە ، کاک ئاواتەڕەش گوتی بابچین بۆ حاوی گوندی جگیلە هەم هەواڵی ئەوان دەزانین هەم هەندێک تەماتەو بامیە و شوتی و تەڕەی تر بۆخواردن دەهێنین و دێینەوە ، گوتمان زۆر باشە بابچین ، هەموومان ئەو شەش کەسەی مابوینەوە ، ڕۆیشتین بۆ حاوی جگیلە و زوڕناسەر و گەیشتین ، لەناو زرعاتەکان بوین ، خەریکی شوتی و لێکرنەوەبوین ، دیارە لەوکاتەدا کاک ئاکۆ و خاڵەبەخەش لەوێ بونە ، بەڵام ئێمە ئەوانمان نەبینیبو ، تومەز ئەوان ئێمەیان بینیوە وایان زانیوە جاش و پیاوخراپین ، هەتا پایان تیابو بەرە و شوێنێ حەشارگەکەی خۆمان بۆ هەڵەتی هەنارە هەڵاتبون ، ئـێمەش بەئـارەزووی خۆمـان تەڕەمـان لێکـرەوەو هەر شـەش کۆڵەپشتەکەمان پڕکرد ، لە بامیە و بیبەرو شوتی و تەماتەمان بردو گەڕاینەوە بۆ شوێنی شاراوەی خۆمـان ، هەتـا نەگەیشتینە نزیـک شوێنی حەشارگەکەی خۆمان هەستمان بەهیچ نەکرد ـ لەوێ ئێمەش هەستمان بەشتێک کرد ، زۆر ترساین لەوەی کە خەڵکی پیاو خراپ بەشوێن مانەوەبێ بۆئەوەی شوێنەکەمان پێ بزانێ ، جاری واهەبوە

ئێمە بەتەنیشت ئەوانەوە ڕۆیشتبوین ، ئەوان لەترسی ئێمە خۆیان لەتەریک ڕێگەکە خۆیان ماتداوە ، بەحسابی ئەوان ئێمە جاشین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەیەکە ئێمەیان ژماردبو کە شەش کەسین ، بەوە تۆزێک پشو هاتبوە بەریان دڵیان خۆش بو ، بەڵام هەر بڕوای تەواویان نەکردبو ، بەڵام ئێمە ئەوانمان نەبینی ، کە ئەوان لەسەر ڕێگەکەی ئێمە خۆیان ماتکردبو ، ئەوان ئێمەیان خستبوە پێش خۆیانەوە و لەدوای ئێمەوە ئەمجار هاتبون ، شوێنکمان هەبو نزیک بو لەگوندی مەرزیخە قەمیشەڵان و کانی و ئاو بو ، هەمو جارێک گەر بۆڕۆیتینایە و بگەڕایەتینەوە لەوێ پشومان دەدا ، ئەوکاتەش لەوێ پشوماندابو ، کاتێک گوێمان لەدەنگی خشپەی پێ بو ، ، ئێمەش ترساین کە جاسوس و پیاو خراپ و جاش دوامانکەوبێ تا شوێنەکەمان پێبزانێ و بمانکەنە دەستکەوتی خیان ، لەدەور کانیەکە خۆمان ماتکرد ، چونکە دو ڕۆژ پێشتر بەبروسکە لەڕێگەی جیهازەکەمانەوە بەڕێز کاک ئەوشیروان مستەفا ئاگاداری کردبوینەوە کە سیخوڕەکانی ڕژێم دو دو سێ سێ پێکەوە بەجیهازی بچوکەوە لەناوچەکە خۆیان شاردۆتەوە و لەدوای پارتیزانەکان دەگەڕێن و ئاگاداری خۆتانبن ، دوای ئەوەی باش لێیان وردبوینەوە بینیانمان دو کەسن ، دەنگیانمان دا ، باش بو زو یەکمان ناسیەوە ، کاک ئاکۆ دەنگی بەندە فەخرەدین سمایل بەگی ، ناسیوە ، گوتی بێ .... ک ، ئەوکاتە لەیەک ئاشکرابوین ، هەتا لەیەک ئاشکرابوین و لێک گەیشتین زۆری پێچو ، ئیتر یەکمان ناسیەوە ، ئەوان لەترسا هیچ شتێکیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابو ، ئیتر پێکەوە چوینەوە شوێنی خۆمان .

دوای ئەوەی کە گەیشتینەوە شوێنی حەشارگەکەی خۆمـان ، زۆر پێکەنـین بەوەی ئـێمە بەکەیفـی خۆمـان و بـێ تـرس گەڕاوەتیـنەوە و گەیشـتوتینەوە شـوێنی خۆمـان ، بەڵام ئەوان زۆر ترسـاون و لەپـێش ئێمەوە هەرڕایـان کـردوە ، کـاک ئـاکۆ زۆر توڕەبـو گـوتی باشـە بـۆ دەنــگ نــاکەن ، ئـێمە والە حـاوی گونـدی جگـیلەوە لە ترسـی ئێـوە لەپێشتانەوە ڕادەکەین .

بەسەرهاتی کاک ئاکۆو خاڵەبەخە

دوای یەکگرتنەوەمـان لەگەڵ کـاک ئـاکۆ و خـاڵەبەخە کـاک ئـاگۆ بەسەر هاتی خۆیانی بۆمان گێڕایەوە و گـوتی: دوای ئەوەی سـودفەی نەکرد کاک چەتۆ بدۆزینەوە ، لەسـەرجادەی (کەرکوک – شـوان – تەقتەق)ەوە ، لەوێوە چوین بۆ حاوی گوندی قەرەناو و حاوی گوندی جگـیلەو زوڕناسـەری چەمـی گونـدی (ئیلنجـاخ) ، لەپـێش ئەنفـال مـاڵێکی ناسیاوم بەنـاوی (دایە خـونچە) لەوێ کشـتوکاڵیان دەکـرد ، ماڵی ئەم دایە خونچەیە دۆستێکی زۆر نـزیکم بـون و لەخۆشەویسـتی یـا پێم دەگـوت دایە خـونچە . شـەو لەحـاوی قەرەنـاو ماینەوە ، بەیـانی ئەو ڕۆژەی لەحاوی قەرەناو مابوینەوە لەناو ڕەز و باخی هاوڵاتیەک لەناو گەبەڵە توتڕکێک خۆمان شاردبوەوە ، کاتێک خاوەن ڕەز خۆی و ژنەکەی هـاتنە سـەر ڕەزەکەیـان و کەوتـنە کـارکردن ، بۆ نەگبەتـی ئـێمە پیـاوەکە بەژنەکەی گـوت ئەو داسـولکەیەم بـۆ بێـنە ئەمـڕۆ ئەم تـوتڕکە دەبـڕم ، ئـێمەش وا لەنـاو تـوتڕکەکە خۆمـان شـاردۆتەوە ، چێبکەین چینەکەین ترسمان لێ پەیدا بو دڵمان لەسەت لێی دەدا دوعـا دوعامـانە خـوایە نەیەت و پەشـیمان بێـتەوە ، بۆسـەلامەتی خۆمـان

لەگەڵ خاڵەبەخە بڕیارمدا ، ئەگەر کابرا هات بۆلای تورەکەکە پێش ئەوەی دەست بەبڕینی بکات ، یەکسەر لەناو توترکەکە دەردەچین و خۆی و خێزانەکەی دەگرین و دەست بەسەریان دەکەین تا دەمەو ئێوارە خۆر ئاوابون ، خۆمان حازرکرد ، بەڵام خوا ڕەحمی کرد ژنەکە بوە بەسەبەب و گوتی پیاوەکە دەتوخوا وازبێنە ئەمڕۆ مەیبڕە و بیخە سبەێنێ وەک ئەوەی خوا لەدڵی نابێ ، وەڵحاسڵ ژنەکە داسولکەکەی بۆ نەبرد و ئەویش وازی هێناو نەهات و خەریکی ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆیان بون .

لەوکاتەدا حکومەت ڕێگەی بەخاوەن ڕەزو زرعاتەکان نەئەدا لەکاتژمێر چوار بەدواوە لەسەر زرعاتەکانیان بمێنەوە ، دەبو لەو کاتە بەدواوە جێی بهێڵن و بڕۆنەوە ، ئەوان ڕۆیتنەوە ، ئێمەش تا نزیک مەغریب لەوشوێنە ماینەوە و ، دواتر گەڕاینەوە بە حاوی گوندی جگێلەدا لەوێوە بۆ حاوی زوڕناسەری ئیلنجاخی ناوشوان بۆ سەر کشتوکاڵی ماڵی دایە خونچە ، لە دڵسۆزی دایەخونچە و بنەماڵەکەیان دڵنیابوم ، چونکە تابڵێی خێزانیکی شۆڕشگێڕ و کورد پەروەربون ، پێم وابو ئەگەر دایەخونچە لەچەمی زوڕناسەر مابێ لەوێوە دەروازەکانی پەیوەندیە نهێنیەکان بەڕوماندا دەکرێنەوە ، شەو لەوێ ماینەوە ، بەیانی ئەو ڕۆژە ، لەوێ بەخۆشحالیەوە چاومان بەدایەخونچە کەوت ، کە دایە خونچە چاوێ پێمانکەوت و ئێمەی بینی ، ئای چۆن شاگەشکەبو ، گوتی توخوا پێم بڵی ئاکۆ چی دەکەی لێرە؟ بۆچی هاتوی؟ ، گوتم دایەخونچە هەر پێشمەرگەکەی جارانین و ئەنفال چۆکی پێ دانەداوین چەکی شەرەف و بەرگریمان هەرلەشان ماوە کوردستانمان بەتەنها جێ نەهێشتوە ، ئیستا

بەپارتیزانی هاتوینەتەوە سنورەکەی خۆمان ، بۆیە هاتوین بۆلای تو تاخەمێکی دایکانەمان لێبخۆی ، زۆر ماندو هیلاک و برسیش بوین ، دایەخونچە کە گوێی لەم قسانە بو ، خێرا گورج و گۆڵ هەستاو گوتی ئاکوگیان نەخێتیک نارام بگرن ها ئەهـ ، دەست وبردی کرد و چای بۆ لێنایین و نان و چامان خوارد ، دواتر گوتم دایەخونچە خۆ هەر خۆم و ئەم پێشمەرگەیە بەتەنهانین بەڵکو کۆمەڵێ پێشمەرگەی ترم لەگەڵەدایە مەفرەزەیەکین ، ئەوانم لەو چەمانەی خوارەوە جێ هێشتوە ، دایەخونچەی شێرەژن و شۆڕشگێر و نیشتیمان پەروەر و ژنی ڕۆژی تەنگانە گوتی باشە بەچاوان کوڕی خۆم چەندی لەتوانام هەبێت هاوکاریتان دەکەم ، دەمەو ئێوارە داهات ئەو ڕۆیشتەوە بۆتەقتەق ، ئێمەش دوای مەغریب ویستمان لەزرعاتەکانی ئەو حاویە تەڕەو شت بڕنین و بگەڕێینەوە ئێومان بینی بەدەستی بەتاڵ هەڵاتین .

وەک چاوەڕوانمان دەکرد دایە خونچە هەروا دەرچو بوە هۆکاری کردنەوەی دەروازە نهێنیەکان بەڕوماندا و کۆمەڵێ زانیاری گرینگی لەسەر ناوچەکە و ئەو خەڵکەی کە وەک ئەو لە ناوچەکە خەریکی ڕەز و باخ و کشتوکاڵ بون دابوە کاک ئاکۆ ، بۆ نمونە ماڵی (حاجی غەفور) کە خەڵکی گوندی سمایل بەگی بون و چەند ماڵێکی تر لەچەمی مەرزیخەی سەروو کەخەریکی رەز و باغ و کشتوکاڵ بون ، دەمەو عەسر داهات دایە خونچە گەڕایەوە بۆ تەقتەق و ، ئێمەش لەوێ ماینەوە ، چونکە حکومەتی بەعس قەدەغەی کردبو لەکاتژمێر چواری ئێوارە بەدواوە کەس لەسەر کشتوکاڵ بمێنێتەوە ، بۆیە هاتو

چۆیـان دەکـرد بەشـەو دەچـونەوە تەقـتەق و بەڕۆژ کـات ژمێـر 8ی بەیانی دەهاتنەوە سەر کشتوکاڵەکانیان .

ئەنوەری حاجی غەفور و مەلەکی خێزانی

دوای ئەم بەسەرهاتە کاک ئاکۆ گوتی: فەخرەدین ئەمجارە نۆرەی تۆیە بچیت نان و خۆراکمان بۆ پەیداکەی؟ گوتم بەسـەر چاو ، بەڵام چـۆن؟، گـوتی: دایەخـونچە زانیـاری پێـداوم ماڵێـک بەنـاوی حـاجی غەفور خەڵکی گوندەکەی ئێوە لەچەمـی گونـدی مەرزیـخەی سـەروو خەریکـی ڕەزوبـاخن ، پەیوەنـدیتان چـۆنە لەگەڵ یەک ، بەم هەواڵە زۆر دڵخۆشـبوم ، چـونکە مـاڵی حـاجی غەفـور خزمـی خـۆم بـون و خێزانیکـی شۆڕشـگێڕ و نیشـتیمان پەروەر و جێگـای متمـانە بـون ، گوتم پیوەنـدیمان زۆر باشـە ، بەنـدە و خـاڵە بەخە ڕۆیشـتین بـۆ مـاڵی حاجی غەفور لەچەمی مەرزیخە و گەیشتین و شەو لەناو ڕەزەکەیـان ماینەوە ، بەیـانی ئەوڕۆژە مـاڵی حـاجی غەفـور بە مەکینەی تراکتۆر کاتژمێر 8ی بەیانی ئەنوەری حاجی غەفورو مەلەکی خێزانی هاتن و گەیشتن ، ئەوان دابەزیـن خەریکـی ئیشـوکاری ڕۆژانەیـان بـن ، مـن بەبەرد و گەسـتەک تێگـرتن ئاگاداریـانم کـردوە کەئـاوەدانی لەنـاو ڕەزەکە هەیە ، ئیتر ئەوان ئاگـاداربونەوە ، مـن و خـاڵە بەخە خۆمـان کەشف کردو هاتنە لامان ، کەچاویان بەمن کەوت حەپەسان! چـونکە منیان دەناسی و خەڵکی گوندێک بوین ، گوتیـان تـۆ چییەکەی لێرە ؟

گوتم پێشمەرگەین و مەفرەزەکی پارتیزانین و هاتوینەتە خوارە و بەنیازین لێرە بمێنینەوە .

ئیتر ئەوان زۆر گەرم و گور و خولک خۆشبون لەگەلمان ، منالێک بەباوەشی (مەلەک)وە بو ، لێم پرسی کچە یا کورە ؟ گوتی کچە ، گوتم ناوی چیە؟ گوت ناوی (هەوار)ە ، ئومێدی تەمەن درێژیم بۆخواست ، پسکیتێک بەدەست هەوارەوە بو بڕوابکەن زۆر تەماحم چوبوە پسکیتەکە و وەختبو سوێم بۆی بێتەوە ، چونکە دەمێک بو نانەڕەق دەم و لێوی برینداركردبوم ، گوتم هەوار ئەو پسکیتە دەدەیتە مامە ؟ ئەویش زۆر سەخی تەبیعەتانە پسکیتەکەی بۆدرێژکردم و پێی دام ، نەمزانی چیبکەم لە نێوان خۆشەویستی و سۆزی ئەو منالە و خواردنی پسکیتەکە ، دیاربو هەستیان پێکرد کەزۆر تەماحم لەخواردنی پسکیتەکەدایە ، گوتیان ڕاوەستە پسکیتی ترمان پێیە بابۆت بهێنین ، کەوایانگوت زۆرم پێخۆش بو ، گوتم نا نەخێر مادام پسکیتی ترتان پێیە بۆ هەواری بێنن ، لەبەر خۆشەویستی ئەم کچە جوان و چاوگەشە ئەوە پسکیتەی دەستی ئەم دەخۆم ، وەلحاسڵ پسکیتەکەم خوارد ، ئاگام لێبو کەپسکیتەکەیم خوارد هەوار لەوەدوا بەمۆنەوە تەماشای دەکردم ، ئەو پەپولەیە ئاگای لەبرسێتی و حەزی من نەبو ، منیش سنوری ناز و دڵناسکی ئەوم پێ نەپارێزرا .

کاک ئەنوەری حاجی غەفورم تێگەیاند کە نانمان نەخواردوە ، ئەوانیش خێرا خوارنیان بۆحازر کردین و نان و چامان خوارد ، دواتر بەکاک ئەنوەرم گوت کەهەر من و خاڵەبەخەنین بەڵکو شەش پێشمەرگەی تریشمان لەگەڵدایە ، بەڵام ئەوان لەشوێنێکی نەختێک

دورترن و پێویستمان بەهاوکاری ئێوە هەیە ، کەلوپەل و خواردنمان لەتەقتەقەوە بۆ بهێنن ، گوتیان بەچاوان ، بەلام تکای ئەوەتان لێدەکەین ئەم هاوکاریکردنەی ئێمە ، با تا ڕۆژی خۆی دێت بەنهێنی لاتان بمێنێتەوە و پارێزراوبێ لەنێوان خۆمان و ئێوەبێ ، چونکە خۆتان دەزانن ڕژێمی بەعس زۆر زاڵمە بەم هاوکاریمان بزانێت وەڵلا ئەنفال و قەتلوعامان دەکات ، ئێمەش بەڵێنمان پێیاندا کە دڵنیاو بێخەمبن بەنهێنی دەمێنێتەوە ، ئێوارە داهات ماڵ حاجی غەفور ڕۆیشتنەوە بۆ تەقتەق و ئێمەش گەڕاینەوە لای برادەران ، ئەوماڵانەی خەریکی کشتوکاڵ بون لەوناوچەیە ، لەناحیەی تەقتەق(11) دادەنیشتن و لێیان قەدەغەکرابو بەشەو لەسەر ڕەز و باخ و کشتوکاڵەکانیان بمێننەوە ، بۆیە تەنها دەیان توانی بەیانیان بێن و بەڕۆژ بمێننەوە ، بۆیە هاتو چۆیان دەکرد ، بۆ ڕۆژی دوەم چوینەوە ناو ڕەزەکەی ماڵی حاجی غەفور خۆمان حەشاردا (ئەمجارە دایەخەجیجەی خێزانی حاجی غەفور) دەکاتە دایکی کاک ئەنوەریان لەگەڵ بو ، دایەخەجە کەئێمەی بینی زۆر دڵخۆش بو دەستی کردە ملمان و لەجێی دایکمان ماچی کردین و خواردنێکی زۆریان وەک (دو فەردە ئارد ، فەردەیەک شەکر ، تەنەکەیەک ڕون ، دوو سێ مریشکی سوورەوەکراو ، پاکەت ، موس و تاقم تراش ، سابون و تایت)یان بۆ هێنابوین ، شەوداهات ئەوەندەی پێمان چو لەکەل و پەلەکان لەگەڵ خۆمان بردمان و ڕۆیشتینەوە بۆ حەشارگەکەمان ، کاتێ کەگەڕاینەوە پێشمەرگەکان کەل و پەل و خۆراکەکەیان بینی زۆر دڵخۆش بون و گەشانەوە ، دواتر لەگەڵ برادەران کەل وپەلەکانی ترمان گواستەوە بۆ شوێنی حەشارگە نهێنیەکەمان ، ئیتر

ترسی برسیتی ڕەوایەوە . دوای چەند ڕۆژێک لەوەدوا کەبوینە خاوەن تەنەکەیەک ڕون ، حەزمان چوە گۆشت .

ئەومالەی گومانمان لێ بو – دۆستی خالەبەخە دەرچو

وەک پێشتر گوتمان و زانیاریمان لەدایەخونچە وەرگرتبو ، کەچەند مالێک لەناوچەکە هەن ، مالەکانیش بریتی بون لەمالی (حاجی غەفور و کوڕەکانی و مالێکی تر)، ئەوەی جێگای گومانی ئێمەی پێشمەرگەی پارتیزانەکانی ئەوێ ڕۆژێی دوای ئەنفال بو ، مالێکی تر نزیک مالی حاجی غەفور بو ، زۆر زەرور بو بەزویی بیناسین ، بۆیە پێویس بو لێکۆلینەوەی نهێنی لەکەسایەتی ئەومالە بکرێت ، چونکە کەسێکی نەناسراو لەو ڕۆژگارە سەختەدا نەتناسیبا نابو بتبینێ و هەست بەبونی پێشمەرگە بکات ، چونکە دەیتوانی ڕیسەکەمان لێبکاتەوە بەخوری یا بەپلان لەناومان بەرێت ، لەگەل یەکەم دیدارمان لەگەل مالی حاجی غەفور ئەو مالەیان لەنزیک بو ، خێرا لەئەنوەری حاجی غەفورمان پرسی ئەومالەکێن ؟ گوتیان مەترسن دلتان هیچ ناکات ، ئەوانیش وەک خومان خێزانێکی شۆرشگێر و نیشتیمان پەروەرن ، تاڕادەیەک بەقسەکانی مالی حاجی بڕوامان کرد ، بەلام لە لێکولینەوەی خومان نەکەوتین بەردەوام بوین و کاک ئاکو خالەبەخەی راسپارد بەدواداچون و لێکۆلینەوەی خێرا لەکەسایەتی ئەو خێزانە بکات ، لەئەنجامی بەدواداچون و لێکۆلینەوە دەرکەوت سەرۆکی خێزانەکە ناوی (کازم عەباس)ەو ، ناسیاو و دۆستی خالەبەخە دەرچو ، بۆیە لەوانیش دلنیا بوین .

سەردانی ماڵی کازم عەباس

لەگەڵ خاڵەبەخە ڕۆیشتین بۆ ماڵی کازم عەباس کەگەیشتین ، دیاربو زۆریان پێ خۆشبو ، دوای چاک و چۆنی و دانیشتن لەمالیان ، داوای هاوکاریمان لێیان کرد ئەوانیش زۆر مەردانە ئامادەیی خۆیان دەربڕێ هاوکاریمان بکەن ، دوامان لێکرد (پاتریەک)ی سەیارەمان بۆ بهێنێ ، چونکە زۆر پێویستمان بەپاتری بوو ، بۆ ئەوەی جیهازەکەمان بەردوام لەکاردابێت و پەیوەندیمان بەسەرکردایەتییەوە نەبڕێت ، پیاوانە دواکەی بۆ جێ بەجێ کردین و ڕۆژی دواتر پاتریەکی سەیارەی بۆهێناین ، بەڕاستی ئەو هاوکاریانەی ئەوماڵانەی ئەوێ ڕۆژێ بۆ ئێمە شتێکی زۆر زۆر گرینگ و بەنرخ و پڕ بایەخ بوو ، بۆیە هەرگیز لەبیرناچێت ، لێرەوە وەک پێشمەرگەی دێرین و پارتیزانی دوای ئەنفال داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەم حەقە وایە (دایە خونچەو خانەوادەی حاجی غەفور و کازم عەباس) بە پێشمەرگەی دێرین (ی ن ک) وخانەنشین بکرێن و پاداشت بکرێنەوە ، هەرچەندە ئەوان هاوکاری پێشمەرگەیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی و قوتیان لەقوڕگی ماڵ و مندالی خۆیان دەگرتەوە و خزمەتی پێشمەرگە و شۆرشیان پێ دەکرد ، لە وبوارەدا شەرەفی شۆرشگێرو کورد پەروەری و کوردایەتیان پێبڕاوە و زۆر سەربەرزن لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان .

ڕاوەماسی پڕ لەترس

شەوێکیان کاک ئاکۆسوور گوتی برادەران بۆ بەیانی نەچین بۆ سەر زێی بچووک بۆ ڕاوەماسی ، گوتمان کاک ئاکۆ خۆت دەزانی

ئەو بەری زێـی بچـووک هەمـووی ڕەبێـیەی جاشـی لێـیە و ڕۆژانە قوەت بەو ناوەدا دێت و دەڕاوات پڕمەترسیە ، گوتی کاکە شوێنەکە گونجـاوە چەمـی لێـیەو چەمەکە لەسـەر زێـیەکەیە و دەچیـنە نـاوچەمەکەوە هەتـا نیـوەڕۆ ، گوتمـان باشـەو بڕیارمانـدا کەبچـین ، بەیانی ئەوڕۆژە بۆ ئێوارەکەی دوای نان خواردنی مەغریب کاتژمێر 9ی شـەوی هـاوین ، هەموومـان پێکەوە بەشـەو ڕۆیشـتین و چـوینە چەمی (حسێن پاشا) کە بەشێکە لەسەرووی حاوی گوندی شەوگێر ، شـەو لەوێ خەوتـین و مـاینەوە ، بەیـانی ئەو ڕۆژە کـاک ئـاکۆ زۆر زو چـو گۆمێـک لە بـن چەمـی حسـێن پاشـا بـو خـۆڕاکی هەڵـدایە گۆمەکەوە و ماسییەکان دانەخۆرە کرد ، دەوروبەر 12ی نیوەڕۆ بو هەمومـان خۆمـان حـازرکرد ، کـاک ئـاکۆ گـوتی بـرادەران وا ڕومـانەیەکە واتە (نـارنجۆکی دەسـتی) هەڵـدەدەمە گـۆمەکەوە ، گوتمـان کـاک ئـاکۆ ڕەبـایەی جاشـەکان والێمـانەوە دیـارە هەردو بەر ڕەبـایەی جاشـی لێیە زۆر خەتەرە ، گـوتی بـرادەران بـا ڕومـانەکەی لێدەم بەخوا ڕەبایەکان لێکەوە دورن لەمیان وایە ئەوەی ترە ، لەوەی تـریش وایە ئەمەیـانە ، کـێ بیـری بـۆ ئـێمە دەچـێ ، وەلحاسـڵ ڕوومانەکەی خستە گۆمەکەوە ، ئەو شوێنە کە دیاری کردبو ، دوای تەقینی ڕومانەکە لەناو ئاوەکە بڕوابکەن سەر ئاوەکە لە ماسی سپی بـو ، ئەوەی مەلەی دەزانـی دەسـتمان بەماسـی گـرتنەوە کـرد ، دوانیشـمان بەداری وشـک خەریکـی ئـاگر خۆشـکردن بـون بەبـێ دوکەڵ ، ماسیەکانمان چاکردو خـاوێن کـردەوە ، ئەم جـار دەسـتمان بەبرژاندن و سوور کردنەوەی ماسیەکان لەڕۆندا کرد ، ئەوە ڕۆژە لەلالـی ئێمە لەجەژن خۆشتر بوو ، واماندەزانی پاشاین هەردوعای

خێرمـان بۆکـاک ئـاکۆ و یەکتـر دەکـرد ، ئێـوارەی ئەوڕۆژە دوای خۆرئاوابون گەڕاینەوە شوێنە نهێنیەکەمان لەهەڵەتی هەنارە .

کورە جاش و مەفرەزە خاسە هیچنین ئەوە مارێکە !

شـەوێکی تـر مـن و خـاڵەبەخە ڕۆیشـتین بـۆچەمی زوڕناسـەر و جگیلە ، لەناو بەستی مەرزیخەی ژوور و ئاگرێـک بەکزی دەسووتا ، جارجـار بەشـنەی کزەبـایەک دەگەشـایەوە ، گـوتم خـاڵەبەخە ئەوە پێـدەچێت کەمینـی مەفرەزەخاسـەی جـاش و شـتی لەو بـابەتە بێـت ، بەهێواشی تفەنگەکانمان سوارکرد و لەناودەستمان حازرکرد ، سـەبر سەبر بەتەنیشت یەکا بـۆ پشـت ئـاگرەکە ڕۆیشـتین و ماوەیەکمـان مـابو بگەینە ئاگرەکە دانیشتین و لێی وردبوینەوە تا تەواو دڵنیابین و بزانین ئەم ئاگرە چییە ؟ ، لەوکـاتەدا لەنزیـک خـاڵەبەخەوە دەنـگ فیشـکەی (مارێـــک) هـــات ، لەگەڵ ئەوەی خـــاڵەبەخە پیـــاوێکی زۆر ئـــازاو قارەمـان و نەتـرس بـو ، بەڵام لەمـار زۆر دەترسـا ، بۆیە بەترسـەوە گوتی کورە فەخرەدین جاش و مەفرەزەخاسە قیمەتی نیە ئەوە مارێکە ، گوتم ڕاوەستە باجارێک لەئاگرەکە دڵنیابینەوە ، مار هیچ نیە ، بەرە و ئاگرەکە ڕۆیشتین دەرکەوت پاشماوەی ئاگری ئەو ماڵەلانەبو ، کە لەوێ ڕەزو باخەیـان هەبـو ئاگریـان کردبـوەوە و بەجێیـان هێشـتبو ، گەڕاینـەوە بۆگیـانی مـارەکە شـەوکەی مانگەشـەو بـو ، دووبـارە کە مارەکە هەستی بەئێمەکرد ملی بەرزکردەوە و فیشـکاندی ، بەردێکم هەڵگرت و ڕاموەشاندە مارەکە ، خۆو شانس بەو شەوە بەردەکە بەر سەرو ملی مارەکە کەوت و بێهێزم کرد ، ئیتر بەبەرد کەوتمەسـەری و لێمدا تاتەواو کوشتمان ، خاڵەبەخە لەخۆشیا ئۆخەی کرد و گـوتی

چی جەیش و جاش هەیە بەدەبابەو ناقیلە و کۆپتەرەوە بین بۆسەرم بەقەد مارێک لێی ناترسم .

ئاگادارکرنەوەی کاک چەتۆ

لەمەعیدی یەکەمەوە لەشاخی تۆکمەوە کەمەعیدی دوەمان گوندی تیژەو تلیان بو ، لەگەڵ کاک چەتۆ هاوکارەکەی ناوشارمان بۆماوەیک لەیەک دابراین و یەکمان نەگرتەوە ، بەگەیشتنی (پاتری) سەیارەکە یەکسەر کاک ئاکۆسوور جیهازەکەی خستەکارو پەیوەندی کرد بە سەرکردایەتی و هەڤاڵ کاک نەوشیروان مستەفاوە ، لەرێگەی سەرکردایەتیەوە پەیوەندیمان بەکاک غەریب هەڵەدنیەوە کرد ، بەڵکو پەیوەندی بەکاک (چەتۆ ساڵح) پێشمەرگە و هاوکارەکەی ناوشارەوە بکات و شوێنێک بۆ یەکتربینینی خۆی مەفرەزەکەی ئێمە دیاری بکات ، کاک غەریب وڵامی دایەوە و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژ و شوێنی چاوپێکەوتنەکەیان دیاری کرد کەناو ڕەزەکانی حاوی قەرەناو بو ، ئەوسا وابو ئەگەر بتویستایە جیهاز بۆ شوێنێکی وەک سەرکردایەتی یا کاک غەریب هەڵەدنی بکردایە ، بەجفرە دەبو لەرێگای سەرکردایەتیەوە بوایە ، لەبەر ئەوەی جفرەکان جیاوازبون لەگەڵ یەکتر ، بۆئەوەی ئەگەر جفرەیەکیش بزربوایە یا بگیرایە یا عەدەد جیهازەکەش تەسلیم بوایەتەوە تەئسیری نەئەبو بەسەر ئەوانی ترەوە ، کاک ئاکۆسوور و خاڵەبەخە ڕۆیشتن بۆ شوێنی دیاریکراو ، پاش سێ ڕۆژ چاوەڕوانی بێ ئەنجام گەڕانەوە ، دواتر دەرکەوت لەبەرچەند هۆکارێک کاک چەتۆ نەیتوانی بو بێت بۆشوێنی دیاریکراو ، جارێکی تر پەیوەندیمان کرد بە کاک غەریب

هەڵەدنــی ــەوە ، ئەویش پەیوەنـدی کـرد بەکـاک چەتـۆوە و شـوێنێکی تریـان دیـاریکرد ، کە گونـدە ڕووخـاوەکەی مۆرخـوادەی سـەرووی زێـدی کـاک چەتـۆ خـۆی بـو ، هەرچەنـدە ئەو شـوێنە لە شـوێنی حەشـارگەی نهێنـی ئـێمەوە زۆر دوربـو ، بەڵام ئامانجەکەمـان لەوە گەورەتربو دەبو قوربانی بۆبدەین .

ئاواتەڕەش و ابراهیم (ئیبـاو) ڕۆیشتین بۆ گوندی مۆردخوادەی سەروو لەوێ لەشوێنی دیاری کراو چاوەڕێی گەیشتنی کاک چەتۆیان کردبـو ، و یەکریـان بینـی بـو ، دوای چـاک و چـۆنی و بـاوش پێداکردنێکی گەرم گوڕ و بیروڕا گۆڕینەوە ، دواتر شوێنێکی تری ژوانیـان بـۆ بینیـی یەکتـر دیـاری کردبـو ، شـوێنەکەش چەمـی مەرزیخەی سەروو بو ، ئیتر هەریەکە و بە شوێنی خۆیا گەڕابونەوە ، جاری سێیەم کـاک چەتۆ هاتە چەمـی مەرزیـخەی سـەروو ، لەوێ چاومان بەیەکتر کەوتەوە ، لەوماوەیەی کە لەهەڵەتـی هەنـارە بوین ، شـارەزایی زۆر و زانیـاری نوێمـان لەسـەر مۆڵگا نوێیەکـانی ڕژێمـی بەعس پەیداکرد ، کە لەبەر مەترسی خۆی لەناوچەکە زیادی کردبو .

باشە ئەگەر چەقەڵ خواردویەتی بۆ پەڕۆکەی نەدڕاندوە

لەحاوی گوندی جگیلە و زوڕناسەر ماڵێک زرعات و کشتوکاڵیان لەنزیـک کشـتوکاڵی مـاڵی (دایە خـونچەی شـێرەژن) کردبـو ، قـاپە ماستەکەیان لەسەر دارێکی بەرز دانابو لەوێ شاردبویانەوە لەترسی ئاژەڵە کێویەکان وشتی تر نەیخوات ، برادەرانمـان قـاپە ماستەکەیان لەسـەر دارەکە دۆزیبوە و دایـانگرتبو ماستەکەیان خواردبو ، پاشـان قاپ و پەڕۆکەیان جوان شۆرد بو وەک خـۆی پێچابویـانەوە و لەسـەر

داركەیـان دانـابوەوە ، ڕۆژی دواتـر خـاوەن زرعـات وەك پیشـەی ڕۆژانە هاتبونەوە سەرزرعات و دەستیان بەكاری ڕۆژانەی خۆیـان كردبو ، كـات گەیشتبوە نیوەڕۆ گوتبـوی كوڕم بڕۆن قـاپە ماستەكە داگرن و بیهێنن بیكەینە ماستاو ، چوبـون قاپەماستەكەیان داگرتبـو ، بەڵام دەبیــنن ، وەك خــۆیەتی كەچــی ماستیشــی تێــدانەماوە ، هاواردبویانٰ بەردەستی باوكیان ، ئەویش تەماشای دەكـات و لەم كـارە سەری سوڕ دەمێنێت ! ، گوتبـوی بەخـوا سـەیرە باشـە ئەم ماستە كـێ خــواردویەتی ؟ باشــە ئەگەر چەقەڵ بیخــواردایە چـۆن پەڕۆكەی نەدڕاندوە ، چۆن قاپ و پڕۆكەی شوریوە و نـاوەتیەوە شوێنی خۆی لەســەر دارەكە ئەمە محــاڵە ، خـۆئەگەر جـاش بیخـواردایە بێشــك قاپەكەیــان دەشــكاند و فەڕەیــان دەدا ، عەجایــب ! بیركــردنەوە گەیاندبویە ئەو بڕوایەی گوتبـوی ، وادیـارە ئەمكـارە كـاری پیـاوێكی لێقەوماوی بەزەمیری زۆر باشە بوە ، ئەگەرنا هیچ ڕێی تری تێناچێ ! .

*ـئەم چیـرۆكە جیرانیكـی كـابرای ماسـت خـوراو بـۆ كـاك نـاكۆی گێڕابوەوە ، كاك ناكۆش بۆئێمەی گێڕایەوە . (پۆڵا هەیبەیی) .

خوایە بۆخاتر گەورەیی خۆت ئەم نابەحەقیە قبوڵ نەكەی

كەلەهەڵتی هەنارەی گوندی عەمدۆنی ناوچەی شێخ بزێنـی بوین ، شەوان دادەبەزین و دەچوین بۆ نـاو ڕەز و باغ و شیناوی هاوڵاتیـان ، لە حاوی چەمی زوڕناسەری ئیلناخی ناوشوان و و گونـدی جگیلە ، بۆ شـوتی و كـاڵەگە و تەمـاتەو بـامیە و باینجـان و بیبەر و هەنجیر و هەنــار و نــانە ڕەقــی جێمــاوی خــاوەن شــیناویكانمان كـۆدەكردەوە ،

زرعات و شیناوی کابرایەک لەوێ بو زۆر دەچوینە ناوی پێم وابێ ناوی مام (ئەحمەد) بو خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەت بو لەوێ لەوحاوی گوندی جگیلە زرعاتی کردبو ، پارچەیک تەماتە و شوتی و هەندێک کاڵەکی باشی کردبو پێگەیشت بو ، ئیمەش هەموو شەوێک دەهاتین و دەچوینە ناوزرعاتەکەی ئەو و ئەوانی ترەوە ، شەو شامی و کاڵەکمان لێدەکردەوە و دەمان خوارد لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی شەوبو بێ دەستی خۆت بو ، بێ ڕەحمانە پێمان لەبەرک و تولە شامی و کاڵەک دەنا و شوتی و کاڵەک و تەماتەمان لێدەکرەوە ، ئەوەی هەبوایە دەمان برد ، شەرواڵەکەم دڕابو هەرچەند دەم دوریەوە سودی نەبو چونکە زۆر کۆن و بێکەڵک ببو ، ڕۆژێک تر چوینەوە ناو زرعاتەکەکان و زرعاتەکەی مام ئەحمەد بینیم شەرواڵێک زۆر لەوەی خۆم باشتر لە ناو کەپرەکەی کرابو بەدارا ، منیش شەرواڵەکەی خۆم داکەند و لەشوێن ئەو شەرواڵە کردم بەدارا و ، شەرواڵەکەی ناوکەپرەکەم هەڵکیشایە پێم و ڕۆیشتم ، شەرواڵەکەی من ئەوەندە کۆن و دڕاو بو ، بەدەرزی و دورمان دوریبومەوە ، هەموو تەقەڵی گەورە گەورە هەندی دەنکە برنجێک گەورە و درێژ بو ، ئیتر کابرای فەقیری خاوەن زرعات وای دەزانی داخوا ئەم کەتنە کەتنی جاشە وا لەزرعاتەکەی دەکەن و شەرواڵەکەیان بردوە .

ڕۆژێک لەگەڵ برادەرێکا شەرواڵەکەی مام ئەحمەدم لەپێ بو ، لەوێ لەوحاویە لە نزیک ئەو شیناویە مابویەوە و خۆمان شاردبوەوە ، بەیانی ئەو ڕۆژە دیتمان خاوەن زرعاتەکە هات و هاتە ناو زرعاتەکەی و خولێک بەناو زرعاتەکەیدا لێداو سوڕایەوە و چوەوە

بن کەپری زرعاتەکەی ، بەهەمان شێوەی ڕۆژان شوین پێیەکانی بینی لەناو زرعاتەکەی و چیان بەسەر زرعاتەکەی هێناوە ، ڕوی لە قیبلە کردو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردوە و لەخوا دەپاڕایەوە و دوعای دەکرد ، دەی گوت خوایە بۆخاتری مەولودی پێغەمبەر (ص) کورە خوایە حەح ئەم جاشانەمان لەکۆڵ کەیتەوە ، کورە ئێمایان تاڵان کرد کورە ئێمە نەماین بەدەسیتانەوە هاواریە چوە ئەو ئاسمانە ، گوتی کورۀ خوایە بیکە بەخاتری خۆت خودایە ئەم جاشانە بۆوا لەمنەکەن ، گوتی سەیرکە سەیر جگە لەبەناوکەوتن و شێلانی زرعاتەکەو خواردن و بردنیش ، شەروالەکەش میان بردوە و شەروالێکیان بۆم بەجێ هێشتوە هەر تەقەڵێکی هەندی نینۆکێک درێژە ، خوای بۆخاتری گەورەیی خۆت ئەم نابەحەقیە قبوڵ نەکەی ، خوایە لەناویان بدەی خوایە .

کاک ئاکۆ سور

خەڵکی ناوچەی شێخبزێنی ئەوانەی بۆ بۆ کشتوکاڵ و باغداری گەڕابونەوە ناوچەکە کەچند ماڵێک بون کاک ئاکۆیان زۆر خۆشدەویست ، کاک ئاکۆ دەچوە لایان و داوای هاوکار و یارمەتی لێیان دەکرد بۆ مەفرەزە پارتیزانەکەمان ، ماڵەکان دەیانگوت یارمەتیدانتان بەسەر چاو ، پۆلا هەیبەیی گوتی ڕۆژێک لەگەڵ کاک ئاکۆ چوین بۆ حاوی و چەمی (کانی ڕەش و جگیلە و قەرەناو) شەو هەتا نزیک تەقتەق ڕۆیشتین ، بۆ ئەوەی هەندێک ئازوقەو خۆراک پەیداکەین ، هەرچیمان دەست بکەوتایە دەمانپێچایەوە و دەمان برد ، هەندێک جار نانە ڕەقمان دانابە بۆ ماڵات ، ئێمە دەمان

بـرد بۆخـواردن ، یـا بـامیەو باینجـان لۆبیـاو شـتی تریـان وشـک دەکـردەوە ، هەویمـان دەپێچـایەوەو دەمـان بـرد دەمـانکردە چێشت و دەمـان خـوارد ، ئەوشـتانە زۆر باشـبو بـۆ ئـێمە ، وای لێهـاتبو مەفرەزەکەمان هەموومان دەردەچوین بۆ نـاو ئەو زرعاتـانە هەرچـی خواردێکمـان دەستبکەوتایە لە (شـەکر وچـا و ڕون و سـاوەر) و شـتی تـر دەمـان پێچـایەوە و دەمـان بـرد ، لەوەدوا هەنـدێک مـاڵ شـتەکانیان دەشـاردەوە ، هەنـدێک مـاڵیش شـتەکانیان زیـاتر دەکـر و دادەنا ، هەندێکیش هیچ شتیان ناهێشتەوە ، ئەوخەڵکە زۆر سەیریان پێدادەهات دەیان گوت دەبێ کێبێ وا شتەکانمان دەبەن ، بیریـان بـۆ زۆرشت دەچو بەڵام بیریـان بـۆ پێشـمەرگە نـاچو ، گومـانی ئەوخەڵە زیاتر بۆ خەڵکی فیرار دەچو ، چونکە کـاتی شـەڕی عێراق - کوێت بو .

لە 2ی مانگی 8ی 1990 عێراق هێرشی کردە سەر وڵاتـی کوێت و گرتـی و داگیرکـرد ، نەتـوە یەکگرتوەکـان حەسـاریان خسـتە سـەرعێراق ، بەو هۆکـارەوە ئێمەش بەزەحمەت خۆراکمـان دەست دەکەوت ، ئەویش لەڕێـگەی کـاک چەتۆوە بۆی دەهێنـاین ، ئەویش زۆر بەزەحمەت لەبازگەکانی ڕژێم بۆی دەردەکرا ، چونکە لەم شار بـۆ ئەو شـار گواستنەوەی کەلوپە و بەتـایبەت خـۆراک قەدەغەبـو ، کاک چەتو لەماڵەکان خۆراکی دەکڕی و بۆمـانی دەهاورد ، بەوحـاڵە درێژەمـان بەپـارتیزانی خۆمانـدا ، چەنـد سـاڵێکبو کـاک نـاکۆ مـاڵ و منـداڵەکانی خـۆی نەبینبـو ، لەوبـارەوە هەرچەنـد باسـی ئـازایەتی و قارەمانیەتی و خۆڕاگری و شارەزایەتی و دڵسۆزی و دەست پاکی و بەهەڵویستی چاونەترسی لەخۆبوردوی و لێهاتوی و هەڵکەوتوی و

پێگەیشتوی و تێگەیشتوی و پێشمەرگایەتی و پارتیزانی کاک ئاکۆ سور بکەین ، قەت ناتوانین و بەهیچ کەسێک نایەتە وەسف کردن و هیچ پێنوسێک جورئەتی ئەوەناکا باس لەشکۆی ئەو جوامێرو مێرخاسە بکات ،

هێنانی دایەمریەم دایکی کاک ئاکۆسور و نازەنینی خێزانی و دارای کوڕی

کاک چەتۆ سالح چوبوە مالی کاک ئاکۆسوور لە ئۆردوگای کەورگۆسک سەر بەناحیەی کەلەکی یاسین ئاغا لەڕۆخی ڕوباری زێی گەورە ، لەوێ بەماڵی باوکی کاک کاک ئاکۆسوری گوتبو ئاکۆ لە ناوچەی شێخ بزێنی خواروو لەگوندی مەرزیخەیە ، خێزانەکەی ئاکۆسوور شاگەشکە ببو و لەخۆشیانا باوڕنەکربو، کاک چەتۆ هاتەوە لامان و هەواڵەکەی بەکاک ئاکۆدا گوتی چۆمەتە ماڵی باوکت هەواڵی تۆم پێیان داوە ، بەڵام دیاربو خێزانەکەت لەخۆشیا باوڕی نەدەکرد ، کاک ئاکۆ گوتی کاک چەتۆ بۆ نایەی دایکم و دارای کوڕم و خێزانەکەم لەگەڵ خۆت بهێنیت بۆلام ، کاک چەتۆگوتی بەسەر چاو ، کاک چەتۆ ڕۆیشتەوە ماوەیەک کەم دوای ئەوە دایەمریەم و دارا و نازەنینی خێزانی کاک ئاکۆی هاتبونە ماڵی دایکی کاک فەخرەدین سمایل بەگی لەتەقتەق و ، ئەوکاتە دایک و باوکی کاک فەخرەدین هەردوکیان لەناو ڕەوزەکەی تەقتەق بو ، دواتر لەوێوە دایکی کاک فەخرەدینیش بە ترکتۆرەکەی ماڵی حاجی غەفور لەگەڵ دایەمریەم و دارا و نازەنین هاتنە چەم و حاوی سەیناغی گوندی مەرزیخەی سەروو گەیشتنە لای کاک ئاکۆ سوور و کاک فەخرەدین ، دایە ئایشە و دایە مریەم و دارا گەڕانەوە ، 9 ڕۆژ نازەنینی خێزانی کاک ئاکۆ

لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکەمان مایەوە ، لەو ماوەیە نان و چێشتی بۆ دەکرین ئیسراحەتمان کردبو .

بیرمانە ڕۆژێک ڕادوێکەمانەوە باسی گۆڕینەوەی دیلەکان جەنگی نێوان عێراق – ئێرانی دەکرد زۆر دڵمان توند بو دەردە دڵمان دەکرد ، لەلایەکە زۆرمان پێ خۆش بو کەپاش چەند ساڵ دوری لماڵ و منالیان لەپێناوی هیچ و چیشتنی نەهامەتیەکی زۆر لەبەندینخانەکانی ئێران دیلەکان ئازاد دەبن و دەگەڕێنەوە و ناو ماڵ و منال و بەکەسوکاریان شاد دەبنەوە ، لەلایەکی تریشەوە زیاتر نائومێدی کۆتایی هاتنی یەکجارەکی جەنگی نێوان عێراق - ئێران بوین ، چونکە دەبوە هۆکاری زیاتر دەست کرانەوەی ڕژێم بۆ لێدان لە هەر جموجولێکی شۆڕش و بەرتەسکرنەوەی مەودای هاوکاریەکانمان ، کە لەوکاتەدا دایە خەجە بەدڵ تەنگیەکەمانی زانی ئەو شێرە ژنە گوتی هیچ خەمتان نەبێت کوڕەکانم ئەگەر تەنها بەدانەوک بەخێوتانم کردبێت ناهێلم لەبرسا بمرن بەردەوام بن و کۆڵ مەدەن .

بردنەوەی پارتیزانەکان لەڕێی کاک چەتۆوە بۆ ناوشار

ڕانکو چۆغەکەی خاڵە بەخە خێریدایەوە کاک چەتۆ بۆ ناوشار لەگەڵ خۆی (ئاواتەڕەش(12))ی بەنهێنی بردەوە بۆ ناوشاری کەرکوک ، دیاربو بۆ ئەم کارە مۆڵەت و شتی ساختەی بۆ دەرکرد بو ، وەک کاک غەریب هەڵەدنی گوتی کاک چەتۆ تا بڵی پیاوێکی چاونەترس و قارەمان و ئازابو ، تەنها خۆی سەری لەوکارانە دەردەچو ، بەهەمان شێوە جارێکی تر کاک وریا قەفاری و کاک ئاکۆسووریشی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ لای ماڵ و منالەکانیان ، ماڵی

دایکی کاک وریا لەچەمچەماڵ و ماڵ و منداڵی کاک ئاکۆ لای ماڵی باوکی لە پارێزگای هەولێر ئۆردوگای کەورگۆسک لەسەر زێی گەورە بو ، بۆ هەرسێکیان بەرگی پێشمەرگایەتی لەبەریان دادەماڵی و ڕانکو چۆغەکەی خاڵەبەخەیە کردە بەریان و بردیانیەوە .

گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانە تەنها لەسەر کاغەز و بەدەم ئاسانە ، ئەگینا بردنەوەی هەریەک لەکاک ئاکۆ و ئاواتەڕەش کاک وریا کارێکی ئەوەندە دژوار و سەخت بوو ، مرۆڤ لەگێڕانەوەی موچڕک بەگیانیادێ و تەنها پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتی دەیان توانی مجازەفەی لەو شێوەیە بەگیانی خۆیانەوە بکەن ، ئەمە نەک ڕۆیشتنە بۆ لێواری مەرگ بەڵکو ملخشاندنە لەچەقۆی خوێناوی قەساب و جەللادی بەعس ، چونکە لەو ڕۆژەدا ڕژێمی بەعس بەوپەڕی تواناوە هەرچی کون و کەلەبەرێک هەبو هەمووی بەجاسوس و بەکرێگیراو و ئەڵقە لەگوێ و چڵکاو خۆرەکانی تەنی بوو ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پێشمەرگە پارتیزانەکانی (ی ن ک) بەمانای وشە قارەمانی ئەوێ ڕۆژێ و گیان لەسەردەست بوون و بونە بەشێک هەرە دیار لەشانازی سەروەریەکانی یەکێتی و ئەستێرەیەکی گەش و پرشینگدار لە ئاسمانی شۆڕشگێری و کوردپەروەری و ڕزگاری گەلی کورد و کوردستان .

وامزانی ئەمڕۆ 7ی مانگە

ڕۆژێک ڕۆیشتم بۆلای (حەسەن حاجی غەفور) سمایل بەگی ، لەحاوی گوندی مەرزیخەی سەروو بون ، لەوێ بینیم و چاوم پێی کەوت و پێم گوتم ئەگەر بکرێت تا (8 - 9) ڕۆژی تر لەم ماوەیەدا کارێک بکەیت عەلی برام ئاگاداربکەیتەوە و لە 17ی مانگ لەگەڵ

خۆتـا بەنهێنـی بیهێنێت بـۆ ئێره بـۆلام بەڵکو چـاوم پێـی بکەوێـت ، چونکه مـاوەیەکی زۆره دەنـگ و بـاس و هەواڵـی ماڵەوەمـان نـازانم ، ئـاخۆ دەبێـت ئیستا دەنـگ و باسیان چۆن بـێ و چیان بەسـەرهاتبێ و لەچ بارو دۆخێکدابن ؟ حەسەن گوتی باشه ان شـاالله ، گەڕامەوه لای بـرادەران ، پـاش تێپەڕ بـونی ئەو هەشـت نـۆ ڕۆژه له 17ی مانـگ لەگەڵ کـاک ئاکۆ چوینەوه بۆ لای کـاک حەسـەن حـاجی غەفور بەو هیوایەی عەلی برامـی ئاگـادار کـردبێتەوه و لەگەڵ خـۆی هێنـابێتی و چـاوم به عەلـی بـرام بکەوێـت و ببینـم ، ڕۆیشـتین و گەیشـتینه سـەر ڕەزوباخەکەی حاجی غەفور ، حەسەن مان بینی ، بەڵام عەلی بـرام دیـار نەبـو ، گـوتم حەسـەن ئەی کـوا عەلـی بـرام ، گـوتی بـۆ ئەمـڕۆ چەندی مانگه ؟ گوتم 17ی مانـگه ، گوتی: وەڵلا وامزانی ئەمـڕۆ 7ی مانگه ، کوا من لەمانـگ و شـتی وا دەزانـم ، لەگەڵ ئەوەدا کـاک ئـاکۆ دای لەقاقای پێکەنینێـک تریقایەوه و زۆر پێکەنـی و باوشی له حەسەن دا و ئەملاو ئەولای حەسەنی ماچ کرد و ، گوتی وام دەزانـی هەرمـن نەزانم ، نەمزانی لەمنیش نەزاتر هەیه که ئەویش حەسەنه .

پەیوەندی نێوان ئاکۆسوور و وەستا ڕەسول

ئەوەنـدی ئاگـاداربم که لەچەمـی مەرزیـخەی سـەروو بـوین ، ڕۆژێکیـان خـاڵەبەخه به کـاک ئاکۆسـووری گـوت نـامەیەک بـۆ ئەو برادەرەمان نەنێرین هاوکاریمان بکات ، ئەوەی ڕاستیبێ ئەمن پرسیم ئەو بـرادەره کێیه ؟ ، نەئەوانیش پێیـان گـوتم ، نامەکەیـان نووسـی و ناردیان ، وڵامی نامەکه هاتەوه ، لەهاتنەوەی نـامەکه منیا بانـگ کـرد و ئاگـادار کـردەوه ، گـوتم وڵامـی نـامەی چـی ؟ گوتیـان نـامەکەی ئەو ڕۆژه نووسیمان بۆ وەستا ڕەسوڵ بو ، بەکـاک کـازم عەبـاس بۆیمـان

نارد ، ئەوەتە وڵامی نامەکەی بەکاک کازم عەباس دا ناردۆتەوە و ئامادەیی تەواوی خۆی دەربڕیوە کە هەموو هاوکاریەکمان بکات ، ئەوکات وابو لەبەر باروزروفی ئەمنی و سەختی ڕۆژگارەکە نەمان دەتوانی پەیوەندییەکی بەرفراوان دورست بکەین ، لەترسی حاڵەتی نەخوازراو ، بۆیە بەشی هەرە زۆری پەیوەندییەکان پەیوەندی بە کاک ئاکۆسوور فەرماندەی مەفرەزەکەمانەوە هەبو ، ئەو لێی بەرپرسیاربو ، هەر بۆیە بەڵگەو ڕاستییەکان زیاتر لەلای ئاکۆسوور و خاڵەبەخە بو ، بەداخەوە ئەوانیش شەهید بونەو لەژیان نەماون .

خۆزگەی لادییەکانی کوردستان لەکۆڵەپشتی پارتیزانێکدا

گوند و لادێیەکان کوردستان کاول و وێرانە و ڕەشپۆش بون ، بۆنی خوێنیان لێ دەهات ، پڕبون لەپاشماوەی جێماوی جۆر بەجۆری ناخ هەژێنی هەست تاسێن دڵ تەزێن هەزار ئاخت بەجارێ بۆیان هەڵدەکێشا ، سیما جوانەکەی جارانیان نەمابو جریوەیەک نە دەهات دەوچویتە دونیایەکی تر و موچرک و تەزو بەگیانتدا دەهات ، تەماشات دەکرد تاک و تەرا لادیوارە قوڕە نەڕوخاوێک بەپێوە مابون ، ئەوان نەبوانایە هەر نەتدەناسیەوە و زەحمەت بڕوات دەکرد کەئەمە گوند بوە ، ئەوەی لەچاوی گوندە وێرانکراوەکانی کوردستان خوێندمەوە و بەدیم کرد ، ئەو خۆزگە نەبڕاوە پڕ لە حەسرەت و هەستە تاساوەی چاوی چاوەڕوانیە بو ، کە بۆ گەڕانەوەی گوند نشینانی جارانی بو ، ئاخ و حەسرەتی بۆ ئەوڕۆژانە دەخواست و هەڵدەکێشا ، کە جارێکی تر کوڕ و کاڵ و کچی قەد باریک و ڕەش ئەسمەر و سوور و سپی و چاوبەڵەکە تەلیسماویەکان بێنەوە باوەشی

گەرمی و گوێ بیستی قاقای پێکەنینە سیحراویەکانی ناو کۆلانەقوڕەکان و ڕێگەی کانی و سەرکانی و سەراوو ژوانی نهێنی شەوانی دڵداران و چرینی حەیرانی حەیران بێژ و لاوک و قەتارە و ئاڵلا وەیسی و بانگی بانگبێژی پێنج فەرزەی مزگەوت و گمەی نوێژخوێنانی بەکۆمەڵ و خوێندنی مەولود و یادی پێغەمبەر ئاخری زەمان (ص) .

دانیشتنی بەربەرۆچکەی پشت مزگەوتی ئختیاران و دامە و نۆڕیسکان و یاری دوو گوڵێن و چۆجە چۆجەی شەوانی منداڵان و ماڵە باجێنەی کیژوکاڵان و شەڕەگەڕەکی مناڵان و هەیاران و مەیارانی خەڵکی ئاوایی لەوشکەساڵی نەبارینی باران و کڵاوکڵاوێنەی کەڵەمستان چییان و ڕاوی ڕاوکەرانی سوێسکەی هەردان و چۆلەکەی بن گوێسەبان و کوکوی کوکختی کۆترە باریکەی ناو تاق و سەرهێلان و شێروخەتی گەنج و هەرزەکان و مەشکە ژەنینی مەشکە ژەن و وەشاندنی خەڵە و هۆهۆی جوتیار و بەستەو گۆرانی سەپان و گێرە و پاگێرەی خەرمان و شەغرە لەگەڵ کاکێشان و پرسەی کۆچکردووان و گواستنەوەی بووک بەدەهۆڵ و زوڕنا و گەڕی شایی ڕەشبەڵەکی وەک سێ پێی و چەپەیی و ئایشۆکێ و دەلالێ و ڕۆینێ بەدیلانێ و شەو بەکێوی شوان و شەوچەڵەی زمستانی ماڵان و قاوە و چا خواردنی دیوەخان و بێر و مەڕدۆشینی شەنگەبێر و دەنگ و ئاوازی شمشاڵی شوان ، هاتنەوەی گارانی سەرلەئێواران و قارەی کارو بەرخ و بارەی مەڕو بزن و حیلەی ئەسپ و زەڕەی نێرەکەر و قوولەی کەڵەشێر و گاڕگاڕی مریشکی هێلکەکەر و عورەعوری عەلەشیش و بۆڕەی مانگاو

قۆڕەی گولک و قیرەی قاز و حەپەی سەگ ، لەگەڵ سەرپۆشی سەر گوندی بەتەم و دووکەڵی داپۆشینی سۆبەی لولەداری ماڵانی سەر لەبەیانیان و جموجولی خەلکی وەک پورەی هەنگی بێ وەستانی وەک جاران بگەڕێنەوە بۆ باوەشی گەرمی ژیان ، سەرباری ئەوەش ، پێشمەرگە میوانی ناوەختیبێ و مەکینەی تراکتۆر و سەیارەکانی ئاوایی بۆ سوغرە بەرێت . (فەخرەدین سمایل بەگی .

کورە کەی ئەوە مشکیلەیە؟!!

دوای جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق – ئیران سەرئەنجام هەردو وڵات لە 8 / 8 / 1988 گەیشتنە ڕێکەوتن ، دوای جێگیر بون و سەقام گیری ئاشتی نێوانیان ، نزیک دو ساڵ دوای ئەم ڕێکەتنە ، لەساڵی 1990 لەڕێگەی ڕادوێوە بیستمان ، کە عێراق و ئێران هەستاون بەگۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیان ، ئەمەش ئەوەی دەرخست کە تەواو ئەم دو دەوڵەتە بەرە و سەقامگیری تەواوەتی ڕۆیشتون ، بەمەش خەباتی پارتیزانی ئێمە قورستر بو ، بۆیە سەبارەت بەم بارو دۆخە کاک ئاکۆ بەجیهازە ڕاکاڵەکەی پێمان بو لەهەڵەتی هەنارەوە ، پەیوەندی کرد بەسەرکردایەتی یەکێتی و بەڕێز کاک نەوشیروانەوە و سەبارەت بەم بارو دۆخە گفت و گۆی لەگەڵ کرد ، کاک نەوشیروان لەوەڵامی کاک ئاکۆ گوتبوی بەئارەزوی خۆتان بکەن ، ئەگەر بێتاقەتن دەتوانن بێنەوە ، ئەگەر دەتوانن بەرگەی بارو دۆخەکە بگرن لەشوێن خۆتان بمێنەوە ، سەرپشکبن و بەئارەزوی خۆتان بکەن ، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە ئەم بارودۆخە هەروا بەکەیفی ڕژێمی بەعس نابێ ،

خۆراگربن و ورەتان بەرزبێ ، بابەتی گفتوگۆی کاک ئاکۆ و بەڕێز کاک نەوشیروانمان خستە ڕاوێژەوە ، بوین بەدوبەشەوە بەشێک پێیان باشبو بگەڕێینەوە بۆ سەرکردایەتی لەدیوی ولاتی ئێران ، بەشێکمان پێمان باشبو بمێنینەوە کە زۆرینە بوین ، لەم مشتومڕە دابوین پێشمەرگەیەکمان بەناوی خاڵە بەخە تەرەفی سێیەم و بێدەنگ بو ، لەپڕ هاتە قسەو گوتی ئەرێ بگەڕێینەوە سەرسنور یا بمێنینەوە کەی مشکیلەیە ؟! ئێمەش تەماشای دەمی ئەومان کردو گوتمان ئەی ئەمە مشکیلە نەبێت چی مشکیلە ؟!، تۆ هیچ چارەسەرو پێشنیازێکت پێیە ؟ گوتی چارەسەرو پێش نیاز سەرو سمێڵی منە تاشیومە ئەمە مشکیلەیە ! هەموی بەلایەک سەرو سمێڵی من بەلایەک ، بەم قسە خۆشەی خاڵەبەخە ، تێکرا دامانە قاقای پێکەنین و بڕیاری مانەوەماندا و ماینەوە .

جێهێشتنی سنوری شێخ بزینی کەرکوک بەرە و پیرەمەگرون

لەڕێکەوتی 8- 10 –1990 بەفەرمانی هەڤاڵ کاک نەوشیروان مستەفا لەسنووری کەرکوک ناوچەی شێخ بزینی خواروو هەڵەتی هەنارەوە گەڕاینەوە بۆ شاخی پیرەمەگرون ، نەشکەوتی دۆڵەبی ، سێ شەو و سێ ڕۆژ بەڕێگەی نهێنی و تولەڕێی بارێک و ڕچکە ڕێی شاخاوی و هەوراز و نشێودا ڕۆیشتین تاگەیشینە دۆڵەبی ، کاک ئاکۆ زۆر شاروزابو تەنها جارێک بەڕێیەکدا بڕۆیشتایە جاری دوەم هەڵەی نەکرد ، لەڕێگەی گەڕانەوەماندا بەرەو دۆڵەبی ، چوینە گوندی بلوکێن کەوێرانەبو دەکەوێتە پشتی ناحیەی ئاخجەلەر لەسەر کانی ناوی گوندەکە پێیان دەگوت کانی بۆگەنە ، دووکەسی لێ بو

ئاگایان لەئێمە نەبو چوینە سەریان و چەکمان لێیان ڕاکێشا نەجولێن ، زۆر ترسـان و دەسـتیان بەرزکـردەوە و هاواریـانکرد کەخەڵکـی فەقیرن و بۆ ڕاو هـاتوینەتە ئێرە ، هەردووکیمـان گرت و پرسیارو لێکۆڵینەوەیەکی زۆرمان لێیان کرد ، یەکیان گوتی من نـاوم سـاڵحە و سەربازی خانەنشین کراوم بەپلەی رەئیس عورەفا ، ئەوەی تر گوتی نـاوم ئەحـمەدە و خەڵکـی نـاحیەی (سـوەیلم) ئیسـتا هەردووکیـان لەکۆمەڵگـای باینجـان دادەنیشنتن ، دیـار بـو ئەحـمەد فیـرار بـو زۆر دەترسا ساڵح ژمارەی کۆلانەکەی خۆیانی پێداین ، کاک فەخـرەدینیش بۆنەوەی بیـان ترسێنێ گـوتی ڕاست بڵێن ، گوتمـان ئێمە لەسـەرەوە خەڵکی خۆمـان هەیە فایل و نـاوی کۆمەڵگـای باینجانی لەلایە ئیستا بەجیهاز زانیـاری لەسـەر ئێوە وەردەگرین ، گەرپیـاو خراپبن دەتـان کـوژین بەسـزای گەل و شۆڕشـتان دەگەێنـین ، دیـاربو ناترسـان لەخۆیان گوتیان ئامادەین گەرپیاو خراپ بوین بمان کوژن .

فەخرەدین نەختێک لەوان دوورکەوتەوە و جیهازەکەی بەدەستەوە گرتبو ڕادوێشمان پـێ بـو ، ڕادوێکەمـان خستبوە سـەر تەشـویش و ناوی ئەوانمان بەدەنگێک بەرز گوت ، گوتمـان دووکەسمان گرتووە زانیاریمان بدەنێ لەسـەریان ، پاش نیو کـاتژمێر دووبارە جیهازمـان بەو فـێڵە بەکارهێنـا ، دواتـر بـانگی ئەحـمەد ناوەکەمـان کـرد هەرلەخۆمـانەوە گوتمـان دەڵێن لەکۆلانەکەی ئێوە دوو ئەحـمەد نـاو هەیە وایە ، ئەویـش گـوتی بەڵـێ وایە ، لای خۆمـان هێشـتماننەوە ، هەنـدێک ڕون و برنجمـان پێمـابو دەسـتمان کـرد بەخـواردن دورستکردن ، کەبینیان خواردن جوان لێدەنێن ، ئەحـمەد گوتی ئێوە پێشـمەرگەن چین ؟، گوتمـان بەڵـێ پێشـمەرگەین گـوتی وەڵڵا بەیـانی

خۆم لەئەمن دەبینمەوە ، گوتم بۆ گوتی پێشمەرگە نازانیت ئاوا خواردن لێبنێیت و دورستی بکات ، نان و کاڵەگێک باشیان پێ بو نانی جوانی ماڵانیان پێ بو هەموومان پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد ، بەڵام ئەوان زۆر لەئێمە ئمین نەبون ، هەروایان دەزانی جاشین ، هەرچەند گوتمان ئێمە پێشمەرگەی (ی ، ن ، ک) باوڕیان پێمان نەکرد ، هەویەمان دانێ خوێندەواریان نەبو ، بەهەرحاڵ کات گەیشتە ئێوارەیەکی دەرەنگ خورئاوابو خۆمان کۆکردەوە و ئەوجار خواحافیزیمان لێیان کردو ، ساڵح دەستی کردە ملمان ماچمانی کرد و دەستی کردە گریان ، گوتمان بۆ دەگرێیت ؟ گوتی وەڵڵا وەڵڵا بۆ ئەوە دەگرێم هەردولامان کوردین کەسمان بڕوا بەکەسمان ناکەین و لەیەک تێناگەین چین ! گوتی ئاخ ئاخ وەرە ئیستا ناوێرم قسەبکەم ، دیارە ئێمە لەوان تێگەیشتبوین ، ئەوان ڕۆیشتنەوە بۆ باینجان و ئێمەش کەوتینە ڕێگە بەرە و شاخی پیرە مەگرون بۆلای کاک غەریب هەڵەدنی .

لەسنووری پیرەمەگرون ، لەوێ لەئەشکەوتێکی بچووکی شوێنی کاک غەریب هەڵەدنی گیرساینەوە ، پێشمەرگەیەکی قارەمانی سنوورەکە بەناوی شێخ عوسمان ناسراو بە (مام شێر) چاوساغ و هاوکاری کردین ، چونکە ئێمە شارەزای ناوچەکە نەبوین ، شەوێک بەندە فەخرەدین و ئاکۆسوور پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون ، بۆماڵی پێشمەرگەیەکی ناوشار بەناوی شەوکەت محەمەد (شەوکەت سوورداشی) ، ماڵەکەیمان دۆزیەوە و لەدەرگاماندا وارێکەوت خۆی لەماڵ نەبو ، خێزانەکەی لەماڵ بو پرسی کێن گوتمان خۆمانین ناسیاوی کاک شەوکەتین ، هات

دەرگای لێکردینەوە و فەرمووی لێکردین و ئێمەش چوین ژوڕێ و لەژوری میوان دانیشتین و هەواڵی هاوسەرەکەیمان پرسی گوتی لەماڵ نیە ، کاک ئاکۆسوور خۆی و منیشی پێناساند ، بەڕاستی قەت لەبیرم ناچێت ئەوشێرە ژنە شۆڕشگێر و نیشتیمان پەروەرە کە زانی ئێمە پێشمەرگەین ، زۆر خزمەتی کردین ، بە بۆچونی من ئەو جۆرە شێرە ژنانە هیچیان کەمتر نییە لەوژنانەی مێژوو لە قارەمانێتی و سەربەرزی باسیانی کردوە ، چونکە زۆر چاونەترس بوێر بو ئامادەیی هەموو هاوکاریەک بو ، خاتوو کافیە محەمەد ، ئەوشەوە زۆر ئامۆژگاری و ڕینمایی کردین و گوتی: زۆر وریای خۆتان بن ، چونکە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون پڕە لە جاسوس و خۆفرۆش و ئەڵقە لەگوێ و بەکرێگیراوی ڕژێم ، کەچی ئێوەش دەبینم کەبێباکانە دێنە ناو ئۆردوگاوە نابێت ئەوها کەمتەرخەمبن ، کاک ئاکۆسوور زۆر سوپاسی ئامۆژکارییەکانی کرد و گوتی: خوشکی بەڕێزم وامەزانە بێ باکین ئێمە هەموو حسابێکمان بۆ نەخشەوپلانی دوژمن کردوە ، دڵنیابە لەوەی کە زۆر ئاگاداری خۆمانین و نەخشەو پیلانی دوژمن پوچەڵ دەکەینەوە ، هیچ مەترسە سەرکەوتو دەبین ان شاءالله ، خاتوو کافیە گوتی خوانەکا ئێوە شتێکتان لێ بەسەربێ هەروا زو جێگاتان پڕنابێتەوە ، ئەوە بزانن گەل و وڵات چاوەڕێی شۆڕشی نوێ یە بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆک ((مام جەلال)) و پێشمەرگەی قارەمان و چاونەترسی پارتیزانی وەک ئێوەیە ، دوای ئەم گفت و گۆیە من و کاک ئاکۆسوور کۆڵە پشتەکانمان هەڵگرت و ماڵ ئاوایمان لەماڵ و خێزانی کاک شەوکەت

کرد و بەرە و لای برادەران بۆ ئەشکەوتە نهێنییەکەی پیرەمەگرون گەڕاینەوە .

کاک ئاکۆسوور بوە لێپرسراوی ڕەتلی 9ی سووورداش

دوای ئەوەی لەسنووری شێخبزێنی خواروو بە سنووری ناوشوان و شێخ بزێنی سەروو و خاڵخالان و قەڵاسێوکە و ئاغجەلەردا ، گەیستینە ڕێگای دووکان –سلێمانی و تێپەڕ بووین بەرە و پیرەمەگرون ، کاک غەریب هەڵەدنی لێپرسراوی ڕەتلی 9ی سووورداش بوو ، کە لەچەند مەفرەزەیەک پێکهاتبوون وەک (مەفرەزەی شوان موغاغی ، فەریق هەڵەدنی ، عوسمان شارستێنی ، عوسمان مام کریم ، عوسمان حەمەکاکی ، مەفرەزەکەی ئێمەشی چووە سەر) ، دوای دوو ڕۆژ لەدوای گەیشتنەوەی ئێمە بۆ پیرەمەگرون ، کاک غەریب هەڵەدنی گەڕایەوە بۆ سەرکرایەتی لەسەر سنوور ، کاک ئاکۆسوور وەک لێپرسراوی ڕەتلی 9ی سووورداش دیاریکراو دەست بەکاربوو ، ئەو مەفرەزانەی کەلەسەرەوە ناوم هێناون ، هاتنە خوارەوە و لەنزیک ئێمە بارەگایان دانا ، لێرە بەدواوە هەر بڕیار و ڕاسپاردەیەک لەسەرکردایەتیەوە بۆ ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتیمان کوردستان ، بەبروسک دەگەیشتە لای ئێمە ، لەڕێگەی ئێمەوە دەگەیشتە ڕێکخراوەکان ، وە بەپێچەوانەشەوە ، لەسلێمانی هەر بروسکە و هەواڵێکمان هەبوایە ،

لەرێگـــی جیهـــازەکەی ئـــێمەوە دەگەێنـــدرایە مەکتەبـــی سیاســـی و سەرکردایەتی

دۆڵەبی

دۆڵەبـــی ، دۆڵـــێکە لەچیـــای پیرەمەگـــرون شـــوێنێکی تەنـــگەبەر لەناوەراسـتی دۆڵەکەدایە و هـێچ رێگەیەکـی تـر نـامێنێ و دەبـێ ماوەیەک بەشاخەکەدا بەچوار چنگۆڵە برۆیت ، تا لە کونێک کە لە شـاخەکە هەیە بەسـەر دەکەویـت ، پاشـان دۆڵەکە فـراوان دەبێـت ، لەناوەراستی دۆڵەکە بەسەرەوە کانییەکی بچووک هەیە ، لای تەنیشت و سەرووی کانییەکەوە ئەشکەتێکی گەورەی لێیە ، لەنزیـک کـانییەکە کاک غەریب هەڵەدنی لەوێ بنکەیەکی دروستکربوو ، لەوبنکەیەوە بـۆ نـاو پیرەمەگـرون یەک کـاتژمێرە رێـگەیە ، لەدامێنـی دۆڵەکە گوندێکی رووخاوی لێ بوو ناوی (بیران) بوو .

لە دۆڵەبی کەوتینە بۆسەی دوژمنەوە

لەرێـــگەی گەرانەوەمـــان بـــۆلای بـــرادەران لەئۆردوگـــای پیـــرە مەگرونەوە بۆ دۆڵەبی هەریەکەی بری 35 کیلۆ لە کۆڵە پشتەکانمان بـو ، لەگەڵ دەبەیەک (5) لتـری نەوت کە کـاک ئاکۆسـوور هەڵـی گرتبو ، ئەو رێگەیەی ئێمە هاتوچۆمان پێدا دەکرد ، (دۆڵەبیان) پێ دەگـــوت شـــوێنیکی تەنگـــی هەبـــو ، زۆربەی جـــار ئەمنەکـــانی پیرەمەگرون بۆسەو کەمینیان لێ دەنایەوە تا دەستکەوتیان ببێت ، ئەو دۆڵە زۆر دور نەبـو لەو ئەشـکەوتە شـاخەکەی پیرەمەگـرون ، کە حەشـارگە و شـوێنی نهێنـی و ئـێمە بـو ، مـن و کـاک ئاکۆسـوور بەبێـدەنگی بەرێـگەدا دەگەرایـنەوە ، لەو شـوێنە نزیـک بـوینەوە

کەمەترسی بو ، کاک ئاکۆ گوتی با دانیشین پشوویەک بدەین ، دانیشتین و پشویەکماندا ، تەماشای کاتژێرمکەی دەستم کرد سێ و بیست دەقیقەی دوای نیوە شەو بو ، پاش وچانێکی کەم هەڵساین و درێژەمان بەڕۆیشتن دا ، ناوە ناوە بەدووربینی شەو تەماشای پێش خۆمان دەکرد کاتێک ئاگادار بوینەوە کەوتین بەسەر کەمینەکەدا و تەنها چەند مەترێکمان مابو بگەینە سەریان ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر بێدەنگ و بەوریایی و هێواشی ڕێمان دەکرد ، ئەوان ئاگادار نەبونەوە ، کەسێک لەوانمان بێنی حەرەس بو ، دیاربو ئەوانی تر خەوتبون ، لەوحاڵەتەدا لەگەڵ کاک ئاکۆ سەیری یەکترمان کرد و کاک ئاکۆ دەنگیدا ، دەنگدان و تەقەلێکردنمان ڕوە و کەمینەکە یەک بو ، شەڕ لەنێوانمان دورست بو ، ماوەی پێنچ دەقەی خایاند ، لەوماوەیەدا توانیمان بەسەلامەتی خۆمان دەرباز بکەین ، لەکاتی دەرباز بونماندا ئارپێچیەکیان پێوەناین ، بەو شەوە لەشاخێکی سێ مەتر بەرز کەوتمە خوارەوە و بەسوکی بریندابوم ، بەڵام خۆشبەختانە سەلامەت دەرچوم .

کاک ئاکۆ وایزانی پێکراوم بە پەلە خۆی گەیاندە سەرم و هەڵیساندم و گوتی: خێراکە وەرە کۆڵم تاڕزگارتکەم ، بێ ئەوەی حساب بۆ کۆڵەپشتەکە و دەبە نەوتەکەی دەستی بکات ، گوتم نابراگیان باشم دەتوانم بەپێی خۆم بڕۆم ، ڕۆیشتین و لەکەمینەکە ڕزگارمان بو بەبێ ئەوەی یەک کیلۆ لەکۆڵەپشتەکانمان جێ بمێنێ یا فڕەی بدەین ، هەتا دەبەنەوتەکەشمان هەرپێ مابو ، لەئەشکەوتەکەمان نزیک کەوتینەوە بینیمان برا پێشمەرگەکانمان کە گوێیان لە تەقە بوە ، بێ یەک و دو بەرە و پیری ئێمەو بۆ شوێنی

کەمین و شەڕەکە هاتون ، چونکە تاکە ڕێگەی ئێمە بو ، بۆ دابەزینە ناوشـار و گەڕانەوەمـان بـۆ ئەشـکەوتەکەمان ، بـۆیە زانیبویـان کەئێمەین و کەوتـوینەتە کەمینـەوە ، دوای گەیشـتینی براکانمـان زۆر خۆشحاڵ بون ، ئاواتەڕەش لێمان هاتەپێش و دەستی لە ملمان کرد و ماچی کردین و فرمێسـک خۆشـی لەچاوی هەموو براکانمـان بەدی دەکرا ، گوتیان لەوبڕوایە نەبوین ئێوە لەو کەمین و شـەڕە دەستەو یەخەیە ڕزگاربوبێتن ، چونکە ئێمە گوێمان لەتەقەکان بو چەند خێرا بو .

دواتر لەڕێگەی خەڵکی خۆمانەوە لەناو ئۆردوگای پیرەمەگرونەوە هەواڵەکەمـان بۆ هـاتەوە ، کەوا دوکەسـی لە ئەمنەکـان ، لەوکەمینـە بەسـزای گەڵ گەیشـتون و کوژرابـون ، بەناوەکـانی (خەلەف علـی مەحمـوود و عەبـاس حوسـێن) ، بەڕاسـتی ئەوەی جـێگەی سەرسوڕمان و تێبینـی من بـو لە مـاوەی پێشـمەرگایەتی و پارتیزانی لەگەڵ کـاک ئاکۆسووردا ، وەفاو دڵسۆزی و خۆنەویستی ئەوبو بۆ پێشمەرگەکانی و جوامێری و قارەمانێتیشی بو لەئاست دوژمن ، بەوە دەڵێن سیفەت شێرانە ، هەرگیز بۆجارێکیش نەمبینی لەمەیدان و ڕو بەڕو بـونەوە بەتەنهـا لەهەوڵـی دەربـازکردنی خۆیـدابێت ، بەڵکـو بەردەوام سەلامەتی پێشمەرگەکانی لەپێشەوەی هەموو شتێک دانابو ، بەڕاستی فەرماندەیی و بەرپرسیارێتی شیاوی خۆی بو ڕوحی شادبێ .

نیازی لێدان لەپیاوەکانی ڕژێم

لەو ڕوداوە بەدواوە ، ڕژێم بەڕێگە نهێنیەکانمانی زانی و بەردەوام زیاتر کەمینیان بۆ دادەنایەوە ، وایلهات بێزاریان کردین ، هەرچەندە

و لەوکاتەدا عیرا پەلاماری وڵاتی کوێتی دابو ، داگیری کردبو ، گەلێک فۆکسی لەسەر کوردستان نەمابو ، بۆ ئەومەبەستە کاک ئاکۆسوور بەجیهاز پەیوەندی بە کاک ئەوشیروانەوە کرد و پێی ڕاگەیاند ، کە پیاوەکانی ڕژێم چەند جارێکە کەمینمان بۆ دەنێنەوە و هەراسانیان کردوین ، بەنیازم دەستیان لێبوەشێنم و لێیان بدەم لەوبارەوە ڕای بەڕێزتان چییە ؟ لەوڵامی کاک ئەوشیروان بۆ کاک ئاکۆسوور گوتبوی : نا بڕا کاریوانەکەن ، چونکە وادەکەن کەسرنجی تەواوی هێزەکانی ڕژێم لەسنورەکە بۆسەر خۆتان ڕابکێشن ، بۆی هەیە لەناکاو بەهێزێکی گەورە و بەپاڵپشتی فڕۆکە و هەلی کۆپتەر کێومالێکی بەرفراوان بۆسنوری ناوچەکەتان بکات ، لەگەڵ پابەندبونی کاک ئاکۆسوور بەئامۆژگاریەکانی کاک ئەوشیروانەوە ، بەڵام هێشتا لێیان داخ لەدڵ بو ، ڕۆژێکیان کاک ئاکۆسوور و نەقیب ناسح و خاڵەبەخە ، بۆ هەندێک کاری پێویست ڕۆیشتن بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون ، بەڵام لەبەر ئەوەی ترسێکی زۆریان لەسەر بوو ، زۆر بەوریاییەوە ڕۆیشتبوون ، بینیبویان کەوا پیاوانی ڕژێم دەردەچن بۆ کەمین دانان ، ئەوانیش نایکەنە نامەردی لەناو کەلاوە خانووە ڕووخاوەکانی گوند (بیران) کە لەدامێنی دۆڵەبی هەڵکەوتووە بۆسەیان بۆ دەنێنەوە ، لەگەڵ گەیشتنی پیاوانی ڕژێم بۆ تەنیشت گوندەکە ، لێیان دەدەن و هەڵیان دەبڕن تاسەر جادە گشتییەکە هەڵاتبون و خۆیان نەگرتبوەوە ، سەرئەنجام دوای زانینەوەمان دووانیان لەپیاوەکانی ڕژێم برینداد کردبوو .

هەڵوێستی مەردانەی مام ڕەسوڵ کرژەیی قەت لەبیر ناچێت

لەدرێژەی ڕۆیشتن و دابەزینمان بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون ، کەماڵی مام رسول بنکەی سەرەکیمان و ئەڵقەی گرێدانی پەیوەندیەکانی ئێمەو ڕێکخراوەکانی ناوشار بو ، ژورێک تایبەت بەپێشمەرگە پارتیزانەکان بو ، شەوێکیان من و کاک ئاکۆ ڕۆیشتین بۆ ماڵی مام رەسوڵ کرژەیی لەپیرەمەگرون ، گەیشتین و چوینە ماڵی ناوبراو ، دوای گەیشتن و دانیشتنمان ، کاتێ دەنگە دەنگ پەیدا بو ، لە دەرگاکەیان درا ، مام ڕەسوڵ چوە دەرەوە تابزانێ ئەو دەنگە دەنگە چیە و کێیە ؟، کاتێک بەپەلە هاتە ژوورەوە و گوتی کورە کوڕینە مەفرەزە خاسەی جاش دەوری ماڵەکەیان گرتوین ، نەشڵەژین بڕۆنە ژوورەکەی پشتەوە تابۆتان دەکرێ بێدەنگی بپارێزن ، پاش ئەم ئامۆژگاریە ڕۆیشت بەرە و دەرگای حەوشە و ئێمەش چوینە ژووری پشتەوەیان و خۆمان بێدەنگ کرد ، دڵمان لەناو مشتمان بو ، ئێستا نا ئێستا جاشەکان دێنە حەوشەو بەرە و ژوورەکان دێن و دەیان پشکنن ، ئەوەندی خەمی تیاچونی خانەوادی مام ڕەسوڵ مان بو ئەوەندە لەخەمی خۆماندا نەبوین ، باش بو خوا ڕەحمی کرد ، نەهاتنە ژورەوە ، وا دیاربو مەفرەزەکە بەڕێکەوت هاتبونە کۆڵانی ئەوان دەوری ماڵەکەییان ، چونکە نەهاتنە حەوشە و هیچ شوێنێک نەگەڕان و بەهێواشی گەڕانەوە و ڕۆیشتن ، ئەم ڕوداوە زۆر کاری تێکردم ، لەدڵی خۆمدا گوتم ئەگەر ئێمە وەک پێشمەرگە و پارتیزان روحی خۆمان خستۆتە مەترسیەوە بۆ سەربەستی و ئازادی گەل و خاکی پیرۆزی نیشتیمان ، بەڵام هێشتا خەڵکی واش هەیە وەک ماڵی مام ڕەسول ، کە روح و گیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەپێناوی

ئازادی کورد و کوردستان و پاراستنی پێشمەرگە کردۆتە قوربانی ، بۆیە لێرەوە بەقەد بەرزی لوتکەی سەرکەشی چیای پیرەمەگرون ، سڵاو ڕیز دەنێرم بۆ مام رەسوڵ کرژەیی و خانەوادە سەر بەرز و بەڕێــزەکەی و تەواوی ئەوەـــاڵانەی تـــر کە ڕۆژێـــک لە ڕۆژان هاوکاریـان کـردوین ، وەفـا و چـاکەی ئەوان قەت لەبیـر نـاکەچیَ و هەرچی بکەم چاکەیان بەمن نادرێتەوە .

خلە و عەبە

شەوێکی تر لەگەڵ کاک ئاکۆ و کاک چەتۆ سالح لە پیرەمەگرون داوەتــی مــاڵی میمــک زایەکەم بـوین ماڵیــان نزیــک مــاڵی رەئـیس جاشـێکی خەفـیفە بـو ، دەبـو بەپـێش مەرکەزی ئەمـنەکەدا بـڕۆین و تێپەڕبـین بۆمـاڵی ئەوخـزمەم ، کـات دوای مەغریـب بەدواوە لەگەڵ کاک ئاکۆسوور شۆڕمان کردەوەوە بۆناو پیرەمەگرون و نهێنی ناوی خـلە و عەبەمـان بۆخۆمـان دانـا ، کـاک چەتـۆ لەنـاوپیرەمەگرون چاوەڕێی دەکردین ، پێش نوێژی خەوتنـان گەیشتینە پیرەمەگرون و لەگەڵ کـاک چەتـۆ یەکمـان گـرت و ڕۆیشـتین بۆدەعـوەتەکە ، کـاک چەتۆ گوتی من لە پێش ئێوەوە بە پێش مەرکەزی ئەمنەکەدا دەڕۆم ، بەڵکو ئەگەر دەنگی منیان دا ئێوە ئاگاداربنەوە و بگەڕێنەوە و نەیەن ، چـونکە ئێـوە چەکتـان پێیە ، کـاک چەتـۆ مەسـافەیەک لەپـێش ئـێمە بەپــێش مەرکەزەکەدا ڕۆیشــت و تێــپەڕی کەس دەنگــی ئەوی نەدا کــاتێکی ئــێمە گەیشــتینە نزیکیــان بەتەنیشــتیانا بــڕۆین ، لەوکــاتە لایتێکیان بۆمـان لێدا ، لەگەڵ ئەوەی کەوتینە بەر شـەوقی لایتەکەیـان یەکێکیان گوتی (هدول مسلحون) و واتە ئەوانە چەکدارن ، دەنگیـان داین و فیشەکیان لێخوڕیە بەرچەکەکانیان ، ئێمەش گورج هەریەکەی

بەلایەکدا هەڵاتین ئەوانیش کەوتنە دومان بەناو پیرمەگروندا ، لەوکاتەی ئەمنەکان دەنگیان داین کاک ئاکۆ خەریکی میزکردن بو ، ئاگام لێنەما چی بەسەرهات ، چونکە هەرکەسەو بەلایەکدا هەڵاتین من خۆم گەیاندە ماڵی مام رسوڵ تەلانی لەوێ خۆم شاردەوە ، دواتر نانم خوارد و پشویەک باشم دا ، درەنگانی شەو لەماڵی مام ڕەسول هەستام و گەڕامەوە بۆ دۆڵەبی ، کات پێش بەیان لەدامێنی دۆڵەبی لەبنکەورە شاخێک لەگە کاک ئاکۆ یەکمان گرتەوە و کاک ئاکۆ پێش من گەیشتبووەوە ژێر ئەو کەورە شاخە ، کاتێک من گەیشتمە ئەو شوێنە کاک ئاکۆ لێی خوڕیم کێیت ؟! من دەنگی ئەوم ناسی و گوتم عەبە ئەوە خۆتی گوتی خلە ، گەیشتینەوە یەک باوشی پێمدارکرد پڕقوڕگی گریان بو گوتی: گوتومە جارێکی تر خلە نابینەوە ، ئیتر پێکەوە ڕۆیشتین بەرەو حەشارگەکەمان لەپیرمەگرون ، بەدەم ڕێگاوە بەسەر هاتی خۆی بۆگێرامەوە کەشەو لێکدابڕابوین ، گوتی دەستێکم بەدۆخینەکەمەوە و دەستێکم بە تفەگەکەمەوە بو ، هەڵاتم بەکوڵانێکەدا خۆم گەیاندە کەلاوە خانوویەک چۆڵ و خۆم تێدا شاردەوە و خێرا دۆخینەکەم بەستایەوە و خۆم گورجوگۆڵکردەوە ، تا ئەگەر هاتنە سەرم بەرگری لەخۆم بەکەم ، گوتی ئەمنەکان هەڵەیان کرد و لەمن ڕەت بون ڕۆیشتن ، منیش دوبارە بەپێچوانەی ئەوانەوە هەلاتم و ڕۆیشتم تاگەیشمە خانویەک لە پشت پیرمەگرون ، دواتر هاتمە ئەم ئەشکەوتەی کە لێی گەیشتینەوەیەک پشوم دا .

سەربڕینی مێنگوینە سوور لەناچاری و برسێتیدا

دومانـگ دوای گەڕانەوەمـان لەشـێخبزێنی خـواروو بـۆ شـاخی پیرەمەگرون و جێگیربونمان لە شوێنی کاک غەریب هەڵەدنی و لەم ئەشـکەوتی دۆڵەبـی ، شـەویکیان بـرادەران گوتیـان زۆر حەزمـان لەگۆشتە ! منیش گوتم باشە بەیانی گۆشتان بۆ پەیدا دەکەم ، کـاک ئـاکۆ گـوتی .... مەکە ، گـوتم سبەینێ دەردەکەوێـت ، بەیـانی ئەوڕۆژە گـاڕانی پیرەمەگـرون هـاتە گونـدی (بیـران) لەخـوار دۆڵەبـی ـەوە لەوێ دەلەوەڕا ، دوای عەسـر لەگەڵ وریـا قەفـاری شۆڕمان کردە خوارەوە بۆنـاو گەڕانەکە ، بەبرادەرانمان گوت پاش سـەعاتێکی تـر ئێـوەش دوان سـیانێکتان وەرن بـۆ هاوکاریمـان ، ڕۆیشـتین چوینە ناوگـاڕانەکەوە گـاوانەکە دیـار نەبـو ، ئـان و سـاتی گەڕانەوەی گاڕانەکەبو بۆ پیرەمەگرون ، لەگەڵ وریـا 12 مانگامـان لەگـاڕانەکە جیـاکردەوە و دامـانبڕی دامـانەپێش خۆمـان و هێنامـانن بەدۆڵەبی دا ، لە ڕێگە هەرجارە و دانەیەک لەپێشمان ڕای دەکرد و ڕزگاری دەبو ، دیاربو شانسیان هەبو ، لەکۆتایدا موێنگێنێکی سوور لەپێشمان مایەوە ، لەبەر قەڵەوی سەرپشتی ڕەش ببو . (موێنگوین) واتە گۆلکی دووساڵەی مێیە .

بەهەر حـاڵێکبو بەدۆڵـکەدا هێنامـان ، کاتێـک بـرادەرانیش هـاتن و گەیشـــتن پێمـــان ، حەبلێکیـــان لەگەڵ خۆیـــان هێنـــابو دەوری موێنگێنەکەمـان دا ، پەلامـاری ملـی موێنگـوینەکەم داو تونـد گـرتم ، لەگەڵ ئەوەدا خـۆی ڕاپسـکاند و میلـی بـادا و سـەری ڕاوەشـاند دامـی بەقەد شاخێکدا هەناسەم توند بو ، دواتر حەبلەکەمان لەقاچی خست و لەپێشـەوە یەکێـک ڕایدەکیشـاو ئێمەش لەدواوە لێمان دەخوڕی تـا ئەو شوێنەی ڕێگە ڕۆیشتنی موێنگینەکە هەبو ، کەڕێگە نەما لەوێ دامان

بەزەویداو سەرمان بڕی و کەوڵمان کرد ، لە حەشارگەمانەوە زۆر دور نەبو ، دو برادەرمان لە ئەشکەوتەک مابونەوە بانگیانمان کرد ئاگربکەنەوە و پشکۆ حازرکەن بۆ گۆشت برژاندن ، دواتر گۆشتەکەمان پارچە پارچەکرد و سەرمان خستە سەرەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکەمان .

من و کاک ئاکۆ گەڕاینەوە سەرو پێی و پاشماوەی تری مۆینگوینەکەمان شاردەوە و کرمانە بن خۆڵ و ئەسەری مان بزرکرد ، ئەگەر هات و ئەو ناوە گەڕان نەیدۆزنەوە و کەشف نەبین ، تا گەڕاینەوە لای برادەران شەو داهات ، بەفرکەوتبو لەو چیایە جەوەکەی زۆر سارد بو ، بەوشەوە بەشیشی زەمەی تەفنگەکانمان دەستمان بەگۆشت برژان کرد تابەیانی نەخەوتین ، گۆڵکەکە ئەوەندە قەڵەوبو بڕوابکەن نزیک 150 کیلۆ گۆشتی دەبو ، گوتمان چیێ لەم هەموو گۆشتەبکەین ، هەستاین گۆشتە نەرمەکەمان ورد ورد کردو کردمان بەقاورمە ، گۆشتی بەئێسکەوەشمان کۆڵاندو کردمانە ناو چەند تەنەکەیەکی بەتاڵی رونەوە ، ڕونمان بەسەریا تاواندەوە و لەدەرەوە لەبەر ئەو سەرمایە دامانا ، بەیەک کاتژمێر بەستای و هەڵمان گرت ، بۆبەیانی گاوانەکەمان بینی هاتبو لەوناوە بەشوێن و دوای مۆینگینەکەدا دەگەڕا ، هیچی دەست نەکەوت و بەدڵێکی ساردەوە گەڕایەوە ، ئیتر ڕۆژانە بەپێی پێویست قاورمەمان دەخوارد ، ڕۆژێک کاک ئاکۆ گوتی بابچین سەروپێیەکەی بێنین ، برادەران گوتیان مەچن ئیستا تێکچوە ، گوێمان نەدایە قسەی ئەوان و چوین سەروپێیەکەشمان لەژێر زەوی لەبن خۆڵ دەرهێنا و خاوێنمان کردەوە ، کاک ئاکۆ بە گاڵتەوە گوتی ئەها وادەجولێتەوە ، زۆر

پێکەنین ، ئەوەشمان هێناو گەڕاینەوە لای برادەران و چاکمان کردو و لێمان و خواردمان ، لەبەر دونیا ساردی تێک نەچوبو ، جا لێرەوە داوا لەخاوەنی ئەو موێنگینە سوورە دەکەم , هەرکاتێک لەڕێی ئەم کتێبەوە زانی و ئاگادابوەوە لەوەی کەموێنگینەکەی هی ئەو بوە ، بۆ خوا گەردنمان ئازادبکات ، چونکە لەناچاری و لەبرسا خوارمان .

مزرە نایخۆم گۆشت بەرازە

سێ چوار ڕۆژێکی دوای ئەوەی موێنگینەکەمان سەربڕی بو ، مەفرەزەکەی کاک (عوسمان سێ دەری) لەدۆڵەبی لەئەشکەوتی پیرەمەگرون هاتنەلامان ، زۆر ماندو برسی بون ، گۆشتمان لێنابو بۆنی دەهات گوتی ئەو گۆشتەتان لەکوێ هێناوە کورە زۆر برسین ، ئێمەش نەمانویست کەشف بین و بزانن گۆلکمان سەربڕیوە ، گوتمان گۆشت بەرازە نیوەڕۆ نانمان پێکەوە خوارد کاک عوسمان گۆشتەکەی نەخوارد گوتی حەرامە گۆشت بەراز ناخۆم ، زۆرمان هەوڵ لەگەڵیدابیخوات ، چونکە گۆشتەکە هی گۆلکبو نەک بەراز ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاستیمان پێنەگوتبو ئەویش نەیدەزانی ئینکاری کرد و نەیخوارد ، گوتمان دەباشە بەس تامی بکە بزانە جیاوازی گۆشت گۆلک و بەراز چیە؟ بۆدەڵێن گۆشت بەراز ناخورێ ، هەرچۆنیکبو قنچکێ گۆشتمان پێداو ئەویش خستیە دەمیەوە نەختێک تامی چێشت تفاندیەوە ، گوتی جیاوازی هەیە ، گوتمان چۆن ، گوتی ئەم گۆشتە مزرە لەگۆشت گۆلک ناچێ .

دابەزینی خالید ڕەزا ئەمین لەشاخەوە بۆشار

لەشـــەوی 19 لەســـەر 20ی / 10 /1990 لەڕێـــگەی هەردوو فەرمانـدەی پـارتیزانی دوای ئەنفـال ، کـاک (غەریـب هەڵەدنــی و ئاکۆسـوور) سەرپەرشـتیارانی ڕەتڵـی سـووورداش و کەرکـوک ، لەسەرسنوور و لەسەر کردایەتیەوە خالید ڕەزایـان گەیانده بارەگای نهێنیەکەمـان لە دۆڵەبـی شـاخی پیرەمەگـرون ، لەوێـوەش گەیانـدیانە ماڵی (مام رسوڵ تەلانی و خاڵەبەکر تەلانی) لەنـاو پیرەمەگرون و بەوانیـان سـپارد ، دواتـر کـاک غەریـب و کـاک ئاکۆسـوور نەشـیاو پێداویستیان هێناو گەڕانەوە بارەگا لەشاخی پیرەمەگرون .

لەسۆفی سمایلەوە بۆ سۆفی قوربانی

لەدەستپێکی دابەزینمانەوە وەک و پێشمەرگەی پارتیزان بۆقوڵای خاکی پیرۆزی کوردستان و سنووری کەرکوکی قودسی کوردستان ، بەو جیهازەی کەپێمان بو ، بۆ پەیوەندی نێوان خۆمـان سـەرکردایەتی ، کە بریتی بون لە هەڤاڵی بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا و مەکتەبی سیاســی) تــایبەت بەپەیوەنــدیمان بەکــاک نەوشــیروانەوە دەکــرد ، ژمــارەی نهێنــی و نــاوی نهێنــی جیهــازەکەی ئــێمە کە لەلای کــاک ئاکۆسـوور بـو ، بەنــاوی (سـۆفی قوربــانی)ەوە بـو، جیهــازەکەی ناوشاریش ژمارە نهێنی و ناوی نهێنی بۆ دانرابو ، بەنـاوی (سۆفی سمایل)ەوە بو ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی هەرئیشوکارێکیان هەبــوایە بەجیهــاز پەیوەنــدیان بەئــێمەوە دەکــرد و دەمانگەیانــدە سـەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ، پاش گەیشتنەوەی کـاک (خالید ڕەزا) ئـامۆزای کـاک نەوشـیروان ، بەســەلامەتی بـۆ ناوشــاری

سلێمانی ، بوە چالاکیەکی گەورە بۆ ئێمە لە ڕادوێی دەنگی گەلی کوردستانەوە ، بە بروسکە خوێندرایەوە کە جیهازەکەی ناو شار پێیدابون ، گوتی لە (سۆفی سمایلەوە بۆسۆفی قوربانی) یارمەتییەکەتان گەیشت دەستان خۆشبێ ، ئەو بروسکەیە مانای ئەوەبو ، کە کاک خالید گەیشتۆتە شوێنی خۆی ، ئێمە لە ڕێگەی جیهازەکەی کە پێمان بو ، دوای ئەوەی کە کاک ئاکۆ لەجێگەی کاک غەریب هەڵەدنی بوە بەرپرسی ڕستە یا بڵێم ڕەتڵی 9ی سورداش ، بوینە ڕایەڵەی ناو شارەکان و بەتایبەتی شاری سلێمانی و سەرکردایەتی .

مەفرەزەی سێ حیزبەکە

لەدوای گرتنی وڵاتی کوێت لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی 1991 ، سەرکردایەتی ئاگاداری کردینەوە ، دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ، لەلایەن حیزبەکانی وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان و، حیزبی شیوعی کوردستان و، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) بەهەرسێ لایەن مەفرەزەیەکی مشتەرەکی پێشمەرگەی پارتیزانیان پێکهێناوە و ڕەوانەی خوارەوەیان کردوە بۆ سنووری پیرەمەگرون ، ویستمان بزانن و ئاگاداربن و بەگوێرەی توانا هاوکاریان بکەن ، بەڵام بەداخەوە مەفرەزەکەی سێ حیزبەکە لەرێگەی هاتنەخوارەوەیان (حاجی مەحموود گەورەدێی)ی پارتی سەرپەرشتیاریان بو ، پێش ئەوەی بگەنە لای ئێمە لە پیرەمەگرون ، لەدۆڵی (جافایەتی) لەکاتی کێومالکردنی ناوچەکە لەلایەن سوپای ڕژێمەوە ، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لێکئاشکرا ببون و توشی شەڕ و پێکدادان هاتبون ، لەو شەڕ و پێکدادانە (حاجی محموود گەورەدێ

)ی بەرپرسی مەفرەزەکە و پێشمەرگەیەک بەناوی محەمەد ئیسماعیل عەبدولڕەحمان دارەختیاری ناسراو بە (نەوزاد) بەدیل کەوتبونە دەست هێزەکانی ڕژێمی بەعس ، لەدوای ڕاپەرینی 1991 ئازاد بون .

بەرپرسی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی ناوی (مەولود تەلانی) بو ، لەژیان ماوە ، بەرپرسی پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیست ناوی (قادر چاوشین) بو ، بەداخەوە شەهید بو ، روحی شادبێ ، ئەمانەو چەند پێشمەرگەیەکی تر گەیشتنە سنوورەکە و لەشاخی پیرەمەگرون لەبارگاکەی خۆمان یەکترمان بینی ، کەبینیان مەفرەزەکانی ئێمە زۆر تۆکمە و ڕێک و پێک و بەهێزە و لەهیچ کەل و پەلێکی پێشمەرگانە و خواردن و داو و دەرمانی کەم وکورتی نییە و جێگیر و چەسپاوین ، یادیان بەخێر باش لەبیرم نەماوە لەو دوو بەرپرسەی حیزبی شیوعی و سۆسیالیست کامیان بون ، واتە (مەولود تەلانی یا قادرچاوشین) ، گوتی قسەیەک دەکەم بۆ مێژوو هەرچەندە و قسەکە جگە لەیەکێتی بە زەرەری حیزبەکەی خۆم و هەردوو لایەنەکەی تر تەواودەبێت ، ئێمە بەهەرسێ لایەن پێکەوە مەفرەزەیەکمان پێکهێناوە ، لەگەڵ ئەوەشدا نەمان توانی بەسەلامەتی بگەینە شوێنی دیاریکراو بەرپرسەکەمان لەگەڵ پێشمەرگەیەکمان لێ بەدیلی گیراو کەوتنە دەست ڕژێمی بەعس .

بەڵام قسەکە هەردەکەم ، قسەکەش ئەوەیە بەڕاستی شەرم دەکەم و بەعەیبەی دەزانم کە لەئاستی پێشمەرگەی پارتیزانی وەک ئێوە بەخۆمان بڵێین پێشمەرگە و لەئاستی حیزبی یەکێتی بەخۆمان بڵێین حیزب ، چونکە دەبینم ئێوە ڕایەڵەی تەواوتان لەنێوان خۆتان و

ڕێکخراوەکانی ناوشار ڕێکخستوە وگرێ داوەتەوە و پەیوەندیتان گەرم گوڕ و توند و تۆڵ و پتەو و بەهێزە و لە هیچ جۆرە یارمەتی و کەلوپەلێکتان کەم نیە و بۆتنە ڕایەڵی پەیوەندی شاری سلێمانی و سەرکردایەتیان .

کاتێک بیروباوڕ پێچەوانە دەبێتەوە کارەسات ڕودەدات

جگە لەماڵە پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناو نۆردوگای پیرەمەگرون کە لەپاشکۆی کتێبەکە ئاماژەم بەناو و ناونیشانیان داوە ، ئێمە لەپێشمەرگە و ڕێکخسنەکانی ناوشاری سلێمانی زانیاریمان بۆدەهات ، ناوی دانەیەکیانم لەیادە بە ناوی (ئاکۆ) بو ، من ئەوانی ترم نە دەناسی ، چونکە نریتی ڕێکخستن وابو زۆر نهێنی بو ، بەتایبەتیش لەڕۆژگارە سەختانەی دوای ئەنفال سەختر بو ، ڕۆژێکیان ڕاپۆرتێکمان لەڕێگەی ڕێخستنە نهێنیەکانی ناو پیرەمەگرونەوە بۆ هات ، کە ئەوانیش لەڕێخستنە نهێنیەکانی ناوشاری سلێمانیەوە بۆیان هاتبو ، گەیشتە دەستمان و بەتایبەت کاک ئاکۆسوور ، دوای هەڵپچڕین و خوێندنەوەی نامەک ، دەرکەوت زانیاری ئەوەی تێدا نووسرا بو ، برادەران ئاگاداربن کە دوو پێشمەرگەی تەسلیم بوەوەی سنووری تیپی 21ی کەرکوک ، بەکەڵک وەرگرتن لەوەی کەپێشتر پێشمەرگە بونە ، دەزانن ئێوە تەسلیم نەبونەتەوە و بەپارتیزانی هاتوینەتە خوارەوە و لەناوچەکەن ، بەڵام شوێنەکانتان نازانن ، حکومەتی بەعس ناردونی بۆ دۆزینەوەی

شوێنەکەتان ، بەو نیازە خۆیان لە ڕێخستنەکانی ناوشار و لە ئێوە نزیک بکەنەوە ، بۆئەوەی بتان کوژن یان شوێنەکەتان بدۆزنەوە و تەسلیم تان بکەن ، تا لەلای ڕژێم ڕوی خۆیان بەخیانەت لەڕێبازەکەیان و براکانیان سپی بکەنەوە و ، باوڕپێکراوی خۆیان لای ڕژێم نیشان بدەن و دواتر مەفرەزەخاسە وەربگرن ، بەڵام خۆشبەختانە لەڕێگە ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە هەستیان پێکرابوو کەشف ببون ، ئەوانیش زانیاریان بۆئێمە نارد ، ئیستا ناوەکانیان لەلام پارێزراوە و یەکێکیان پێشتر زۆر برادەرم بو ، بەڵام ئەوەی ترم ئەوکات نەدەناسی ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی 1991 ئەویشم ناسی ، ئیستاش ئەوەی کەپێشتر برادەرم بو هەربرادەرمە و پەیوەندیمان هەرماوە ، بەڵام بەداخەوە دیسان دەڵێم بەداخەوە ئیستا هەردوکیان پلەو پۆستیان پێدراوە و گەیشتونەتە پلەی لیوا ، یەکیان لەئەرک وفەرماندایە و ئەوەی تریان خانەنشین کراوە ، پشت بەستو بەوپەندە کوردییەی کەدەڵێ هەمبو هەمبو نایخوات هەیتم هەیتم تەواوە ، دلنیام ئەگەر ناوەکانیان ئاشکرابکەم لەجێتی پلەکانیان رابگرن ، بەپێچەوانەوە دەیانکەن بەفەریق ، لێروە بۆمێژوو دەیڵێم ئەوە ئەرکە قورسەی بەڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی دەکراو کردیشیان هەرگیز بەمن وەسف ناکرێن .

ڕاپەڕین خۆرسک نەبو ، بەڵکو ئەندازیاری هەبو

کەلەسنووری ناوچەی پیرەمەگرون مابوینەوە ، چاوەڕێی گۆڕانکاری بوین ، بەردەوام چاومان لەسەر کۆڕانکاریەکانی ناوچەکەبوو ، بۆیە بەردەوا گوێمان دابووە ڕادیۆکەمان بۆ بیستنی

هەواڵێکی خۆش ، ئاخۆ عێراق بە گفتوگۆ مل بۆ هاوپەیمانەکان دەدات و ڕازی دەبێت بەئاشتی و دوور لەجەنگ لەکوێت بکشێتەوە ، یا بەکەڵلە ڕەقی خۆی دەکات و مل نادات بۆ ئاشتی و خۆی دەخاتە جەنگێکی نادیارەوە ، کە بەئەگەرێکی زۆرەوە ڕەنگە سەرئەنجام زەرەرمەندی یەکەم خۆی بێت ، وازح و ڕوون دیاربو ئەگەر بەئاشتی لەوڵاتی کوێت بکشێتەوە ، ئەوە بۆ دۆزی کورد سوودێکی ئەوتۆی نابێت ، بەڵام ئەگەر هەر ئینکار و کەلەڕەقی بەری نەدات وخۆی بخاتە ئەو جەنگەوە لەگەڵ هاوپەیمانان ، ئەوا بێگومان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد بەقازان دەشکێتەوە و ئومێد و بڕوا لەدڵ و دەروونی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕشگێڕ بۆ ڕاپەڕین گەشتر و خۆشتر دەبێ و زەمینە سازی ڕاپەڕین دەچێتە قۆناغێکی نوێ وە .

لەوماوەیەدا بەردەوام لەگەڵ سەرکردایەتی و بەتایبەت هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لەپەیوەندی دابوین ، پێشمەرگەکان دووعامان دەکرد (سەدام حوسێن) لەکەلەڕەقی کەلی شەیتان نەیەتە خوارەوە و بەئاشتی لە کوێت نەکشێتەوە ، سەرئەنجام و دواجار ڕژێمی عێراق بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن ، لەدژی هەموو ڕێگە چارەیکی ئاشتیانە وەستایەوە و بڕیاریدا بەئاشتی لەکوێت ناکشێتەوە ، ئەم هەواڵە بەڕاستی بۆ ئێمەی پێشمەرگە دڵخۆشکەر بوو ، چونکە هەواڵەکە نەک هەنگاوێک بەڵکو سەد هەنگاو لەخۆسازدان بۆ ڕاپەڕین نزیکی خستینەوە ، دوای ئەم بڕیارەی ڕژێمی بەعس ، هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، لە 17 / 1 / 1991 جەنگی کەنداویان لەدژی عێراق ڕاگەیاند ، بەناوی (

گەردلـولی بیابـان) ، لەئاسـمان و لە زەویەوە هێـرش و پەلاردان بۆسەر سوپای عێراق دەستی پێکرد .

لەمـاوەی (100) کـاتژمێردا سـوپای عێراقیـان تەفروتونـاکرد ، لەگەڵ هەڵگیرسـان و دەسـتپێکردنی جەنگـی هاوپەیمانـان لەدژی عێراق ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڕبەرایەتی سکرتێری گشتی (هەڤـال مـام جەلال)و بەئەنـدازیاری کـاک نەوشـیروان مسـتەفا جێگـری سـکرتێری گشـتی ، لەوپەڕی ئامادەسـازی و خۆسـازدانی بەردەوام بوون ، بۆ درستکردنی زیاتری شانە چەکدارەکانی ناوشـار و شارۆچکە و ئۆردووگا زۆرە ملێکان ، لەوبـوارەدا وەک داینەمۆی ڕاپەڕین پێشـەنگی هەمـوو هێـزە شۆڕشـگێرەکانی تـری کوردسـتان بـوون ، سـەدان شـانەی چەکـداریان لەنـاو شـارو شـارۆچکە و ئۆردوگاکان دروست کرد و وپەیوەندییان بەسـەرۆک هۆز و رەئیس جاشـی فەوجەخەفیفەکـان و مەفـرەزە خاسـە و کەسـایەتییە دیارەکـانی هەرێمـی کوردسـتان و پیـاوانی ئـاینی و بەشـێک لەسـەرۆک هـۆز و کەسـایەتییە دیارەکـانی نەتەوەی عەربەوە بەتـایبەت لە سـنووری (کەرکـوک و موسـل) کـرد ، هەروەهـا پەیوەنـدیان لەگەڵ حیـزبە شـۆڕگێرەکانی تـری نـاوبەرەی کوردسـتان تونـدوتۆڵ و بەهێزکـرد ، پـلان و نەخشـەڕێژی ڕاپەڕینیـان بەڕێکـی و پێکـی دارشـتبوو ، لەئەنجـامی ئەم هەوڵ و کۆششـە نهێنـی و بەردام و لێنەبـڕاوانەی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـان ، تـوانرا یەکێتییەکـی دڵسـۆزانە و کـوردانەی یەک دەنـگ و دەسـت و تـۆکمە دروسـت بـکەن تێکـڕا لەپرۆسـەی ڕاپەڕینـی بەهـاری 1991 گەلـی کوردسـتان بەشـداری بکەن .

کەلەسەری پێشمەرگە زۆر بەنرخ بو پارەی دەکرد

لەوڕۆژگارەی ئێمە بەپاتیزانی بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ قولایی خاکی پیرۆزی کوردستاندا و بوینەوە بەهاوڕێی تاقانەی بەوەفای نیشتیمان و ئازاری خاکمان ڕادەژمند و گوندەکانی کوردستان وێرانە و بێ نازبون ، کەس نەبو بمان گرێتە خۆی و بمان حەوێنێتەوە و نانێکی گەرم و نەرمان بداتێ ، بیرو یادی قیژەی هێلکەو ڕونی مالان پیش ئەنفال ، لەوکاتەدا سوێی دەکردینەوە ، لەسەر ئەو حالەشەوە ڕژێم بۆ هەرپێشمەرگەیەکی پارتیزان جگە لەهێزی سەرباز و جاشێکی زۆر کۆپتەرێکیشی بۆ تەرخان کردبو ، ئێمەش بەسینگی ڕوت و بەچەکێکی سادەی کلاشینکۆف تەحدای هێزی ئاگر و ئاسنی ئەو ڕژێمە دڕندە وەحشیە کیماوی وەشینەمان دەکرد ، کەسەری پیشمەرگە وەک کالایەکی گران بەها لە دەست جاش و مەفرەزە خاسە و مەنزومە و ئەمنی بەلەد و تەواوی دائیرە ئەمنەکان پارەیەکی زۆری دەکردو مامەڵەی پێوەدەکرا ، بۆیە ناوچەکە یەک پارچە بە تۆڕی جاسوسی تەندرابو هەمیشە لە کەمین و ڕاوەدونانی ئێمە بون ، ئێمەش بەسەرما و گەرما بەناویاندا گوزەرمان دەکرد و لەنێوان ڕەبیەو مۆلگای ڕژێم چاوشارکێی مەرگمان دەکرد و ، بەرگەی سەدان کێومالی سوپاو هێزی بێ شوماری جاش و سەرباز و دەیان ڕۆژی برسێتی و ترسێکی زۆر بە سەرمانەوە و دور لەئاوەدانی و سەدان پیلانی دوژمن بگرین و پوچەڵیان بکەینەوە .

زەنگی ڕاپەڕین

لەزمنـاکۆوە بـۆ 1720 ، 1720 ژمـارە جفـرەی جیهـازەکەی ئاکۆسـوور بـوو ، ڕۆژ بەڕۆژ لەسـاتەوەختی ڕاپەڕیـن نزیـک دەبوینەوە ، تا ڕۆژێک لەڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە ، کەلەو سەروەختەدا تاقە ڕادیۆی تاقانەو ئومێد و هیوا بەخشی خەڵکی ستەم دیدەی خەڵکی کوردستان بوو ، بەبروسکە گوتی: (لەزمناکۆوە بۆ 1720 ، تکایە برادەرانـی ناوشـار ئاگاداربکەنەوە لەحەوتـی مانـگ زەماوەنـد سـازبکەن) ، ئەوەبـو ئـاکۆ سـوور دەم و دەسـت بەپەلە برادەرانـی ڕیخکسـتن و ڕێکخراوەکـانی ناوشـاری ئاگـادارکردەوە ، ئەو شەرەفە گەورەیەی موژدەی ڕاپەڕین بەویـان سپاردوو شـەرەفی موژدانە و زەنگی ڕاپەڕینی بەرکەوت .

لە 5 / 3 /1991 بەبەشـداری تەواوی چـین و توێژەکـانی خەڵکـی بەشەرەفی کوردستان و حیزب ولایەنە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ، بەتایبەت شانە چەکدارەکانی وەک (شالاو ، بروسـک ، بـاران) کە لەپێشمەرگە دابڕاوەکان و یەکێتی و ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشـار ، کە لەلایەن سـەرکردایەتی یەکێتییەوە ڕێکخرابـوون ، شـاری ڕانـیە ڕاپەڕی و یەکەم فیشـەکی چـرکەی ڕاپەڕیـن (شـێر عەلـی نەبـی) تەقانـدی و نـایە سـینگی جەلادەکـانی بەعسـیەوە ، یەکەم شـەهیدی ڕاپەڕینی گوڵاڵە سوورەی کوردستان شەهید (ئامینە)بوو .

هێزو ورە و مانەوەمان

ڕاسـتی ئـێمە دوای هـاتنەخوارەوە و گەیشـتنمان بەنـاوچەی شـێخ بزێنی بەهیمەتی پێشمەرگەی نـاو شـار کـاک چەتۆسـاڵح بـرای شـەهید دکتـۆر هـادی و چەن مـاڵێکی لەشـێخ بزێنـی خـواروو وەک مـاڵی (

حاجی غەفور سمایل بەگی و کوڕەکانی بەناوەکانی ئەنوەر و حەسەن ، دایە خـوچەی شـێرەژنی ئیلنجـاخی ناوشـوان و کـازم عەبـاس مەرزیخەی سەروو) کەهەموویان لەوکاتەدا دانیشتوی تەقتەق بون ، دواتـر کەگەڕاینـەوە شـاخی پیرەمەگـرون ، چەنـد مـاڵیکی تـر لە ئوردوگـای پیرەمەگـرون وەک مـاڵی (مـام ڕەسـوڵ کرژمیـی) کە بـنکەی سـەرەکی مـان بـو ، مـاڵی (کـاک مولـود تەلانـی و کـاک بەکرتەلانـی)کە هەردوکیـان برابـون ، مـاڵی (مـام عەلـی سـوور) ئیدارەی خۆماندا و سەرکەوتوبوین .

من شێتم یا تو

کاتێک بەرنامەی ڕاپەڕین لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بەرنامە ڕێژی بۆکرابوو ، نەخشەو پلانـی بۆداڕێژرابوو ، لەهەموو شـار و شـارۆچکەکان شـانەی چەکـدار بەپشـیوان جەمـاوەر دروستکرابوو ، چاوەڕوانی کاتژی سفریان دەکرد ، کە لەرادیۆیی دەنگـی گەلـی کوردستـانەوە ، بگـاتە بەرگـوێ یـان ، ڕادیۆیی گەلـی کوردسـتان وەک پێشــە هەمیشــە جـوانەکەی بەڕاگەیانـدی هەواڵ و سرودوو گۆرانی حەماس خولقێنەکـانی بەزمێکـی نـابوەوە ، بەغدای دەهەژانـد و خـوێن دەهێنـایە جۆش ، لەوکـاتەدا سـروودی هۆکـاکی پێشــمەرگە بەدەنــگە بەســۆزەکەی هونەرمەنــدی پێشــمەرگە حەمەجەزای(13) لێدەدا ، ناکۆسوور گـوتی: فەخرەدین بەجیهازەکە پەیوەندی بە ڕادیۆیی گەلی کوردستانەوە بگرە و پێیان بلێ سروودی گـولی سەربەسـتی بەدەنگـی مامۆسـتا تـاهیر تۆفیقمـان بـۆ لێبـدات ، پەیوەندیم کرد بەڕادوێویی گەلی کوردستانەوە داوی گۆرانیەکەم کرد

گوتیان بەچاوان ، پاش کەمێک بەدەنگی خاڵەتاهیر سروودی گوڵی سەربەستی لەناو ئەو شاخ و دۆڵ و لوتکە سەرکشانەی چیای پیرەمەگرون تێکەڵ بەقاسپەی کەوی سەر زەنارە شاخەکان ئەویێ ڕۆژێ بو بوو ، دەنگیان دەدایەوە و زۆر دڵمان خۆشبوو .

لەوکاتەدا ئاواتەڕەش گوتی برادەران دڵتان زۆر خۆش نەبێ ، ئاکۆسوور گوتی: ها شێتە بۆ ؟ ڕاپەڕین وا لەئان و ساتە ، هاکا جەماوەر بەپشتیوانی شانە چەکدارەکان ناوشار ڕابپەڕین بتەقێتەوە و دام و دەزگا داپۆڵسێنەکانی ڕژێم تەفروتونا بەکەن ، دڵنیام کوردستان بەکەرکوکەوە ڕزگار دەکرێت ! بەڵام کورد ناتوانێت پارێزگاری لەکەرکوک بکات ، ئاواتەڕەش گوتی ئاکۆ بۆ پێت وایە کورد ڕزگاری بێت ، تۆ دەبی بەچی ؟ دەتکەن بە پارێزگار یا وەزیر ؟ ، ئاکۆ گوتی: گرینگ نیە کێ دەکەن بەپارێزگار یا وەزیر ! گرینگ ئەوەیە گەلەکەمان ڕزرگاری دەبێت ، ئەی شۆڕش و میلەت ئەو هەموو خوێن و قوربانیەیان بەگیان و ڕوحی خۆیان لەپێناوی چی دا ؟! ، ئاوات گوتی ئاخر منیش مەبەستم ئەوەیە ، خۆدەکرێ لەپای ئەم هەموو ڕەنج و قوربانی دانە ، ئەوکاتە پاداشت بکرێینەوە ، بەڵام بڕوات بێت ئاکۆسوور دوای ڕاپەڕین لەپێش هەمووماندەبێت تۆ کرێکاری بکەیت ؟! مەگەر ئەوەی کەمێک ئەوکاتە ناقڵبێت خۆی لەڕەئیس جاشەکان نزیک بکاتەوە ، چونکە ئەوان ئەوکاتە وەک ئیستایان باڵادەست دەبن و لەڕێگەی ئەوانەوە شتێکی دەست بکەوێ ئەگینا کەس ئێمەی لە بیرنامێنێت .

ڕاپەڕین لەباشووری عێراق و کوردستان ڕویدا و کوردستان بەکەرکوکەوە ئازادکرا ، بەڵام دواتر ڕژێمی بەعسی دوای

دامرکاندنەوەی خەڵک و خێڵە ڕاپەڕیوەکانی باشوور ، هێرشی پێچەوانەی بۆسەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان دەست پێکرد ، کۆڕەوی ملوێنی خەڵکی ڕاپەڕیو دەستی پێکرد بۆ وڵاتانی جیرانی وەک (ئێران و تورکیا) ، حیزبە شۆڕشگێڕەکان گەڕانەوە نزیک سنوور ، دواتر قەراری 986 نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچو و هێڵی 36 دیاری بۆکورد لەباشووری کوردستان دیاریکرد ، ئەم قەرارە لەقازانجی دۆزی ڕەوای گەلی کوردبوو ، خەڵک گەڕایەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆی و شۆڕش گۆرانکاری و نوێی بەسەردا هاتوو خەریکی خۆڕێکخستنەوە بوو ، لەوبارەوە تەشکیلەو گۆڕانکاری لەهێزی پێشمەرگەدا کرد ، لەو گۆڕانکارییە جێگایەکی وا شایستەیان بۆ ئاکۆسوور دیاری نەکردبوو ، بەوهۆکارەوە ئاکۆ لەشۆڕش زویربوو ، ڕۆیشتە ماڵەوە دانیشت خەریکی کرێکاری بوو ، ڕۆژێک ئاواتەڕەش گوتی فەخرەدین بابچین سەرێک لەئاکۆ بدەین ، بەسەیارەیەکی تویتای مۆدیل هەشتا لە ڕانیەوە ڕۆیشتین بۆ خەلیفان ، گەیشتین و چوینە ماڵی ئاکۆ ، چی ببینین؟! بینیمان کاک ئاکۆ وا بە دەبە و جلیکان بەنزین دەفرۆشێت ، زۆر دامایین و بیرمان لەوقسەیەی ئاواتەڕەش کردەوە ، لەگەڵ ئەوەی چاومان بە ئاکۆسوور کەوت ، ئاوات گوتی ها ئاکۆ من شێتم یا تو .

سوپاس و پێزانین

لە کۆتـایی ئەم گێـڕانەوەیە ، دەمەوێـت لێـرەوە زۆر زۆر سوپاسـی بێ پایانی برای بەڕێز و خوشەویستم نووسەر کاک (جومعە عومەر دەربەنـدی) بـکەم ، کە بۆجـاری دووەمە زەحمەتـی کێشـاو ئەرکـی نووسـینەوە و تـوێژینەوە و بەداواداچـونی بیرەوەریەکـانی ڕۆژانـی سـەختی خەبـاتی پێشـمەرگایەتی و پـارتیزانی دوای ئەنفـالی بـۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی گرتە ئەستۆی خۆی و بۆی نووسیمەوە ، ئەوە بۆ جـاری دووەمە ئەم ئەرکە قورسـەی کێشـا و گـرتە ئەسـتۆی خۆی ، جاری یەکەم بەناوی پارتیزانەکانی کەرکوک بڵاوم کـردەوە ، ئەم جارەش دوبارە تەکلیفم لێکرد ، لەگەڵ ئەوەی کەزۆر پڕ ئیش بو خەریکـی نووسـینەوەی کتێـبەکەی خـۆی بـو ، بەڵام لەبەر ڕێـزی برایەتی و خۆشەویستی نێوانمـان ، دڵـی نەشـکاندم و ئیشـی کتێبەکەی خـۆی ڕاگـرت و ، بیرەوەریەکـانی بـۆ نووسـیمەوە و بەناونیشـانی (ئـاگرو خـوێن) لەبیـرەوەری پارتیزانەکـانی کەرکـوک ، ئەمەیە خۆشەویسـتی و برایەتـی نێوانمـان ، بـۆیە لێـرەوە تەمەنـای تەمەن

درێژی و تەندروستیەکی باشی بۆ دەخوازم و هیوادارم هەمیشە ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوبێ بێت .

بەشی سێیەم
هاوکارانمان و ژیاننامەی هەڵۆ پارتیزانەکان

فەخرەدین سمایل بەگی و ئەنوەر حاجی غەفور

ئەنوەر حاجی غەفوری سمایل بەگی کە یەکێکە لەهاوکارەکانی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەستەکەی کاک ئاکۆسوور لەناوچەی شێخ بزینی خواروو ، لەوبارەوە بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ !

لەدوای کارەساتی ئەنفال لادێیەکانی کوردستان هەمووی کاول وێرانەبو کەسی تێدا نەمابو ، ئێمە زرعات و باخداریمان لەناوچەی شێخبزێنی خواروو لەگوندی مەرزیخەی سەروو سەربەناحیەی شوان – کەرکوک کردبو ،ماڵمان لەتەقتەق بو ، ڕەزی ماڵی شەریف حەمەدەمین ئاغای مەرزیخەمان بە بەئیجار گرتبو بەناومان دەهاورد ، بەڕۆژ لە تەقتەقەوە دەچوینە سەر ڕەزمکەمان لەگوندی مەرزیخە و بەشەو دەگەڕاینەوە ، چونکە ڕژێمی لەناوچوی بەعس

ئەوسـاکە قەدەغەی کردبـو بەشـەو لە سـنوری لادێ ڕوخاوەکـان بمێنینەوە تەنها بەڕۆژ مۆڵەتی ئیشوکارکردنی کشتوکاڵی پێ دابوین ، بەیانیەک لەگەڵ مەلەک ڕەحمەتـی خێزانم وەک ڕۆژانـی تر چوینە سـەر ڕەزەکەمـان دەسـمان بەکـارکردن کـرد، کاتێـک مەلەک خێزانم بـانگی کـردم و ئاگـاداری کـردمەوە گـوتی لەنـاو ئەو بـنە هەنجیـرەوە بەردم تێدەگرن ، گوتم کچێ وانیە ، گوتی بەخـوا ، منیش دەستم دایە خاکەناسـەکەو یەکسـەر چـوم بۆسـەر بنەهەنجیـرەکە ، لەگەڵ ئەوەدا کـاک فەخـرەدین سـمایل بەگـی لەنـاو بـنە هەنجیـرەکە هـاتە دەرەوە و ناسـیم ، کە خەڵـک لای خۆمـان خـزم بـو ، سـەرم سـوڕما ئەو پێشمەرگەیەو چی دەکات لێرە؟ چاک و چۆنیمان کـردو گـوتم چیکەی لێـرە ، گـوتی مەفـرەزەیەک پێشـمەرگەی بەپـارتیزانین هـاتوینەوەتە خوارەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنـی و کـاک ئاکۆ سور لێپرسراومانە و هـاتوین بـۆلای ئێـوە ، تـا هاوکاریمـان بـکەن ، کەوتینە قسـەکردن ، گـوتی هەرخـۆم بەتەنهـا نیم و کەسـی تـرم لەگەڵدایە گوتمـان کێیـە ؟ گوتی خاڵەبەخەیە ، خـاڵەبەخە کێیە؟ گـوتی خەڵکـی ئەم گوندەی ئێرە مەرزیـخەی ژووروە ، گـوتم بەخێـر بـێن ، خـاڵەبەخەش هـات و ، دیاربو زۆر برسیان بو ، بۆی گێڕامەوە کە هەندێ نـان سـاجیان پـێ بوە کەڕو لێیداوە و ناخورێت ، مەلەک خێزانم خێرا چو نـان و چـای بۆیان حازرکرد و نانیان خوارد ، دواتر گوتم فەرموو چیتـان دەوێ ، فەخرەدین گوتی ئێمە پارتیزانین و لەم نـاوچەیە دەمێنینـەوە و هـاتوین بۆلای ئێوە ، گوتم کورە کاکە ئێوە بۆچی هاتون دنیا هەمووی کاول و وێران و خراپ بوە کەس نەماوە خەڵک هەموی تەسلیم بۆتـەوە ، ئەم ناوە چۆڵ هۆڵە خۆکەس نەماوە .

گـوتی ئـێمە مەفـرەزەیەکین لەئێـرانەوە گەڕاویـنەتەوە و پێویسـتمان بەهاوکاری ئێوەیە ، گوتم بەخێربێن چیتان دەوێ ؟ گوتی هاوکاریمان بەکەن لەڕوی خـۆراک و پێداویسـتیەوە ، لەبەر ئەوەی فەخــرەدین خەڵکی دێ و خزمی خۆمان بو ، گوتم کاک فخرەدین من تو دەناسم خزم و کەسێ یەکین بەس ئەم پیاوەی لەگەڵتە نای ناسم ، گوتی کورە دڵت هیچ نەکات ئەوە خاڵەبەخەیە لەمن جێگای متمانەترە ، خەڵکی مەرزیخەیە ، بەهەرحاڵ گوتم باشە کێشەنیە ، بەڵام ئەم هاوکاریەی ئێمە دەبێت بەنهێنی لەلاتان بمێنێتەوە و کەس پێی نەزانێت ، کورە بەخوا بێت و ڕژێم پێی بزانێت قەتڵ و عاممان دەکات ، گوتیان بێخەمبە گوتم چیتان دەوێت و چیتان پێویستە ؟ گوتی هیچمان نیە ، منیش لەتەقتەق (شەکر و ئارد و نیسک و ڕۆن و پاکەت)م بۆیان هێنا ، جارێکی تر پاتریەکی سەیارەم بە 25 دیناری سویسری لەکۆیە بۆیان کڕی و بۆیانم هێنا ، بەس خوا هەڵناگرێ خوڵکی پارمیان کردم و گوتیان پارەمان زۆر پێیە ، ئەلحەقی پارەیان زۆر پێ بو ، هەندێکی 25ی سویسری بو ، لە درێژەی هاوکاریەکانمان لەوماوەیەی لەشێخ بزێنی مانەوە (دایک خاڵەبەخەم) لەتەقتەقەوە برد بۆلای خاڵەبەخە ، دواتر لەگەڵ کاک (چەتۆ ساڵح) هاوکاری سەرەکی پێشمەرگە پارتیزانەکان (ئایشەحەکیم دایکی کاک فخرەدین سمایل بەگی و دایەمریم دایکی کاک ئاکۆ و نازەنین خێزانی کاک ئاکۆ و دارای کوڕی کاک ئاکۆمان لەتەقتەقەوە (بەتراکتۆر)ی خۆمان بردە چ حاوی چەمی سەیناخ لەگوندی مەرزیخەی سەروو گەیاندمانە لایان ، هەرئەو رۆژە دایەمریەم و دارا و دایک کاک فەخرەدینم هێنایەوە تەقتەق ، نازەنین لەلای کاک ئاکۆ چەند ڕۆژێک

مایەوە ، ڕۆژێک قواتی ڕژێم بۆ کێومالّی ناوچەی شێخ بزێنی دەرچوبو ، لەوکاتەدا نازەنین لەلای کاک ئاکۆ بو ن دوای گەڕانەوەی هێزەکە بۆ ڕۆژی دواتر نازەنین یان هێنایە لای ئێمە و بۆ ئێوارە هێنامانەوە تەقتەق و لەوێوە ڕۆیشتەوە بۆ ئوردوگای کەورگۆسک .

چوار پێنچ مانگ مەفرەزەکەی کاک ئاکۆ لەشێخ بزێنی بون ، دواتر گەڕانەوە بەرە و پیرەمەگرون ، بەڕاستی ئەوەندەی لەشێخبزێنی بون زۆر زەحمەتیان کێشا و ماندو هیلاک بون ، ڕۆژێک بەیانی لەتەقتەقەوە دەچوین بۆ سەرباغەکەمان لە حاوی مەرزیخەی سەروو ، لە حاوی قەرەناو ڕژێم نەیهێشت بڕۆین و ڕێیان پێگرتین ، مام سەلام قەرەناوی لێم نزیک بوەوە و گوتی دەڵێن مەفرەزەی پێشمەرگە لەو شێخبزێنیەن ؟ گوتم واللە من نازانم و هیچم نەدیوە و کەسی لێنیە ! گوتی با دەڵێن لەوێ هەن ، کاک چەتۆ سالّح دەهات بۆلایان ، ڕۆژێک مام عەلی سەعید مەرزیخەیی کەئەویش هەر لەحاوی مەرزیخەی ژوورو خەریکی کشوکاڵ بو ، دەچێتە پێش کاک چەتۆ و دەڵێ بۆ کوێ دەچیت ؟ ئەویش دەڵێت دەچم بۆ مالّی کاک ئەنوەر کە لەخواری ئێوەوەن خزم مانە ، دواتر مام عەلی سەعید گوتی ئەوکوڕە وای گوتوە بۆلای ئێوە دێت ؟ گوتم بەڵێ وایە ئەوە خزم وکەسی منە هەمووجار بۆلای ئێمە دێت ، دواتر مام عەلیش وەزعەکەی زانی بەڵام پیاوێکی خاکی و کوردپەروەر و جێی متمانە بو ئیتر ئەویش بێ دەنگ بو .

فەرخرەدین سمایل بەگی و خەجیجە محەمەد قادر سمایل بەگی کوردایەتی گەلێک لەلامان شیرین بو !

خەجیجە محەمەد قادر ناسراو بەدایە (خەجە) خێزانی حاجی غەفور سمایل بەگی یەکێکە لەو شێرە ژنانەی ، کە هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکانی ڕتلی کەکوکی ، بەفەرماندەی شەهید ئاکۆسووری لە شێخ بزێنی خواروی کردووە ، بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: سەرەتا مەلەک بوکم و ئەنوەری کوڕم لەوەزعەکە ئاگادار بون دواتر من ئاگادار بومەوە هەموجارێک کە نانمان بۆپێشمەرگەکان دەبرد لەسەر بنەهەنجیرەکان نانەکەمان دادەنا یان لە لقەدارێکی بەرز دەمانکرد بەدارا ، ئەوانیش بەشەوان دەهاتن نانەکەیان دەبرد ، دەترساین خەڵکی تر پێی بزانێ لەترسا دەمانگوت چەقەڵ هاتوە نانەکەی خواردوە ، ڕۆژێک زۆر خەمم لێیان خوارد ، چونکە پێشمەرگەکان گوتیان وەزعەکەمان لێتێک چوە زۆر ناخۆش بو ، بۆیە دڵیانم دایەوە و گوتم کورە ئێوە دڵخۆتان نارەحەت مەکەن ، ئەگەر نانێکمان هەبێ لەگەڵتان کەرتی دەکەم ، هەرنا بەدانەدۆک بەخێوتان دەکەم دەمەویست نەفەوتێن دەستم لێیان بەرنا بو ، چونکە کوردایەتی گەلێک لەلامان شیرین بو پێشمەرگە خۆشەویست بو ، بەخوا خزمەت کردنی ئێمە بۆ ئەوان دوبەشی موحیبەتی کوردایەتی بو ، کە خزمەتیانمان دەکرد قەزیەکە ئەوەبو ، بڕوابکەن ئیستاشی پێوەبێ خەم و داخی خاڵەبەخە لە دڵم دەرناچێ وەختە لە سوێیی بمرم و هەرگیز خەمی خاڵەبەخەم لەبیرناچێتەوە ، چونکە هەموجار کەدەهاتە لامان پێکەوە دادەنیشتین و دەچوینە ناو گەرمەی حیکایەتەوە و ڕۆژ بەخۆی دەڕۆیی ، هەندێک گیای کەرکۆڵ (قەلەخوان) لەو لای کەپرەکەمانەوە بو دەچوە ناو قەلۆغانەکان دادەنیشت سەریشی تاشی بو وەک قەلۆغانەکان بو ، ئیستاش لەبەر

چاومە گەڵێک زگم پێی سوتا بە ئیساشەوەبێ ، یارەبی سەد ڕەحمەت لەگۆڕەکەی بێت ، دایکی خاڵەبەخە لەخۆشەویستی بۆ ئێمە تایەی سەیارەکەی ئەنوەر کوڕەی ماچ دەکرد ، ڕەحمەتی لێبێ .

ڕۆژێ ئایشەی دایکی فەخرەدین سمایل بەگی و مریەم دایک ئاکۆ سوور هاتبون بۆلای فەخرەدین و ئاکۆی کوڕیان ، ئایشە نوشتێک نانی هێنابو (حاجی غەفور هاوسەرم لەگەڵ شەریف حاجی حمدامین) چوبونە ناو ڕەزەکە بۆ هەنجیر خواردن ، ئایشە و مریەمیان لەخوار ڕەزەکەوە بینی بو لەناو جۆمە شیوەکان وا پوشی کرتی دەکەن ، بەڵام مریەمی دایکی ئاکۆی نەناسی بو ، هاتنەوە حاجی غەفور زۆر تورە دیاربو ، گوتی خۆ ئایشەڕەش لەگەڵ ژنێکی تر لەو شیوە بون !! گوتم ئێ قەیچێکا دو پیرەژنن بۆ گسک هاتون و لەوێ گسکە کرتی دەکەن ، بە توڕەییەوە پێی گوتم کچێ دەوسکتبە ! دەڵێ پیرەژنن ، لەو نزیکە جاش بێ شەرەفی لێیە جاش پیرەژن چوزانێ ، حساب خزمایەتی بۆ دەکرد لە مەوزوعەکەش تێناگەیشت و ئێمەش وەزعەکەمان پێ نەگوت بو ، بۆیە زۆری پێی دڵگران و نەفسی پێ ناخۆش بو ئاشیەو ئەوژنە بەتەنها لەخوار ڕەزەکەوە بون ، بڕوابکەن دەستی بڕۆیشتایە قەستی دەکرد بیان کوژێت ئەوەندی پێ ناخۆش بو ، ئاگای لەهیچ نەبو !! ، ئێ نەشمان دەوێرا ڕاستیەکەی پێ بڵێین ، ئایشە و مریەمیش بۆ ڕێ بزی خۆیان بەگسکە کرتی کردنەوە خەریک کردبو ، چەند ڕۆژێک دواتر نازەنینشمان هێنایەوە ئەو ڕۆژە کرێکاری هەنجیر ڕنینمان هەبو ، بۆ ڕێ بزری گسکمان بەنازەنین چاک دەکرد بۆ ئەوەی وابزانن ئەویش بۆ گسک کردن هاتوە ، ماڵی عەلی سەعیدیش نزیکمان بون وامان پیشاندا نازەنین

لەگەڵ ئەوان هاتووە تێکەڵ و پێکەڵمان کرد ، بڕوابکەن هەر خودا خۆی پاراستمانی ، چونکە ئەوەندە وەزعەکە ناهەموارو خراپ بو .

فەخرەدین سمایل بەگی و کازم عەباس

کازم عەباس خەڵکی گوندی مەرزیخەی سەروو یەکێکە لەخانەوادە هاوکارەکانی مەفرەزە پارتیزانەکانی دەستەکەی کاک ئاکۆ لەشێخ بزێنی خواروو ، بیرەوەریەکانی گێڕێتەوە و گوتی .

لە ئەنفال مانگی 5ی 1988 بەماڵەوە چوینە ناحیەی تەقتەق لەوێ جێگیر بوین ، دواتر لەساڵی 1989 - 1990 یەکەم کەس بوم ، دوای ئەوەی ڕژێم ڕێگەیدا تەنها لەگوندەکەمان بەڕۆژ لە بەیانیەوە تا کاتژمێر چواری ئێوارە خەڵک کشتوکاڵ بکات و هاتو چۆ بۆ سەر کشتوکاڵ و ڕەزوباغەکانیان بکەن ، منیش بۆ بوژانەوەی ڕەز و باخەکەمان و بژێوی ژیان چومەوە گوندی مەرزیخەو خەریک کشتوکاڵ و باغ داری بوین و هاتو چۆمان دەکرد ، دوای من ماڵی حاجی غەفور سمایل بەگیش هاتنە گوندی مەرزیخەی سەروو ڕەزو باخی ماڵی کاک (شەریف حاجی حمدامین) خزمی ئێمەیان بەنیجارگرتبو ، بەروبویان بەناو دەهاورد ، ئەوانیش هاتوچۆیان دەکرد ، ساڵ 1990 بو ڕۆژێک چەند پێشمەرگەیەک پەیدا بون و هاتنە ماڵمان و ناسیانم ، یەکێکیان خاڵەبەخەی خەڵکی گوندەکەی خۆمان بو ، ئەوەی تر کاک فەخرەدین سمایل بەگی بو ، ئەوەی ڕاستی بێت بەبینینیان سەرسام و پێخۆشحاڵ بوم کە خەڵکی لای خۆمان و خزم و کەس بون ، بەڵام بەڕاستی لەوکاتەی من بینیانم وەزعیان زۆر خراپ بو ، ئەوە بو داوای هاوکاریان لێکردم منیش

بەپێی توانا ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی زۆر لەڕوی خۆراکەوە هاوکاریانم کرد ، دواتر کاک ئاکۆ و کاک ئاواتەڕەشم ناسی ، بەڵام بەتەواوەتی هەمویانم هەرنەناسی ، ڕۆژێکیان کاک ئاکۆ و خاڵەبەخە نامەیەکیان داپێم بیبەم بۆ خاڵم (ڕەسول) کە ناسراوە (بەوەستا ڕەسوڵ)، لە ڕێکخستنەکانی ناو شاربو ، بە ئامانەتەوە نامەکەم برد و دامەدەستی ، دواتر وڵامی نامەکشم لەلای خاڵمەوە بۆ کاک ئاکۆ هێنایەوە و دامەدەستی ، ئەوان خۆیان دەزانن ناوەڕۆکی نامەکە چی تێدابو .

مەفرەزەکەی کاک ئاکۆ سوور

بەکورتی

مەفرەزەکەی کاک ئاکۆ سوور وەک مەفرەزەی تایبەتە دروستکراوەکانی تر لەمانگی 5 ی 1990 ئامادەکران و لەسەرەتای مانگی 6ی 1990 بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سنوری کەرکوک ڕەوانەی خوارەوەکراین ، سەرەتا لەڕێگە شارەزا و چاوساغی وەک کاک مەحمود جاف و کاک بەکرنیسێوێ و پێشمەرگەکانیەوە و گەیندراینەوە خاکی کوردستانی خۆمان باشوور ، دواتر لەڕێی شارەزاو چاوساغی پێشمەرگەکانی سەرقافڵەو پاڵەوانی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال ، کاک غەریب هەڵەدنیەوە ، لە 12 / 6 / 1990 دابەزین و هاتین تا گەیشتینە لای مەفرەزەکەی کاک غەریب هەڵەدنی لە دۆڵەبی نزیک گوندی بیرانی پیرەمەگرون ، دواتر کاک غەریب هەڵەدنی و چەند پێشمەرگەیەکی بەپشتی ئۆردوگای پیرەمەگرونا تا نزیک شاخی تۆکمە بەڕێیان کردین ، دواتر بەهۆکاری شارەزایی پێشمەرگایەتییەوە و بەهاوکاری پێشمەرگەی

ناو شار کاک چەتۆ صالح بەرە و ناوچەی شێخ بزێنی سنوری کەرکوک شۆڕبوینەوە بەرێکەوتین ، لە 5 / 7 / 1990 بەرێکەوتین قۆناغ بەقۆناغ تاگەیشتینە سنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزێنی خواروو ، لە ناوەراستی مانگی 7 حەوتەوە تا 2 / 10 /1990 بەپارتیزانی لەدووری 25 کیلۆمەتر لە چەقی شاری کەرکوک لەهەڵەتی هەنارەی گوندی عەمدۆنی شێخ بزێنی خواروو ماینەوە و توانیمان پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکان و خەڵکی باوڕپێکراو و پێشمەرگە دابڕاوەکانی ناوشار گرێ بدەینەوە و ، درێژە بەکارو چالاکی و خەباتی پێشمەرگانەی خۆمان وەکو پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕەتلی کەرکوک ، لەوجێگەو سنوورەی جارانی هەردوو تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خاڵخالانی پیش ئەنفال بدەینەوە ، لە 2 /10 / 1990 گەڕاینەوە ئەشکەوتی شاخی پیرەمەگرون تا ڕاپەڕین لە 7 / 3 / 1991 لەشاخی پیرەمەگرون ماینەوە .

ناوی ئەوخێزانە تێکۆشەرانەی ناو شار کە بنکە و هاوکاری پاتیزانەکان دوای ئەنفالی بوون .

1- بەکر ئەمین سەعید ، (بەکرتەلانی) پیرەمەگرون .
2- رەسول محەمەدئەمین (مام رەسول تەلانی) پیرەمەگرون .
3- قومری کوێخا مەحموود محەمەد ، خێزانی مام رسول تەلانی پیرەمەگرون
4- مام رەسول کرژەیی پیرەمەگرون
5- رازێیە مەحموود رسول ، خێزانی مام رسول کرژەیی پیرەمەگرون.
6- عەلی مەحموود مستەفا (عەلی سوور) پیرەمەگرون .

7- سبریە ئیبراهیم ئەحمەد ، خێزانی عەلی سوور پیرەمەگرون .
8- رەئوف حاجی ئەحمەد عوسمان ، (رەئوف دووکانی).
9- ئامینە ئەحمەد ، دایکی رەئوف دووکانی .
10- ئەنوەرشەریف ، برای شوان موغاغی ،
11- شەوکەت محەمەد ، شەوکەت سووورداشی .
12- کافیە خێزانی شەوکەت سووورداشی .
13- حەسەن عبدالجلیل قەفاری ، چەمچەماڵ .
14- ئەنوەر حاجی غەفور سمایل بەگی تەقتەق .
15- دایەخەجە خێزانی حاجی غەفور سمایل بەگی تەقتەق
16- مەلەک ڕەحمەتی خێزانی کاک ئەنوەر حاجی غەفور سمایل بەگی
17- حەسەن حاجی غەفور سمایل بەگی تەقتەق .
18- دایە خونچە ئیلنجاخی ناوشوان تەقتەق شێخ بزێنی خواروو .
19- کازم عەباس و خێزانەکەی مەرزیخەی خواروو تەقتەق .

فەرماندەو پاڵەوانی پارتیزانەکان شەهید غەریب هەڵەدنی

پێشمەرگەی مەفرەزە سەرتاکانی شۆڕشی نوێ و سەرقافڵە و پاڵەوانی پارتیزانی دوای ئەنفال و پاراستنی کلتوور و مێژووی نەتەوەیەک .

ناوی تەواوی (سابیر عبدالقادر حاجی) ناسراوە بە (غەریب هەڵەدنی) لەساڵی 1956 لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتای هەر لەوگوندە تەواو کردوە ، لەسەرەتای تەمەنیەوە لەمانگی تەمموزی ساڵی 1976 لەڕێگەی باوکیەوە پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردستانەوە و دەبێت بەپێشمەرگە لە مەفرەزە سەرەتاکان لەشارباژێڕ ، ئەوساڵە خۆی و باوکی کە ئەویش ئەندامی کۆمەڵە بوە ، پەناگەیەک بۆ (چاپخانە)ی کۆمەڵە لەتەنگەی مادێنای حەسەن بەگ لەچیای ژێلوان بەرانبەر بەگوندی هەڵەدن داناوە ، بەئامێرەکانی ئەم چاپخانەیە ، یەکەم بەیاننامەی سەربازی شۆڕش چاپکرا .

ساڵی 1978 لەکارەساتی هاکاری کەبەسەرهێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی هات ڕزگاری بووە .

بەشـــــداری کۆنفرانســـــی (1 و2)ی کـــــۆمەڵەی کـــــردوە و لەپەروەردەکردن و دورستکردنی ڕێکخستنەکاندا بەشدار بوە و ساڵی 1982 بۆتە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دوکان ، ساڵی 1986 وەک کادیری سەربازی گوازراوەتەوە بۆ مەڵبەندی 1 یەک لەقەرەداغ ، هەرئەو ساڵە گەڕاوەتەوە دۆڵی جافایەتی و لەگەڵ چەندکادیرێکی ترئەرکی گواستنەوەی چەک وتەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی لەناوچەی ئاڵانەوە بۆ بارەگانی هێزەکانی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی پێشپێردراوە .

لەساڵی 1987 بوە بەکادیر لەسکرتاریەتی سکرتێری گشتی یەکێتی هەڤاڵی بەڕێز ((مام جەلال))، هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی پارێزگاری دامەزرێنەری تیپی سووورداش بو ، ساڵی 1988 لەگوندی هەڵەدن لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی 1ی دۆڵی جافایەتیدا بەگازی کیمیایی لەجۆری خوردەل بریندار بو ، لەمانگی حوزەیراندا بەشدار شەڕەکانی مەلبەندی 3ی کردوە ، لەمانگی ئەیلولی 1988ی دوای ئەنفال وەک فەرماندە و سەرقافڵەو پاڵەوانێکی قاڵبوی خەبات ، کرایە فەرماندەی پارتیزانەکانی ڕتلی سورداش و گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و مەرگەو سووورداش ، لەوماوەیەدا ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و ڕێکخستنی ناوشاری سلێمانی گرتە ئەستۆ و هاوکارو ڕێنوێنی مەفرەزە پارتیزانەکەی کاک ئاکۆ سوور بو ، بۆ سنووری کەرکوک و ناوچەی شێخبزێنی خواروو ،

لەساڵی 1988 بەتەکنیکێکی نوێی پارتیزانی گەورەترین گورزی لەهێزەکانی دوژمن وەشاندوە ، لەبەرنامەی ڕاپەڕینی بەهاری

1991 دەوری کاراو کاریگەری هەبو ، یەکێک لە فەرماندەکانی قۆلی سووورداش بو ، لەگرتنی سەربازگەی مەرگ بریندار بوە .
ساڵی 1992 بەشداری کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی کردوە ، دوای دامەزراندنی سوپای یەکرتوی کوردستان کراوەتە فەرماندەی لیوای 22ی سەربەناوچەی فەرماندەی سلێمانی ، لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆر داستان و نەبەردی و چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردوە وەک (ئاسنگەران ، ژیلوان ، قەندیل ، سماقوڵی ، دەشتی کۆیە ، قەیوان ماوەت ، داستانی ڕزگاری ، هەڵەموند ، گەرەوان ، هەلاج دابان .
وێڕای خەباتی پێشمەرگایەتی سەلیقەیەکی کلتوری و شوێنەواری زۆر جوانی نیشتیمان پەروەرانەی هەبو ، لەساڵی هەشتاکان و سەردەمی پێشمەرگایەتی ئاسەوارێکی گرینگ و مێژوویی دۆزوەتەوە و پێشمەرگانە بۆ ماوەی پێنج (5) ساڵ پاراستویەتی ، لەساڵی 1993 ئەو پارچە ئاسەوارە بەنرخە پێشکەش بە فەرمانگەی شوێنەوارناسی سلێمانی کردوە ، کە مێژووەکەی بۆ چوار هەزار ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە ، هەروەها شوێنەوارێکی تری زۆر گرینگی پیشانی هەمان فەرمانگەدا لەدەربەندی (ڕەبەنە) لەپشت گوندی قەرەچەتان لەبناری چیای پیرەمەگرون لەناوچەی سوورداش داوە ، مخابن لە ڕۆژی 22 / 7 / 1993 لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا بەنامەردی شەهیدکرا ،

هەڵۆسوورەکەی کەرکوک شەهید ئاکۆسوور

فەرماندە و لێپرسراوی پارتیزانەکانی ڕمتڵی کەرکوکی دوای ئەنفال

پەخشان

بپرسن ئەبێ کێ هەبێ ناوی ئاکۆ سووری نەبیستبێ
کام شوێنی کوردستان ماوە پێشمەرگایەتی تیا نەکردبێ
کام کانیاوی کوردستان ماوە ئاکۆ ئاوی لێ نەخواردبێ
کام تاشەبەردی قەندیل و پیرەمەگرەن ماوە پێی لەسەر دانەنابێ
شێخبزێنی و سالەیی قەڵاسێوکەو ناوچەی بان و ناوشوان
خاڵخالان و هەمەوەند جەباری و دەشتی کاکی بەکاکی گەرمیان
دەستی هەولێر و خۆشناوەتی بیتوێن لەگەڵ ناوچەی پشدەر
دۆڵی جافایەتی و قەندیل و ڕۆژهەلاتی کوردستان و شانەدەر
شاهیدن بۆ گورجوگۆڵی ئاکۆسوور تیژو بەکار وەک خەنجەر

شێری هەڵمەتبەر لەمەیدان پڵنگی چنگ بەگڕ وەک و نشتەر
چقڵبو بۆچاوی دووژمن شمشێری پۆڵا تیربو لەدەمی کەوان
هەڵۆی چاوتیژ و خێرا تۆڵەسێن لەسزادانی خۆفرۆش و خائینان
بپرسن لە چیای پیرەمەگرون و قەندیل و سەرگرمە و بەمۆ
دوامەنزڵگەت سەفینەشێتی خۆشناوان بۆمێرخاسی و جوامێری تۆ
زۆرن وەک نەبەردی و داستانەکان تاشەبەردی سەنگەرەکان
بەشاهێدی یار و نەیار لەگەڵ پۆل پۆل پێشمەرگەی قارەمان
هەردە و دۆڵ و ئەشکەوت و شاخ ، دار و بژوێنی کوردستان
ڕەبیە و سەربازگەی زۆری دووژمن لەگەڵ یەکیەک فەرماندەکان
هاوڕێ و فەرماندەکانی خۆت مام برایمەسوور عەلی ساڵح مەلائاراس
مامەڕیشە عبدالڕەزاق حەمەڕەش ئازادهەورامی غەریب هەڵەدنی مێرخاس
چەندان چەندانی تر بڵێم تەواونابن لەگیان باز و کەڵەمێرد و هاوسەنگەران

ناوی تەواوی (ڕەمەزان ئەحمەد حەمەعەلی) ناسراو بە (ئاکۆ سوور) لەساڵی 1965 لەسێگردکان لەدایکبووە ، دووسێ ساڵ دوای لەدایکبوونیماڵیان چۆتە گوندی شەوگێڕی شێخ بزێنی خواروو سەربەناحیەی شوان – کەرکوک ، لەوێ تا تاقوناغی شەشی

سەرەتایی خوێندووە ، ساڵی1980 لەتەمەن 16 ساڵی پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ، لەساڵی 1981 بووە بەپێشمەرگە لەهەرێمی 2ی چەمی ڕێزان – بەشداری و فەرماندەیی دەیان چالاکی و نەبەردی پێشمەرگانەی کردووە وەک شەڕەکانی ناو (کەرکوک ، جادەی کەرکوک ، پردێ ، مەڵبەندی سێ ، سەرکردایەتی ، کوردستانی ڕۆژهەڵات ، هەلاج دابان ، دۆڵی جافایەتی ، خواکورک ، حاوی دوڕگەی توڵکی) و چەندان دەستانی تر ، تا کۆتا قۆناغی ئەنفال و پاشەکشە کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەرسنوور ، دواتر بەخواستی خۆی و لەسەرداوای خۆی ، لەمانگی 5ی ساڵی 1990 وەک مەفرەزەی پارتیزانی داوایەک پێشکەش بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمان کوردستان و بەتایبەت هەڤاڵ کاک (نەوشیروان مستەفا) دەکات و دەخوازێت ڕەزامەندی ئەوان وەربگرێت تا بە پارتیزانی بگەڕێتەوە قوڵایی خاکی کوردستان - سنووری کەرکوک ناوچەی شێخ بزێنی ، لەماوەی چاوەڕوانی وەرگرتنی وڵامی کاک نەوشیروان ، سەردانی ئەو برا پێشمەرگەکانەی دەکات کەبڕواو متمانەی تەواوی پێیان هەیە و پێیان دەڵێت کەبەرنامەیەکی ناوای بەدەستەوەیە ، ئەوانیش لەسەر ڕەزامەندی خۆیان خۆشحاڵی دەردەبڕن و پەیمان دەدەن و ئامادەگی ئەو ئەرکە قورسە دەبن ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کاک (نەوشیروان) لەمانگی 6ی 1990 وەک فەرماندە و سەرپەرشتیاری ڕستەی پارتیزانەکانی کەرکوک لەگەڵ پۆلێک لەوبرا پێشمەرگانەی دەست نیشانی کردبوو ، دەگەڕێنەوە قوڵایی خاکی پیرۆزی کوردستان کەرکوک ناوچەی شێخ

بزێنی و شاخی پیرەمەگرون ، لەمانگی 10ی ساڵی 1990 بەدواوە لە شوێنی کاک (غەریب هەڵەدنی) دەبێتە لێپرسراوی ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش و دەبێتە ئەڵقەی پەیوەندی ڕێکخراوەکانی ناوشاری سلێمانی و سەرکردایەتی ، سەرپەرشتی ڕێخراوەکانی ڕێکخستن دەکات تا 7 / 3 / و گێڕانی زەماوەندی ڕاپەڕینی بەهاری 1991 .

-کاک ئاکۆ سوور پلەکانی پێشمەرگایەتی قوناغ بەقۆناغی بڕیوە ، هەرلە لە فەرماندەی مەفرەزەوە تا جێگری لیوای تایبەتی کەرکوک .

-لەبەرلێهاتویی و نەپچڕانی خەباتی درێژخایەنی پارتیزانی مەدالیای (زێڕینی) یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی پێبەخشراوە .

-لە 20 / 3ی / 1991 لەکاتی ئازاد کردنی شاری کەرکوکی قودسی کوردستان ، یونسی برای شەهید دەبێت ، بەڵام کاک ئاکۆ وەک فەرماندە لەبەر زەروریەتی باروزرفی ڕاپەڕین و بەتایبەت ئازادکردنی کەرکوک ، سەنگەرەکەی چۆڵناکات تابەخۆشی بریندار دەبێت .

-مخابن دواجار لەشەوی 24 / 25 / 12 /1994 لەشەڕی نگرسی ناوخۆ لەشاخی سەفینی سەرکەشی کوردستان ، گەیشتە کاروانی دواپلەی سەروەری نەمران و شەهید بو .

-جگە لەخۆی خاوەنی شەش شەهیدە ، پێنج برا بەناوەکانی شەهید (بەکر بەکارەساتیکی دڵتەزێن لە زستانی 1984 ، شەهید بو ، شەهید مەلاسەمەد و شەهید سالح بیکەسی ، لەسەر بازگەی ڕەشکین لەزستانی 1988 گولەباران کران ، یونس ناسراو بە (کاکە) لەڕاپەڕینی 1991 لەڕزگار کردنی کەرکوک ڕۆژی نەورۆز شەهید

بو ، محەمەد ناسراو بە(شاهۆ) بەکارەساتی هاتوچۆ لەساڵی 2007 .

- لەپاش خۆی سێ نەوەی چاوگەش ، دوو کوڕ و کچێک بەناوەکانی (دارا و کانیاو ، ئازار) بە کوردستان بەخشیوە ، مخابن (دارا) لەساڵی 2005 بەکارەساتیکی دڵتەزێن شەهید بو .

کەشکۆڵی شەهید

نووسینی ئاکۆسوور .

دۆش دامابوم ڕو لەئاسۆ ، تاشەبەردێک لای ڕاسمەوە بو ، چەند هەڵۆیەک بەدەورمەوە دەیانڕوانی ، دونیا کش مات گایندلەبەرێک خشپەی نەدەهات ، دۆڵێکی دوور ! خۆڵێ مردوی بەسەردا داباری بو ، گوێم لەدەنگی نرکەیەک بو ، بەلای ڕاستا ئاوڕم دایەوە فرمێکی خاڵخاڵان دەبریسکایەوە ، گوتم خاڵە بۆچی دەگریت؟ دەرترسم تۆش بڕۆیت!، چاوت لێبو پۆستاڵ ڕەشەکان گوندەکانیان وێران وکاولکردین ! ڕەزیان سوتاند کانیاوەکانیان کوێرکردەوە ، خەڵکی لادێیەکان ئەنفال کران ، ئەگەر بڕۆین ئەمجار بەعیسە ڕەفتار فاشیەکان بێنەوە ، ڕوباریش وشک دەکەن و سیمای نەتەوایەتیمان دەسڕنەوە ، من شوانم جێت ناهێلم ، شوانی قەندیل و پیرەمەگرون و گەرمیانم .

لەبیرمە لەکلکەی کێوەڕەشا کە لەگەڵ براکانم لەپاڵ تاشە بەردێک لەگەرمەی تۆپبارانا سوێندم خوارد بەکوردستان ، بەناڵەی ئەنفالەکان ، بەڕێبازەکەی هاوڕێ ئارام ، جێت نەهێلم .

مـن ڕاسـت گـۆم و پەیمـانی خـۆم دەبەمەسـەر ، بەڵام ڕۆژێـک ڕزگارمـان بـو ، تـۆ شـاهێدی پـارتیزانی و ئەمەکـداریم بە و بڵـێ! کەرکوک سەد ئافەرین کوڕانی تۆ بەبرسێتی و سەرما و گەرمای پڕ دژواری ئێشـکگری شـەو و ڕۆژی هەرد و دۆڵ و پێدەشـتم بـون ، گەروانەکەی ئەوسا منیش لەخزمەت بابە گوڕگوڕدا گازاندەی بـێ دەنگی لە تۆ دەکەم ! ، ئاواییەکان وێرانکران تۆ بـێ دەگ بوی ، کچ و لاو و پیرمـان بەرشـاڵاوی کەمتیـار و گەلە گورکی برسـی ئەنفـال کەوتن ، تۆ بێ دەنـگ بوی ، گۆڕستان نەما شـاهێدی شـاڵی سـەوزم نەبێ ، شـک نـابەم لادیوارێـک نـاو و لۆگۆی (شیهاب و جەعفەر و ئەنەوەر)ی بەسنگی خۆیەوە نەدیبێ ، بڕواناکەم حەزرەتـی سلێمان ئەوەندی گوێی لە نرکەو هـاوار و نـاڵەی پڕ لەسۆێ و ئـازای سـەیدا زیندانیەکانی من بوە ، ئەوەندە جریوەی مەلی خۆی بیستبێت ، کـۆت و پەیوەنـدی زینـدانەکان ئەگەر بـدوێن ! پێتـان دەڵـێن ، کە پـۆل پـۆل هەڵۆی سورم پەلبەست کردو بەرە و کـاروان بەرێم خستن ، بەڵام نەمتوانی بۆ چرکەیەکیش گەروی ئاگرە سەوزەکەی بابە گوڕ گوڕ بتاسێنم ، کەرکوک ئەی بووکی تارا ڕەشی دیل و دەست بەستراوم ، کۆترە شینکەکەی لە بێچوانت دابڕاوم ، بەبابە بڵێ وریابێت ، گەروی گڕگرتوی لەمێژینەی خۆی سازدات ، تا هەموو دونیا کەروڵابێت .

لەتاریکستانی شەوێکدا

نووسینی مامۆستا وریا

لەتاریکستانی شـەوێکدا یەخەی مەرگم گـرت و گـوتم ، تـۆکێی ؟ گوتی مەرگم تۆ مەرگیت و من پێشمەرگەم ، تۆ ناتوانی پێشم بگری ، من قاڵبوی خەباتی سەخت و قارەمانی سەدان داستانم ، ڕێـگەم بەردە ، ژیلەمۆی داربەڕوی کوانوی ئەشکەوتیکم ، لەدوای نسکۆوە تا ئێستا هەردەسـوتێم ، گـڕی ئـاگرە سـوورەکەی زەمبـور ڕێـی نیشـانداوم ، حـیلەی ئەسپەشـێیەکەی کـۆمەڵە ورە و هێزیـان پێـداوم ، ڕێبـازەکەی هاوڕێ ئارام بیر و مێشکی زاخاوداوم ، بـابە گوڕگوڕ فێری کـردوم منـاڵانی شـار بێنـازەکەم بلاوێنم ، پێوەنـدی دەسـت و پێـی زینـدانیەکان تێک بشکێنم ، کەرکوک فێری کردوم پەنجەکانم ببنەشانە ، قژی چیا ڕەشپۆشەکانی کوردستانی پێ دابێنم ، پیرەمەگرون فێری کردم چاوم بەبەفر بڕێژم ، بەسەرما خۆم گەرم بکەمەوە ، قوتابخانەکە شیهاب و جەعفەر و ئەنوەر فێریان کردم ، بەگژ جەلادەکانی بەعسدا بێمەوە ، ئازادەکەی کەرکوکیشم فێری کردم سرودی ڕێی خەباتمـان بڵێمەوە ، ڕیشـەکەی شـۆڕیجەم لەجەبـاری پێـی گـوتم : کەمەرگـت دی ؟ بـوە کۆسپ و هاتە ڕێگەت ، بینی بگرەو بیتاسێنە .

لەدوو توێی کۆڵەپشتی پارتیزانیکدا
من چیایەکەم لوتکەی بەرزم سەری تۆیە

پــەرتـوکـێـکم نـاونیـشـان نــــــاوی تـۆیــە
ڕۆمانێکم پێشەکیەکەم سەرگـــــوزشتەی
خەمی زۆر و خەندەی گەرمی لێوی تۆیە
پێ نووسێکم مەرکەبەکەم خوێنی تۆیە
من شیعرێکم کێش و سەروام
وێنـــــەی ڕێـکی بـــــاڵای تۆیە
ئـــــاوازێـکـم سەمفۆنیـــــاکـــەم
هەڵهەڵەی ڕەبیەگرتنی کاک ئاکۆیە

فەرهادی کوردستان

هۆنراوەی جومعە عومەر دەربەندی

هەڵۆی باڵ بەخوێن شاسواری مەیدان
ئاکۆسوور گڕی قودسی کوردستان
چوارد ساڵ ڕێبوار تولــە ڕێی باریک
بەڕۆژی ڕون و شــەوی زۆر تاریک
بە هەنگاوی ورد ڕێی پڕ لە ترسی
ژمێکتان تێرو سێ ژمەتان برسی
لە تەڵەو داوی سیخوڕی بەعسی
شکەت و ماندو بون چییە؟ نەت پرسی
بڕیت و ڕێت کرد هەوراز و لێژی
ئازارت زۆر چێشت تا ئازاد بژی
جیهاز و کۆڵەپشت تفەنگەکەت لەمشت
هەردە و ئەشکەوت و دۆڵ و دەشتی گشت
بان سالەیی و شوان بناری خاڵخالان
هەردوو شێخ بزێنی قەلاسێوکە کوردستان
بێجگە لە ئێوە و چەند پۆلێک پارتیزان
ک لە ئاست دوژمن خۆتان نەچەمان
بادینان لەوسەر ئەلەمسەر گەرمیان

بنـاری کـۆسـرەت و هـەولێری مێـران
ئەشکـەوت دۆلەبی شـاخ پیرەمەگرون
بـۆمێـژوو دەیـڵێم ئـاشنـای کـێی تـربـون؟
بـۆ ئـەنفـالـەکـان زۆر ئـاخـت هەڵ کێشێت
بـۆ شـەهیدەکـان زۆر فرمێسکت ڕێشت
بـۆ ئـازادی گـەل زۆر بـرسێتیت چێشت
زۆر بیرەوەریت لە دوای خۆت جێهێشت
گـەشترین ئەستێرەی نـاو حـەوتـەوانـە
ونبویت لـە باوەشی ئـەم نیشتیمانـە
تۆ وەک و فەرهاد کێوت دەنەخشان
ئەو بۆ شیرین تۆش بۆ کوردستان

ژیننامەی (فخرالدین سمایل بەگی)

ناوی تەواوی (فەخرەدین مەحموود محەمەد ئەحمەد)ە ناسراو بە(فەخرەدین سمایل بەگی) لەدایکبووی 1 /1 /1965ی گوندی سمایل بەگی سەربەناحیەی شوان کەرکوکە . قۆناغی خوێندن تاپۆلی دوەمی ناوەنـدی خوێنـدوە ، پیشـەی ئیسـتای خانەنشـینی سـەربازیە ، بیرەوەریەکانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ .

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان , کاریگەری کادیرانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەتایبەت کادیرانی کۆمەڵە لەسنووری ناوچەکەمان بەم نـاوانە (وریـا ئـاغجەلەری ، فەرمیدون مـام سـەلام ، ڕاپەر عـارف ،

شـــەهید ڕێبــاز کەڵاوقــوتی) وای لێکــردم لەمــانگی 11ی 1981 لەتەمەنــی 16 ســالی پەیوەنـدی بـکەم بە ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە ، دواتر لەبەهاری ساڵی 1983 ویستم ببم بەپێشمەرگە لەلای (دارا سەیدان)ی(1) ، بەڵام ئەو کاتە وەرگیران بە پێشمەرگە ئاسـان نەبـوو، یـان دەبـوو لە ڕێکخسـتنە نهێنیەکـانی ناوشـار بیـت و نـامەیەکی پشـتگیری ببەیـت ، یـان چـالاکیەکی پێشـمەرگانە ئەنجـام بدەیت ، بۆ ئەوەی متمانەی بەرپرسەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەت بە دەسـتبێنی،من بـۆ ئەوەی بـبمە پێشـمەرگە لە سـەرەتاوە چـالاکیەکەم هەڵبژارد، هەرچەندە وەکو ئاماژەم پێکرد خۆم پێشتر لە ڕێکخستن بووم ، لە21/ 10 /1983 لەگەڵ دو هاوڕێی تر بەناوەکـانی مـحەمەد حەسـەن ناسـراوە بە (حەمەی خـاڵەبەگ)ە و عبـدولەرحمان سـادق ناسراو (بوکوێخـا بچکۆڵ) لەنزیـک نـاحیەی شوان لەسـەر جـادەی شـوان تەقـتەق بۆسـەیەکمان بـۆ پیـاوانی ڕێـژێم دانـایەوە ، لەوکـاتەدا کــاروانێکی ســەربازی ڕێــژم کەوتە بۆســەکەمانەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کـاروانە سـەربازیەکە زۆربـو تـا ئـاخر سـەیارە کە نەختێـک لەکاروانەکە دابڕاو و دورتر دەهات لەجۆری (ئەلبی) بو ، بێدەنگ بـوین ، لەکـاتی گەیشـتن وکەوتنە بۆسـەکەمانەوە دەستمان بەسـەر ئەو سەیارە ئەلبییەدا گرت و بردمان بۆگوندی (تۆمار) ، نیوەڕۆ لەماڵی (تاهیر خەیات) چیشتی کفتەمان خوارد .

- لەگەڵ ئەم چالاکیەدا جگە لە (محەمەد حەسن ڕسوڵ) خۆم و هاوڕێکەی ترم بەناوی (عبدالرحمن) بوینە پێشمەرگە لەکەرتی 4ی خاڵخاڵان لەتیپی 21ی کەرکوک .

- سالی 1984 تیپی 21ی کەرکوک لەبەر گەشەو بەهیزی کرا بەدو تیپ ، تیپی 25ی خالخالان زیاد کرا ، لەم پێکهاتە نوێ یە لەتیپی 25ی خالخالان درێژەم بەخەباتی پێشمەرگایەتی دا .

- لەکات و سەردەمی ئەنفال لەسالی 1988 چومە تیپی 29ی کەلکەسماق ، دوای وەستانی شەڕی درێژ خایەنی 8 ساڵەی نێوان عێراق - ئێران ، لەدوای پاشەکشێیی هێزی پێشمەرگە بەرە و سنور ، چومەوە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سەر سنوور .

- لەمانگی 6ی سالی1990 وەک پارتیزان لەتەشکیلەی مەفرەزە پارتیزانەکانی کەرکوکی دوای ئەنفال لە مەفرەزمکەی کاک ئاکۆسوور(3) وەک پارتیزانێک گەڕامەوە بۆ سنووری کەرکوک _ ناوچەی شێخ بزێنی خواروو , پلەکانی پێشمەرگایەتم بڕیوە تا جێگری فەرماندەیی دوبز , بەشداری چەندین داستان و چالاکی و نەبەردی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکان یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم لەسنوور و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وبەتایبەتی سنووری چالاکی تیپی 21ی کەرکوک و 25ی خالخالانی کردوە ، لەم چالاکیانە بەشدار بومە ، وەک چالاکیەکانی (دەشتی هەولێر پۆڕیجە ، کارگەی قیری قەرەناو ، بێتواتە ، گۆپتەپە ، جادەی کەرکوک شوان ، جادەی کەرکوک پردێ ، حەسەن تەپە ، کێوەڕەشی خۆرهەلاتی ڕانیە ، کارگەی سێوی کەرکوک ، جادەی شوان – تەقتەق ناو شێوەسوور ، جادەی شوان – تەقتەق (جادی ئیلنجاخی) ناوشوان ، بناری قەندیل (شاخی ساوێن) ، پشت ئاشان

، جادەی قەزای دوکان - سلێمانی و چەند دەستانێکی تر ، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا شەش جار بریندار بومە .
- لەسالی 1986 برایەکم بەناوی (ناسح) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و دواتر دوایان لێکردم چالاکی بۆ ڕژێم ئەنجام بدەم و پێشمەرگە بکوژم تەسلیم بەڕژێم ببمەوە و واز لەپێشمەرگایەتی بهێنم ، گەر ئەوەش ناکەم هەر لە پێشمەرگایەتی زانیاری لەسەر جموجولیٔ ڕێکخستنەکان و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە بدەم بە ئیستغباراتی ڕژێم لە کەرکوک ، ئەگەر ئەمانەش نەکەم ئەوە ڕژێم براکەم کوڵلەباران دەکات ، ئامادەی تەسلیم بوونەوە و هیچ هاوکاری ڕژێم نەبوم ، بۆیە لە19 /3 / 1987 لەسەر پردی 3 لەکەرکوک براکەم لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە لەنزیک نەخۆشخانەی گشتی کەرکوک کوللە باران کرا .

شەهید ناواتەڕەش

ناوی تەواوی (ناوات ڕەشید عبدالکریم) ناسراو بەناواتەڕەش ، لەسالی 1960 لەگەڕەکی تەپەی شاری کەرکوک لەدایکبووە ، لەسالی 1981 لەتەمەنی 21ی سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرێمی دووی کەرکوک کردوە و چەکی شەرەف و بەرگری لەپێناوی خاکی پیرۆزی کوردسان کردۆتەشان .
- لەسالی 1982 بەشداری ئەوهێزە بوە کە وەک هێزی پشتیوان چۆنەتە ڕۆژهەلات کورستان بۆپشتیوانی لەخەباتی ڕەوای براکانیان لەحیزبی دیموکراتی کوردستان .

- لەژیانی پێشمەرگایەتیدا لەم داستان و چالاکیانە بەشدار بووە وەک (شەڕی تۆڵەسەندنەوەی شەهیدکردنی مامەڕیشە 1985 ، شەڕی نەبیاوە ، داستانی قەیوان ماوەت و زۆربەی چالاکیەکانی تیپی 21ی کەرکوک بەشدار بووە ، لەوچالاکیانەدا دوجار بەسەختی بریندار بوە فیشەک لەسینگی داوە لەقۆڵنجی دەرچوە .
- پلەکانی پێشمەرگایەتی تا لە پێش ئەنفال تا فەرماندەی کەرت بڕیوە .
- یەکێک بوە لەپێشمەرگە ئازاو مێرخاسە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لە سنووری کەرکوک شێخبزێنی لە دەستەکەی کاک ئاکۆسوور .
- لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 دەوری باڵای بینیوە لەئازادکردنی شار و شارۆچکەکان ، بەتایبەت شاری کەرکوکی قودسی کوردستان .
- مەدالیای زێرینی ڕێزلێنانی یەکێتی وەک پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .
- لەدوای ڕاپەڕینی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم ، کراوە بەجێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی چەمچەماڵ ، مخابن دواجار لەچیایی سورێن لە شەوی 23 -24 / 3 /1995 لەشەڕی نگریسی ناوخۆ گەیشتە کاروانی شەهیدان .

شەهید خاڵەبەخە

ناوی تەواوی (کاکەمەد محەمەد سالح) ناسراو بەخاڵە بەخە ، ساڵی 1962 لەگوندی مەرزیخەی سەروو ناوچەی شێخبزێنی خوارووی سەربەناحیەی شوان - کەرکوک لەدایکبووە ، لەساڵی

1979 لەتەمەنــی 17 ســالی پەیوەنــدی بەڕێکخســتنە نهێنیەکــانی کۆمەڵەی لینینــی - مارکســی کوردستانەوە کـردوە ، لەسـاڵی 1980 لەتەمەنـی 18 سـاڵی دەبێـتە پێشـمەرگە لەهەرێمـی دوی کەرکـوک . لەساڵی 1982 لە داستانی گوندی مۆرخوادەی سەروو لەرۆژ هەڵاتـی چیای خاڵخاڵان لەگەڵ شەهید (عەلی ساڵح) وچەند پێشمەرگەیەکی تـر ، ڕوبەڕوی شـەڕێکی سـەخت لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکـانی ڕژێـم و دابەزاندنی هێز بۆسەریان بونەوە ، دوای شـەهیدبونی عەلـی سـاڵح و برینــدار بــونی مەلا ئــاراس و بەشــێکی زۆر لەپێشــمەرگەکان ، خـاڵەبەخە یەکێـک لەو برینـدارە سـەختانەبو ، کە بەبرینـداری بەدیـل کەوتــۆتە دەســتی دوژمــن و بەهەلیکــۆپتەر گوازتیــانەوە بــۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوک .

دواتـر ڕەوانەی دادگـای شۆڕشـی بەعـس کـرا لەبەغـدا ، دادگـای ڕژێمـی بەعسـی لەنـاوچو ، حـوکمی سـێدارەی بەسـەردا سـەپاند ، بۆجێبەجێ کردنـی بڕیارەکەی دادگـا ڕەوانەی قەسابخانەکەی شـاری موسڵ کرا ، هەرچەندە و ڕژێمی بەعس زۆر دڕندە بو ، بەڵام ڕێزی لەپیــرۆزی مــانگی ڕەمەزان دەگــرت و لەو مــانگەدا بڕیارەکــانی جێبەجێ ناکرد ، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدانی خـاڵەبەخەش دواخـرا بۆ دوای مـانگی ڕەمەزان ، لەومـانگەدا سـەرکردایەتی ڕژێمـی بەعـس لێبـوردنی گشـتی دەرکـرد و بەر ئەو لێبـوردنە کەوت و ئـازاد بـو ، دوای ئــازاد بــونی بەبــێ وەســتان و وچانــدان گەڕیەوە ڕیــزی پێشـمەرگایەتی و درێـژە بەخەبـاتی ڕەوای پێشـمەرگایەتی دا لەتیپـی 21ی کەرکوک .

-ئەو چالاکی و داستانانەی چ وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چ وەک تیپی 21ی کەرکوک بەشداری تیدا کردوە ، بریتین لە نەبەردیەکانی (گرتنی بازگەی کەرکوک ، شەڕەکانی ناو شیوەسوور و دەوروبەری ، گرتنی سەربازگەی قەلاتە ، گرتنی دووجاری ناحیەی تەقتەق ، لێدانی نەبیاوە ، شەڕی گوندی دووبزنی ، کەمین بۆسەی ناوسوورکەلی شوان ، گۆپتەپە ، ئاغجەلەر ، کەلەکەسماق ، شەڕەکانی سەرکردایەتی ، داستانی دابان هەلاج ، قەیوان ماوەت ، شاخی دووبرا) .

-لەژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بەسەختی بریندار بوە .

-خالەبەخە یەکێک بو لە پێشمەرگە پالەوانەکانی پارتیزانی دوای ئەنفالی سنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزینی لەدەستەکەی کاک ئاکۆسوور بو .

-لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 دەوری بالای هەبو لەئازاد کردنی شارو شارۆچکەکان بەتایبەت ئازاد کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان .

- مەدالیای زێرینی ڕێزلێنانی یەکێتی وەک پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .

- پلەکانی پێشمەرگایەتی پلەبەپلە بڕیوە تا جێگری فەرماندەیی لەشکری بابەگوڕ گوڕ .

- مخابن دواجار لەڕێکەوتی 5/ 9 / 1996 لە31ی ئاب لەپێناوی بەرگری لەدەستکەوتەکان حکومەتی هەرێمی و هەولێری پایتەختی کوردستان ، لەگوندی پونگینە گەیشتە کاروانی شەهیدان .

شەهید ئیباو

ناوی تەواوی (ئیبراهیم فازل حەمەرەحیم)ە ناسراوە بە ئیباو ، لەساڵی 1967 لەگوندی قزلقایەی سەربەناحیەی شوان – کەرکوک لەدایکبووە ، لەساڵی 1983 لەتەمەنی 16 ساڵی پەیوندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردوە ، لەساڵی 1985 لەتەمەنی 18 ساڵی بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی 2ی شوان تیپی 21ی کەرکوک .

-بەشداری ئەم چالاکی و داستان و نەبەردییانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە ، کەبریتین لەم چالاکیانە (شەڕەکانی ناو شیوە سوور و نەبەسەرە ، کەمین و بۆسەی ناوسوورکەلی شوان ، لێدانی کەرکوک ، گرتنی ناحیەی تەقتەق ، شەڕکانی سەرکردایەتی ، داستانی ڕزگاری ، قەیوان ماوەت ، کەلی سمایل بەگی شوان ، زۆربەی چالاکیەکانی تیپی 21ی کەرکوک .

-لەڕێکەوتی 1 / 8 / 1988 وەک پێشمەرگەو پارتیزان لەگەڵ دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی تیپی21ی کەرکوک کە ئەوکات (مام ڕۆستەم سەرپەرشتی دەکرد و کاک سیروانی کوێخا نەجم) جێگری بو ، لەمەڵبەندی 3 گەڕانەتەوە سنووری کەرکوک ناوچەی شێخ بزێنی ، دواتر ئیباو کەوتە گەڵ مەفرەزەکەی کاک (محەمەد سەقەر) ، پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و شارەزای ناوچەکەبو .

-دوای ئەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان لە 14ی / 11 / 1988 لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە هەڵەتی ماسقەلانی ناوچەی شوان ڕوبەڕوی یەکتر بونەوە بوە هۆکاری شەهید بونی سێ پێشمەرگەی قارەمان ،

سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دا بۆ سەرسنوور .
- لەکۆتایی ساڵی 1988 پێشمەرگە پارتیزانەکان لە ڕووباری ئاوی هەرزنەی سەرسنوور پەڕینەوە بەدیوی ئێران و لەبارەگای تیپی 21ی کەرکوک لەگوندی بلەکێ جێگیربون .
- ئیباو یەکێک بو لە پێشمەرگە پالەوانە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال سنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزینی لەدەستەکەی کاک ئاکۆسوور بو ، تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 .
- لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 دەوری باڵای هەبو لەئازادکردنی شارو شارۆچکەکان بەتایبەت ئازاد کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان .
- مەدالیای زێڕینی ڕێزلێنانی یەکێتی وەک پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .
- لەڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کوردستان لەدوای ڕاپەڕین 1991 کراوەتە فەرماندەی تیپ لەبەتالیۆنی 76ی کەرکوک .
-مخابن لەڕێکەوتی 17ی / 4 /1991 لەپەلاماردانەوەی ڕژێم بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکان و دورست بونی کۆڕە و لەپێناوی بەرگری کردن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لە داستانی هێزۆپ شەهیدبو گەیشتە کاروانی پڕ لەسەروەری شەهیدان .

شەهید وریا قەفاری

ناوی تەواوی (ئەیوب عومەر عەبدوڵڵا) ناسراو بە وریا قەفاری ، لەساڵی 1972 لەگوندی قەفاری سەربەناحیەی شوان – کەرکوک

لەدایکبووە ، تا پۆلی 5ی سەرتایی خوێندوە ، لەرێکەوتی 1 /3 1985 لەتەمەنی 13 سالی پەیوەندی بەرێکخستنی یەکێتی نیشتیمان کوردستانەوە کردوە ، لەرێکەوتی 15ی / 9 / 1986 لەتیپی 21ی کەرکوک بۆتە پێشمەرگە .

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری لەم چالاکی و داستانانەی هێزی پێشمەرگەی تیپی 21ی کەرکوک کردوە ، کەبریتین لەم چالاکیانە (لێدان لە بیرەنەوتەکانی کەرکوک ، گرتنی دوو جاری ناحیەی تەقتەق ، ناغجەلەر ، چالاکیەکانی ناوشیوەسوور و دەوروبەری ، شەری ناحیەی قەرەهەنجیر ، داستانی رزگاری ، قەیوان ماوەت ، لێدان و گرتنی رەبیەکانی کەلی سمایل بەگی .

-لەسالی 1988 بۆماوەیەک پارتیزان بوە لەگەل کاک ناکۆ و کۆمەلێک لەهاورێکانی لەسنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزینی خوارووە ، لەکۆتایی سال 1988 بەبریاری سەرکردایەتی یەکێتی گەراونەتەوە ولاتی ئێران و لەگوندی بلەکێ لە تیپی 21ی کەرکوک بۆماوەیکی کاتی جێگیربون .

دووبارە لەگەل فەرماندە کاک ئاکۆسوور وەک یەکێک لە پێشمەرگە پالەوانە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لەسنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزینی لەدەستەکەی کاک ئاکۆسوور بو , تا راپەرینی بەهاری سالی 1991 .

- لەراپەرینی 1991 دەوری بالای هەبوە لەئازادکردنی شارو شارۆچکەکان بەتایبەت ئازاد کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان .

- لەرێکخستنەوە و دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردستان لەدوای راپەرین 1991 کراوەتە فەرماندەی فەسیل .

-

- مەدالیـــای زێڕینـــی ڕێزلێنـــانی یەکێتـــی وەک پێشـــمەرگەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .

- مخـــابن لەڕێکەوتـــی 24 / 8 / 1994 لەهەڵگیرســـانی شـــەڕێ نگریســـی نـــاوخۆ لەقەڵادزێ شـــەهیدبو ، گەیشـــتە کـــاروانی پرلەسەروەری شەهیدان . لە دوای خۆی برایەکی بەناوی (تەیب) گەیشتە کاروانی شەهیدان و شەهید بو رووحیان شاد .

شەهیدی زیندوو پۆڵا هەیبەیی

ناوی تەواوی (ڕەمەزان محەمەد ساڵح) نارسراو بە پۆڵاهەیبەیی ، لەســاڵی 1968 لەگونــدی هەیــبەی سەرخاســەی ســەربەناحیەی قەرەهەنجیر - کەرکوک لەدایکبووە ، لەساڵی 1985 لەتەمەنـی 17 ســاڵی لەڕێـگە (عیسـا عوبێـد ئەحـمەد) ناسـراو بەجوتیـار حـاجی بەیخـانی کـادیری ناوچەکەیـانەوە پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە ، لەساڵی 1986 لەتەمەنـی 18 ســاڵی بـۆتە پێشـمەرگە لەکەرتـی 2ی شیوەسـووری تیپـی 25ی خاڵخالان ، لەساڵی 1987 دەگوازرێتەوە کەرتی تیپی 21ی کەرکوک تـا ئەنفالەکـان ، لەژیـانی پێشـمەرگایەتیدا چـوار جـار برینـدار بـوە ، بۆجـاری پێـنجەم بە چەکـی چەکیمـاوی لە سـەرگەڵو برینـداربوە ، بەشـداری لەم چـالاکی و داسـتانانەکردوە ، وەک (داسـتانی قەیـوان مـــاوەت ، داســـتانی ڕزگـــاری ، شـــەڕی حەســـەن بەگ ، لێـــدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک ، شەڕی شاخی تەورداسە ، شەڕی گوندی ئیلنجـاخ ناوشـوان ، شـەڕەکانی مەڵبەنـدی 3 ، دوو جـار ڕزگـارکرنی

نـاحيەى تەقتەق ، سـەربازگەى قەلاتە ، لێدانى نـاحيەى ئـاخجەلەر ، گرتنـى ڕەبيەكـانى تەوەكەڵ ، شـەڕى شـاخى پشـتى گەڕەدێ ، شـەڕى كەڵكەسماق ، شـەڕەكانى سـەركردايەتى ، و زۆربەى چالاكيەكـانى تيپـى 21ى كەركـوك و 25ى خاڵخـالآن و شـەڕى بەرگريكـردن لەئەنفال .

-له كۆتـايى مـانگى 8ى 1988 لەگەڵ هێـزە پارتيزانەكـان بەسەرپەرشـتى مـام ڕۆسـتەم و سـيروان كوێخـا نەجـيم گەڕاوەتەوە سنورى كەركوك - شێخبزێنى و شوان و خاڵخالان تـا 20ى/ ى12 / 1988 گەڕاونەتەوە سـەركردايەتى لەديوى ولاتـى ئێران - لەگونـدى بلەكێى ئەوديوى سنوور جێگيربون .

-لەسـاڵى 1991 دووبـارە لەگەڵ فەرمانـدە كـاك ئاكۆسـوور وەك يەكێك لە پێشمەرگە پالەوانە پارتيزانەكـانى دواى ئەنفـال لەسنوورى كەركـوك نـاوچەى شـێخبزينى و بنـارى خاڵخـالان و پيرەمەگـرون لەدەستەكەى كاك ئاكۆسوور بو , تا ڕاپەڕينى بەهارى ساڵى 1991 .

- لەڕاپەڕينـى بەهـارى 1991 دەورى بـالاى هەبـوە لەئـازادكردنى شـارو شـارۆچكەكان بەتـايبەت ئـازاد كردنـى كەركـوكى قودسـى كوردسـتان ، دواتـر بەشـدارى لەشـەڕەكانى بەرگـرى و پاراسـتنى دەسـتكەوتەكانى حكـومەتى هەرێمـى كوردسـتان كـردوە و پلەكـانى پێشمەرگايەتى تا جێگرى فەرماندەيى 33ى زەمبور بڕيوە .

- مەداليای زێڕينی ڕێزلێنانی يەكێتی وەك پێشمەرگە پارتيزانەكانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .

- ئيسـتا بەپـلەى عەميـد لەئەركـدايە لەبەڕێـوەرايەتى ئاسايشـى قەرەهەنجير ، سەربە بەڕێوەبەرايەتى ئاسايشى كەركوك .

شەهیدی زیند و نەقیب بیبانی

ناوی تەواوی (نەقیب ناسح ئەحمەد) ناسراوە بەنەقیب بیبانی ، لەڕێکەوتی 5 / 3 / 1964 لەگوندی بیبانی گەورە سەر بەناحیەی پردێ ئاڵتون کۆپری - کەرکوک ، لەدایکبووە ، لەساڵی 1983 لەتەمەنی 17 ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە ، لەساڵی 1985 لەتەمەنی 19ساڵی بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی 1ی ساڵەیی تیپی 21ی کەرکوک ، بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکی و داستانەکانی تیپی 21ی کەرکوکی کردوە ، بەشەڕەکانی سەرکردایەتیشەوە .

-لەکۆتایی مانگی 8ی 1988 تا 20 / 12 1988 بەپارتیزانی لەسنووری کەرکوک شێخبزێنی ماوەتەوە ، لەکۆتایی ساڵی 1988 گەڕاونەتەوە گوندی بلەکێ لەودیوی وڵاتی ئێران .

- لەساڵی 1990 دووبارە لەگەڵ فەرماندە کاک ئاکۆسوور وەک یەکێک لە پێشمەرگە پاڵەوانە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لەسنووری کەرکوک ناوچەی شێخبزینی و بناری خاڵخاڵان و پیرەمەگرون لەدەستەکەی کاک ئاکۆسوور پێشمەرگەی پارتیزان بو , تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 .

- لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 دەوری باڵای هەبوە لەئازادکردنی شارو شارۆچکەکان بەتایبەت ئازادکردنی کەرکوکی قودسی کوردستان ، دواتر بەشداری لەشەڕەکانی بەرگری و پاراستنی

دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوە و پلەکانی پێشمەرگایەتی تا جێگری لەشکر بڕیوە لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بوە .
- مەدالیای زێڕینی ڕێزلێنانی یەکێتی وەک پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی پێ بەخشراوە .
- لەئێستادا بەپلەی عەمید خانەنشین کراوە .

ژیاننامەی شەهیدی فەرماندە ئەبوبەکر ئیسێوێ

ناوی تەواوی ئەبوبەکر قادر عەلی ناسراوە بە (ئەبوبەکر ئیسێوێ)، لەدایکبووی ساڵی 1961 ، لەخانەوادەیەکی کوردپەروەر و خاکی لەدایکبووە ، بەهۆکاری بار و زرووفی پڕ لە زەحمەتی ئەوێ ڕۆژگار خوێندنی سەرەتایی تەواونەکردوە ، دواتر شان بەشانی باوکی شانی داوەتە بەر ئیشوکار بۆبژێوی ژیانیان ، لەهەرەتی تەمەنی گەنجی و لاویدا هەستی نیشتیمان پەروەری لەبیرو هزریدا چەکەرەی کردووە و ئاوێتە شۆڕش بووە ، لەساڵی 1980 پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لەهەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگە ، لەقۆناغی پێشمەرگایەتیدا تابڵێی پێشمەرگەیەکی ئازاو چاپووک و بەهەڵمەت بوو ، هەرئەرکێکیان پێ دەسپارد بەبێ دوودڵی جێ بەجێی دەکرد ، هەرگیز ترس لەگیانی نەبو لە مردن سڵی نەدەکردەوە ، لەڕۆژ ژمێری پێشمەرگایەتیدا بەشداری قارەمانانەی زۆربەی چالاکی و داستانە پڕلەسەروەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە ، وەک (داستانی هەلاج دابان ، قەیوان ماوەت ، ڕزگاری و شەڕەکانی

بەرگری لەئەنفال ، سەرکردایەتی)، لەبەر ئازایەتی و لێهاتویی خۆی چەند پلە و بەرپرسیاریتیەکی پێدراوە وەک (فەرماندەی مەفرەزە ، جێگرکەرت ، دواپلەی پێشمەرگایەتی پێش ئەنفال فەرماندەی کەرت بو لەتپی 63ی جوتیاران .

لەدوای ئەنفال وەک فەرماندەی مەفرەزەی پارتیزان لەقولایی خاکی کوردستان درێژەی بەخەباتی پێشمەرگانەی لەرەتلی سووورداش داوە و لەگەڵ پۆلێک لەهاورێکانی ئەشکەوتیک لەشاخی پیرەمەگرون دەکەنە ناوەندی خۆراگری و جۆشدانەوەی کورەی خەباتی شۆرش و کوردایەتی ، لەتەشکیلاتی نوێی هێزی پێشمەرگە لە 1991 کراوەتە فەرماندەی تیپ لەبەتالیۆنی 15ی چەمی رێزان ، لەراپەرین دەوری کارا و بالآی بینیوە لە رزگار کردنە شار و شارۆچکەکان لەگەڵ هاورێ پێشمەرگە پارتیزانەکانەکانی .

مخابن بۆ دواجار لەشەوی 23 / 24 / 3 / 1991 دوای ئازادکردنی شاری کەرکوکی قودسی کوردستان لەهەڵمەت بردن بۆ گرتنی سەربازگەی خالیدی لەخوارووی کەرکوک ، خوێنی ئالی بووە گولآڵە سوورەی پێدەشتی کەرکوک و داری ئازادی بەخوێنی خۆی ئاودا و گەیشتە کاروانی شەهیدان و شەهید بوو ، لەدوای خۆی دوو کور و دوو کچی بەناوەکانی کارزان و پێشرە و ، رێزان و رۆژگاری ، لەپاش جێماوە ، بەداخەوە پێشرەو بەهۆکاری لوغمی جێماوی پاشماوەی بەعسەوە لەکوردستان لە رۆژی 6 / 6 / 1996 شەهید بوو . درود بۆ روحیانەتیان .

ژیاننامەی خالەبەکر تەلانی

ناوی تەواوی (بەکر محەمەدئەمین سەعید) لەدایکبووی 1943 ی گوندی تەلانی سەربە ناحیەی سوورداش ، لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو نیشتیمان پەروەر هاتۆتە دونیاوە ، هەرلەمنالیەوە لەبەر هەژاری خێزانەکەیان نەچۆتە بەرخوێند و وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان ئەرکی بژێوی ژیان کەوتۆتە ئەستۆو شانی داوەتەبەر ، لەساڵی 1963 بۆتە پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلول لقی (کوێخا سمایلی تەلان) لەساڵی 1964 ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (سبریە کریم مەلاتۆفیق) پێک دەهێنێت ، دوای جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە شۆڕشی ئەیلول بەلای باڵی مەکتەبی سیاسیدا دەشکێتەوە ، دوای یەکگرتنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ شۆڕش دەچێتەوە هەمان لقی پێشوو درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەداتەوە تانسکۆی شۆڕشی ئەیلول ، لەژیانی پێشمەرگایەتیدا لەشۆڕشی ئەیلول دووجار بریندار بووە لەم شوێنانە یەکەم: ساڵی 1963 لەگوندی (کۆکە) ی سەربەناحیەی سوورداش فیشەکێک بەرقاچی دەکەوێت و خۆشبەختانە بەسووکی بریندار دەبێت ، دووەم : لەساڵی 1974 لە گرتنی رەبیەکانی گردی (حاجی سەلمان) بەسەختی بریندار دەبێت و بۆچارەسەر بەوڵاخی بەرزە ڕەوانەی گوندی هەلەدن دەکرێت ، دوای وەرگرتنی چارەسەری سەرتایی بۆدەکرێت و لەسەرداوای دکتۆری شۆڕش بۆچارەسەری تەواو

ڕاوەنی وڵاتی ئێران کراوە ، پاشان چاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە و درێژە بەخەبات دەداتەوە لەهەمان لق تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول .

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول خاڵەبەکر پەیوەنی دەکات بەرێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە .

لەساڵی 1978 دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید (شەعبان گێچەنیی) ، ساڵی 1979،دەگوازێتوە بۆ هەرێمی دووی کەرکەک و لەزۆربەی چالاکی و نەبەردیەکانی ئەوکاتی سنووری کەرکوک و خاڵخالان و قەلاسێوکەو چەمی ڕێزان بەشداربووە ، بۆجاری سێیەم لەساڵی 1982 لەگوندی (قازان)ی ناحیەی سووورداش بەسەختی برینداردەبێت و نزیکەی 60 پارچە و فیشەک بەرجەستەی دەکەوێت ، دواتر ڕەوانەی سەرکردایەتی کراوە بۆ چارەسەر ، دوای وەرگرتنی چارەسەر چاک بۆتەوە و گەڕاوەتەوە هەرێمی دوو درێژەر بەپێشمەرگایەتی داوەتەوە ، دوای دورست بوونی مەڵبەندی پێشمەرگە لەبارەگای مەڵبەندی دووی کەرکوک بەردەام بووە لەئەرکەکەی .

لەساڵی 1982 وەک هێزی پشتیوانی لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە نێردراون بۆ پشگیری لەبرا کوردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری شەڕەکانیان لەدژی ئێران کردووە .

دواتر دواتر گەڕاوەتنەوە باشووری کوردستان و ریژەی بەخەباتی پێشمەرگایەتی داوە ، لەسنوورەکانی گەرمیان و کەرکوک و دۆڵی جافایەتی تا سەردەمی ئەنفال ، لەشالاوی ڕەشبگیری 1988 ڕژێم بۆسەر ناوچە کوردییەکان بەناوی ئەنفال ، خاتوو سەبریەی

خێزانی خالەبەکر لەگەڵ پێنج کوڕ و پێنج کچی ، بەر ئەو شاڵاوەکەوتن و ئەنفال کران و خۆی بەتەنها مایەوە .

دوای شاڵاوی ئەنفال و هەڵکشانی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ سەرسنووری عێراق و ئێران ، خالەبەکر دەچێتە سەرکردایەتی ، لەسەر ڕاسپاردەی شۆڕش و بەفەرمانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکۆتایی ساڵی 1989 دەگەڕێتەوە ئۆردوگای پیرەمەگرون و ماڵی کاک رسولی برای ، ماڵی کاک رەسول دەکاتە شوێنب هاوکار و حەوانەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی (سووورداش و کەرکوک) ی دوای دوای ئەنفال و لەوڕووەوە مێژوو شاهێدەی ئەوەیە کە دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو .

بەشی چوارەم:ئەرشیفی وێنەوە بەڵگەکان

1- پارتیزانەکانی ڕەتلی کەرکوک شێخ بزێنی

1990 / 1991 مەفرەزە پارتیزانەکەی کاک ئاکۆسوور ئەشکەوتی پیرەمەگرون ڕیزی پشتەوە لەڕاستەوە: 1- نەقیب ناصح بیبانی 2- حەیدەر حاجی تانی 3- شەهید ئاوات ڕەشید (ئاواتەڕەش) 4- - پۆلا هەیبەیی 5- شەهید ئیبراهیم (ئیباو) 6-فەخرەدین سمایل بەگی .

ریزی پێشەوە لەڕاستەوە: 7- شەهید خاڵەبەخە 8- شەهید ئاکۆسوور 9- شەهید وریا قەفاری



گۆمەزەل 13/ 6 / 1990 ئەم وێنەیەمان چرکاند ، ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1-نەقیب ناسیح بیبانی 2-شەهید وریا قەفاری 3- شەهید ئاواتەرەش 4-فەخرەدین سمایل بەگی 5- حەیدەر حاجی تانی 6- شەهید ابراهیم (ئیباو) 7-پۆلا هەیبەیی 8- شەهید ئاکۆسوور ، دانیشووەکان لەڕاستەوە: 9- بێستوون سابوراوەیی 10-شەهید خاڵەبەخە ،

ئەشکەوتی پیرەمەگرون دۆڵەبی 1990 ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە . 1-فەخرەدین سمایال بەگی 2- شەهید ئاکۆسوور 3- نەقیب ناسح بیبانی 4- شەهید خاڵەبەخە 5- شەهید وریا قەفاری .دانیشتووەکان لەڕاستەوە: 6- شەهید ابراهیم (ئیباو) 7- شەهید ئاواتەڕەش 8- پۆلاهەیبەیی



ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە: 1-شەهید غەریب هەڵەدنی 2-بێستون تەلانی 3-نەقیب ناسیح 4-عایدتەلانی 5-شەهید تۆفیق (تواناسوور) 6- پۆلا هەیبەیی .   دانیشتوەکان لەچەپەوە: 1- شەهیدناکۆسوور 2- حەیدەر حاج تانی 3-دکتۆرتەها 4-سەردار یاخسەمەری 5- یاسین عبدالکریم (خاڵەیاسین)

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1- حەکیم حاجی رحمان قولیبەگ (قەندیل) ، 2-ئارامەڕەش ، -3شەهید سەردارحاجی ڕەزا ، 4-نەقیب ناسح ، 5-شەهید وریا قەفاری .
دانیشتووەکان لەڕاستەوە : 6-رەحمان عمر (ڕەحمان کۆنفۆ) ، 7-بورهان مەلا ئەحمەد (ئاشتی) ، 8-فەیسەڵ حوسێن ، 9-حەسەن عبدالرحمن (حەسەن شورتە) .

سالی 1989 ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستەوە: 1-سەرکەوت ، 2-مامۆستا عادل ، 3-پێشڕەوە ، 4-نەقیب ناسیح ، 5-قادر یاسین ، 6-قادر ، 7-سەلاح ڕەمەزان ، 8-پۆلاهەیبەیی .

سەرگەڵو / شەهیدی زرارسێکانیانی و فەخرەدین سمایل بەگی

شەهیدانی زیندو: فخرالدین سمایل بەگی ، کاک لیوا چەتۆ سالّح ، کاک پۆلاهەیبەیی ، کاک نەقیب ناسیح



نەناسراون

1990 شێخبزێنی خواروو : نەقیب ناسیح بیبانی و پۆلاهەیبەیی

فەرماندەی پارتیزان: تالیب مام فاروق و نەقیب ناسح بیبانی



لەڕاستەوە : 1-مامۆستا عادل ، 2- نەقیب ناسیح ، 3-عەونی عەبدوڵڵا ، 4-قادر ، 5-نجات باوایی

دانیشتوەکان لە ڕاستەوە: 1-ئاکۆ سور 2- نەناسراوە 3-خاڵەبەخە 4-
تالیب مام فاروق 5-حەسەن شورتە 6- ئاواتەڕەش / دوانەکەی دواوە
1- نەناسراوە 2- یونس برای ئاکۆسور



کاک بەکرتەلانی و فخەخرەدین سمایل بەگی



لەڕاستەوە : 1-کاروان عەلی سوور ، 2-مام ڕەسوڵ کرژەیی ، 3-فخرەالدین سمایل بەگی ، 4-جومعە عومەر دەربەندی



لەڕاستەوە: 1-کوردۆ ، 2-دای خالید ، 3-شەهید فەقێ عوبێد ، 4-شەهید ڕزگار ، 5-پۆلاهەیبەیی



فەرماندە شەهید حەمەزیاد مەغریب ناسراو بە (مەلا ئاراس)

ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەڵاس ، لەڕاستەوە : 1-شەهید عبدالرحمن سمایل بەگی ، 2-فەخرەدین سمایل بەگی ، 3-خوالێخۆشبوو هەمزە ئەحمەد محەمەد ناسراو (بەئامانج).



کاک حەسەن عبدالجلیل قەفاری و فەخرەدین سمایل بەگی

حەسەن مەجید قەفاری لە 1 / 3 /1965 لەگوندی قەفاری سەربەناحیەی شوان کەرکوک لەدایکبووە ، ساڵی 1982 پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردووە و لەگەڵ ئەم بەڕێزانە کاری ڕێکخستنی ئەنجام داوە (شەهید بورهان ڕەزا بیرەسپانی ، شەهید مامۆستا ڕەوەند ، شەهی مامۆستا ئاشتی ، شێخ فوئاد سدیق عەسکەری ، باوکی لەسەر کوردایەتی لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکراوە و لەناحیەی شوان بەند کراوە ، دواتر بەهیمەتی کوێخا (حوسێن ڕەجەب و کوێخا ئەحمەد ڕەجەب) بەردراوە .



دایکێک لەلادێیەکی کوردەواری



فەرماندەی پارتیزان : کاک مەحموود سەنگاوی ، فەخرەدین سمایل بەگی



فەرماندەی پارتیزان: سیروانی کوێخانجم و ، فەخرەدین سمایل بەگی



فەرماندەی پارتیزان: کاک جەلال ئیلنجاخی و فەخرەدین سمایل بەگی



فخرەدین سمایل بەگی و فەرهاد سەنگاوی

فەرماندەی پارتیزان: حاجی هەڵمەت ، مام ڕۆستەم



لەڕاستەوە : پۆلاهەیبەیی 2- فەرماندە نەهرۆقەسرۆکی 3- عەزیزە سوور

کاک خەلیل بێدەری و فەخرەدین سمایل بەگی

فەرماندەی پارتیزان کاک هیوا عەبدوڵڵا (هیوارەش) و عەمید پۆڵاهەیبەیی

حەسەن عبدالرحمن (حەسەن شورتە) و نەقیب ناسیح

ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوندی بلەکێ ساڵی 1989ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە: 1-رحمان عومەر (ڕحمان کۆنفۆ) 2- نەقیب ناسح 3- هیوارەش 4-غایب ، 5- کامیل پێشمەرگەی 57ی سەرگرمە .
دانیشتوەکان لە چەپەوە : 6- ئاسۆ قەرەناوی ، 7-سەلاح 8- هێمنە خرە 9-قارەمان چیمەنی (مامەقالە)

فەخرەدین سمایل بەگی 1983

شەهید کامەران
شەهید رزگار
پۆڵا هەیبەبی
غایب پێشمەرگەی گەرمیان
شە هید مامە قالە



ڕیزی دواوە لەڕاستەوە: 1- محمد سلیم ، 2- شەهید ئیباو ،3-خەلیل تۆماری ، 4-ئاراز ڕەفیق ، 5-شەهید ڕزگار چیمەنی .
ڕیزی پێشەوە لەڕاستەوە : 6-کاک چیا ، 7-شەهید پشکۆ ، 8-موحسین دەلۆیی ، 9-پۆلاهەیبەیی

1988 ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1-شەهید (ساڵح بیکەسی)برای شەهید ئاکۆ سور 2-نەقیب ناسیح 3- شەهید خدرعەلی ئەحمەد ، 4- فارس قادر (شەهید سوارە ئیلنجاخی) .
دانیشتووەکان لەڕاستەوە: 5-سەباح عومەر حەسەن ، 6- ئەنوەر عەلی ، 7- بەکر سەقەر .



جوتیار و نەقیب ناسیح

ڕزگار چیمەنی

ئەوەی پێشەوە ئارام چیمەنیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک

سەرکەوت چیمەنی و کۆمەڵێک پێشمەرگە

قارەمان عبدوڵڵا ناسراو بە (مامەقالە چیمەنی)



مام ڕۆستەم ، عوسمانی حاجی محمود ، ئازاد سەرگرمە



خلیل تۆماری ، مام ئاراس ، حەمە سەقەر

ساڵی 1984 : 1-مام ڕۆستەم ، 2-مامۆستا عادل ، 3- خدر قادر
برای شەهید حەیدەر



داڕێژەی نەخشەی ڕاپەڕین: ڕەوان شاد کاک نەوشیراون مستەفا و مام ڕۆستەم

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1- دڵاوەر ئەحمەد مجید 2-مام ڕۆستەم 3-ئازاد سەرگرمە 4-ملازم عومەر

1-مام ڕۆستەم ، 2-کاک نەوشیراوان و کۆمەڵێک پێشمەرگە

سالی 1988 مەفرەزەی ڕەتلی سورداش پشت گوندی گویزملە
ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە:1- سەردار 2-عەلی حەمەکاکی 3-عاید
تەلانی 4-محەمەدحاجی کریم .
دانیشتووەکان لەڕاستەوە: 1-فاریق بەگزادە 2-مامۆستا جەلال 3-
بەکرمەجید 4-بەرزان قالەخەلۆز 5- شەهید کامیل 6-ئاسۆسورداشی
7-شەهیدخدرجاف .

١-فەریق هەڵەدنی 2- ئەنەوەر تەلانی 3- عەلی حەمەکاکی

له23/ 10 /1988 پیرەمەگروون ، ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1-عەلی حەمەکاکی (هیوا) 2- ئەنوەر عبدوڵڵا (بێستون تەلانی) 3- محمدحاجی کریم (سالار هەڵەدنی) 4- جەلال حمەسالح (مامۆستا جوامێر 5-تەیب محمد (ئاسۆ سورداشی) 6-عوسمان عبدوڵڵا (شوان گێچەنیی .

دانیشتوەکان لەڕاستەوە: 7-سدیق ئەحمەدسەردار 2- بەکرمەجید (کاروان) 8-شەهید غەریب هەڵەدنی 9-فەریق محمود بەگ (شەماڵ) 10-عاید عەلی (هێمن تەلانی .

چەند پێشمەرگەیەکی پارتیزان پیرەمەگروون

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە : 1-نەناسراوە 2- نەنوەر یاخسەمەری 3-بێستون سابوراوەیی 4-شەهید تەها 5- تۆفیق هەڵەدنی 6-حەمەخدر گاپیلۆنی .
دانیشتون لە ڕاستەوە: 7- شەهید ئارام 8-فەریق هەڵەدنی 9-نەناسراوە

پارتیزانەکانی گەرمیان بەسەرپەشتی کاک عوسمانی حاجی مەحموود

ساڵی 1990 لەڕاستەوە: 1-شەهید عومەر برای عوسمانی حاجی مەحموود 2- نازم
وەستا شەریف 3- فەرماندەی پارتیزان شەهید سەید جەوهەر

١٩٨٩/٧/١٥. شاربا ژێڕ.
لە ڕاستەوە بۆ چەپ: حسام، شەهید سەید جەوهەر، نازم کەرکوکی، حەمە سیاسی، شێخ کەریم

وەستاوەکان: 1- شەهاب شێخ لەنگەری 2- سەیدجەعفەر 3- ماجید فەیلی 4- جەمال مەلا
هۆمەری 5-حسام شەهید فازل 6- شەهید مامۆستا یاسین 7- شەهید ئازاد قەولوزی 8-
شەهید عەلی فەقێ مستەفا 9- شەهید سەید بابا 10- حەمەچەوری 11- کامیل نوری 12-
شەهید مامە ڕەئوف 13- سوهاد خانەقینی 14- شێخ کریم چاوڕەش 15- حەمەسیاسی 16-
شەهید یاسین بچکۆل 17- عادل پیرەمونی 18- مریوان جباری 19- مەلاسەعید 120-
شەهید نادر 21- شەهید کامەرانەڕەش 22- بورهان زەرداوی 23- شەماڵ شێخ لەنگەری
24- شەهاب شێخ لەنگەری 25- غائیب 26- شەهید کامەران 27-مامۆستا هیدایەت 28-
وشیار باویلەیی 29- شەهید فازل شیرمەمەڕی 30- شەهید نازم کەرکوکی 31-شەهید سەید
جەوهەر

لەڕاستەوە وەستاوە: 1-شەهید فازڵ 2-شەهیدیاسین بچكۆڵ 3- غایب 4-شەهیدنازم كەرگوكی
دانیشتوەكان لەڕاستەوە 1-جمال وارانی 2-حمەچەوری 3-شەهیدنادر 4-شەهید سەیدبابە

١-فەرماندە سەید جەوهەر 2-حمەسیاسی 3-حسام شێخ عەلی 4-شەهید یاسین بچکۆڵ 5-عادل پیرەمونی 6-غایب زمنگاباتی 7-نادر سەیدجەعفەر

فەرمانەی پارتیزان 1-شەهید حمەڕەش 2-ناری ڕەنوف بێگەرد 3-شەهید خەبات تاوغی

مەفرەزەکەی گەرمیان



فەرماندەی پارتیزان: شەهید حەمەڕەش گەرمیانی

مەفرەزەکەی گەرمیان

ڕاوەستاوەکان 1-غایب سەید جەعفەر 2-جەمال مەلاهۆمەری 3-حسام شەهید فازل شێخایی 4- شەهید مامەڕەئوف 5-شەهید مامۆستا یاسین 6-شێخ کەریم چاوڕەش 7-حەمەسیاسی 8-شەهید یاسین بچکۆل 9 سوهاد خانەقینی 10ماجید فەیلی 11-شەمال شێخ لەنگەری 12-وشیار بیاویلەیی 13-شەهید فازل شیرمەمەڕی 14-شەهید حەمەچاوجوان

مەفرەزەکەی گەرمیان



فەخرەدین سمایل بەگی و لیوا چەتۆ سالح



دایە خوچەی هاوکاری پارتیزانەکان

کاک محەمەد عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە حەمەزیاد دێوانە کانی تو



کاک عومەر عەبدوڵڵا حەسەن کانی تو



مەفرەزە پارتیزانەکەی ڕەتڵی هەولێر



فەرماندەی پارتیزانەکان شەهید ڕێباز



ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1-جەلال ئیلنجاخی2-نەناسراوە
دانیشتوەکان لەڕاستەوە:3-هاشم جیهاز 4- بورهانی سەعید سۆفی

١٩٨٩- بناری پیرەمام دوای ئەنفالەکان/ لەچەپەوە: شەهید ڕێباز، جەلال ئیلنجاغی. هاشم جیهاز



پارتیزانەکانی ڕەتلی دەشتی هەولێر

فەرماندەی پارتیزان جەلال ئیلنجاخی

لەراستەوە بورهان سەعید سۆفی، شەهید ڕێباز، ئەحمەد خدر، ئازاد محەممەد،م. ئەبوزەید، ئەوەی دانیشتووە عەوسەیە.



لەڕاستەوە: 1-ئەکرەم یۆغسری 2- جەلال ئیلنجاخی 3- هەڵۆ حەسەن 4- مەلا سلێمان 5-کاوە حەبیب دانیشتووەکە: خاڵە سیسۆ .

مەفرەزە پارتیزانەکەی دۆڵی سورداش

1988 شاخی قەندیل بناری شێخ ئایش لەگەڵ کاک نەوشیروان مانگی 2ی ساڵی 1989 شاخی هەڵەدن لەڕاستەوە: 1-کاروان هەڵەدنی 2- هێدی 3- ڕزگارجاسەنەیی 4-شوان موغاغی 5- شەهید بەکر نیسێوێ 6- شەهید غەریب هەڵەدنی

لەڕاستەوە: 1- شوان موغاغی 2- شەهید بەکر ئیسێوی



مانگی 2ی ساڵی 1989 ئەشکەوتی یاخییان گەڕانەوە بەرە و سنور

مەفرەزە پارتیزانەکەی کۆسرەت

ئەم مەفـرەزەیە ناسـرابو بە مەفـرەزەکەی (کـاک هیـوارەش) و هاورێکانی ، دو مانـگ دوای مەفرەزەکەی رتڵی یا بڵێین (رستی) کەرکوک ، بەفەرماندەیی (کاک ئاکۆسور) ناردرانە خوارەوە بۆنـاو خـاکی کوردسـتان - بنـاری چیـای کۆسـرەت ، بەڵەربەر چـاوگرتنی بـارودخی ئەوێ ڕۆژی نـاوچەکە و گۆڕەپانی ئەوکـاتی کوردستان ، لەلایەن سـەرکردایەتی یەکێتیەوە وابەبـاش زانـرا و نـاردرانە بنـاری شاخی کۆسرەت ، هەرچەندەو فەرماندە و زۆرینەی پێشمەرگەکانی ئەم مەفرەزەیە کەرکوکی بون ، بەڵام نەدەگونجا ئەمانەش بنێرینەوە نـاوچەی سنوری کەرکـوک ، چـونکە سـنوری نـاوچەی کەرکـوک لەلایەن ڕژێـمەوە زۆر بەرتەسـک کرابـوەوە و ئیـدارە نەدەدران ، بۆیە سنوری ئەم مەفرەزەیە بناری شـاخی کۆسرەتی بۆ دیاریکرا ، بەڵام بەهۆکاری زەحمەتی ئیدارەدان ، شوێن و نـاوچەی پارتیزانیـان گـۆڕی و هـاتنەوە دەشـتی کـۆیە – ڕۆخـی هەردو بەری بـاکور و باشوری زێی بچوک ، واتە بەری (کۆیە - قەڵاسیوکە – خاڵخـاڵان) یـان پـێکەوە گرێـدا ، ژورێکـی ژێـر زەمینیـان لە هەڵەتـی گونـدی (چوخلیجە)ی بناری چیای خاڵخاڵانی بەری شێخ بزێنی سەروو سەر بەچەمچەماڵ دورست کردبو ، لەئەشکەوتەکانی ناوچەکەیان بەکار دەهـاورد ، کەنـاوچە و سـنوری مەفـرەزەکەی کـاک ئـاکۆ بـو ، بەهۆکـاری جیهـازە ڕاکاڵەکانیـانەوە پەیوەنـدی لەنێـوان هەردو مەفرەزەکەدا هەبو ، ئەم مەفرەزەیە لەمانگی 8ی 1990 تا سـەرەتای ساڵی 1991) لەو ناوچانەی باسمان کردوە مانەوە ، دواتر گەڕانەوە

سەرکردایەتی لەدیوی ئێران ، کەژمارەیان هەشت پێشمەرگەی پارتیزانی هەڵۆ ئاسای قارەمان بون ، بەم ناوانەی لای خوارەوە .

1- هیوا عەبدوڵلا ئەحمەد عەلی (هیوارەش) فەرماندەی رەتڵەکە بو

2- سلێمان حەمەخان حوسین (ئاسۆ قەرەناوی) ڕابەری سیاسی

3- زولفەقار عەلی هەیبەیی ناسراو بە (پشکۆ) پێشمەرگە

4- عزیزە سوور شیوەجانی پێشمەرگە

5- مام دڵزار محەمەد پێبازۆکی پێشمەرگە

6- تالب مام فاروق حەمەعەلی پێشمەرگە

7- نورەدین محەمەد ڕەمەزان (سامان) پێشمەرگە

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: 1- خالید 2- دڵزار ڕەفیق 3- شەهید پشکۆ
4- عەزیزە سور .
دانیشتوەکان لەڕاستەوە: 1- تالیب فاروق 2- هیوا ڕەش 3- محەمەد
4- نەزانراوە 5- سامان

لەڕاستەوە: 1- مام سەعدی ئیلنجاخی شوان 2- ئاسۆ قەرەناوی 3- نەزانراوە 4-عەزیزە سور 5-خاڵەبەخە 6- سامان چاوشین



1- ئاسۆ قەرەناوی 2- هێمن

لەچەپەوە: 1- زولفەقارخدر (شەهید پشکۆ) 2- سلێمان حەمەخان (ئاسۆ قەرەناوی) 3- سامان چاوشین 4- هیوا عەبدوڵڵا (هیوارەش)

مەفرەزە پارتیزانەکانی سنوری ناوچەی بادینان

ڕەتلی یەکەم مانگی 8ی ساڵی 1990

کەبریتی بون لەم پێشمەرگە قارەمان و گیان لەسەر دەستانەی ئەوی ڕۆژی بادینان کەبێجگە لەوان کەتاقە هاوڕێی دانەبڕاوی نیشتمان بون چێی تر هەبون .

1- مەحموود سارکی نێرومیی فەرماندەی ڕەتلی یەکەم
2- غەنی عەبدال شاباز دۆسکی (ڕابەری سیاسی هەردوو ڕەتل بێ دابڕان)
3- عبدالواحید تاهیر غەموو نێرومیی فەرماندەی کەرت
4- ئەحمەد محەمەد نێرومیی پێشمەرگە
5- ئحساب عەزیز نێرومیی
6- مسلح باقی نێرومیی
7- مستەفا عیسا نێرومیی (ج کەرت)
8- حسێن تاهر مێرستەکی (سەر دەستە)
9- مەجید حەسەن مێرستەکی
10-ئەیوب لاوو ڕەزوکی
11-نەسرەدین ئیسلام نێرومیی
12-ئیسماعیل ئیسلام سێری (پزیشک) دکتۆر
13-ئەمین محەمەد سەلیم کانی سارکی

ڕەتلی دوەم کەرتی دو

1- مەجید ئیبراهیک کارەی نێرومیی
2- شوکری سەلیم حامید نێرومیی (ک ، دوو)
3- عبالرەزاق ابراهیم ڕێکانی (ج ، ک ، دوو)
4- لوقمان ڕەشید ڕێکانی (ج ، ک ، دوو)
5- د . ئەحسان عبدالغنی ڕێکانی (پزیشکی ڕەتلی دوو)
6- تەیب جند ڕێکانی پێشمەرگە
7- قادر محەمەد سەلیم ڕێکانی پێشمەرگە
8- حەسەن صالح دەشتازێ پێشمەرگە
9- ئەحمەد محەمەدئەمین دەشتازی پێشمەرگە
10- حەسیب حەسەن گوهرزی پێشمەرگە
11- وحید مکائیل ڕێکانی پێشمەرگە
12- محەمەد محەمەد ئەحمەد ئامێدی پێشمەرگە
13- خەلیل عەسکەر خەلیل ئاکرێ پێشمەرگە
14- یوسف داود دۆسکی ژوری پێشمەرگە
15- صدقی ڕژدی سەلیم صێتتی پێشمەرگە

ڕەتلی دوەم کەرتی (سێ)

1- ئازم حەسەن نێرومیی فەرمانەدەی کەرت
2-عەزیز عەلی باوانی جێگری کەرت
3-کازم سدیق نێرومیی پێشمەرگە
4-محەمەد سالح سەلمان پێشمەرگە
5-محەمەد ڕەشید نێرومیی پێشمەرگە

6-فەرزندە صدیق صێتـتی پێشمەرگە

7- محسین عبدالرحمن باوانی پێشمەرگە

8-نەسرەدین صدیق صێتـتی پێشمەرگە

9--عیماد عەدۆ نێرومیی پێشمەرگە

10- موسا عەدۆ نێرومیی پێشمەرگە

11--عەدنان تاهیر نێرومیی پێشمەرگە

12-محەمەد حەسەن نێرومیی برپرسی (جیهاز)

بەداخەوە وێنەكانیانمان دەست نەكەوت



١) بادینان دابەشی هێلێنی پارتیزانەکان بووە.

یەکەم رەتل (١) ی بادینان ئەم پێشمەرگانە لە سنووری ناسعە
رەشێدەوە بە (دوو) رەتل بە فەرمانی سەرکردایەتی
بەهاوکاری بەرێکەوتنیان لەدەوەی (هەڤاڵ حاسیون سانی عالیە)
(بشیونی سابوزادەی) بەرەو ناو تورکیا بەنهێنی ولەویشەوە
بۆ (بادینان) لەمانگی (٨ - سالی ١٩٩٠) بەرێکەوتی هەتا مانگی
(١١ - ١٩٩٠) ئەم پێشمەرگانەی رەتلی (یەکەم) بەسەرپەرشتی

١- محمود کانی ساری سەرپەل (لێپرسراوی رەتل)
٢- غنی عەولا شاباز دەسگا (راهێنەری سیاسی ٥ رەتل)
٣- عبدالواحید طاهر محمود سەرپەل (ن. پ.ت)
٤- احمد محمد علی سەرپەل
٥- احسان عزیز سەرپەل
٦- مصلح سانی سەرپەل
٧- مصطفى عبدالله سەرپەل (پ.ش)
٨- حسین طاهر سەرپەشکی (...)
٩- مجید ... سەرپەشکی
١٠- ایوب لەدەر ...
١١- ... اسلام سەرپەل
١٢ اسماعیل اسلام سەرپەل (پزیشکی رەتل)
١٣- ... محمد سلیم کاکە ساری



پارتی زانەکانی بادینان

ئەمانە ئەم پارتی ئەوەدا ئەندامێک (دەبوون)

١- مجید ابراهیم کارمەند نیروەت (ن. ل. دەو)

٢- شوکرت سەلیم ساید نیروەت (ل. دەو)

٣- عبدالرزاق ابراهیم زنگانی (د. ل. دەو)

٤- لوقمان رشید زنگانی (ج. ل. دەو)

٥- د. احسان عبدالغنی ریکانی (پزیشکی پەنلی دەو)

٦- الیاس هنو ریکانی (ل. دەو)

٧- قادر محمد سەلیم ریکانی (ل. دەو)

٨- حەسەن صالح دەشتازی (ل. دەو)

٩- احمد محمد امین دەشتازی (ل. دەو)

١٠- حسیب حسن گوهرزی (ل. دەو)

١١- وحید میکائیل ریکانی (ل. دەو)



یارمەتیدانەکانی بادینیان

ڕەنگی (دوو) کەرتی (سێ)

١- نازم حسن شێروانی (ف. ل. سێ)

٢- عزیز علی بارزانی (م. ل. سێ)

٣- کاظم صدیق شێروانی (ل. سێ)

٤- محمد صالح سلیمان شێروانی (ل. سێ)

٥- محمد رشید شێروانی (ل. سێ)

٦- عزیزێ صدیق حسێنی (ل. سێ)

٧- محسن عبدالرحمان بارزانی (ل. سێ)

٨- نصرالله صدیق حسێنی (ل. سێ)

٩- عماد عبو شێروانی (ل. سێ)

١٠- مصطفى عبو شێروانی (ل. سێ)

١١- عثمان طاهر شێروانی (ل. سێ)

١٢- محمد حسن شێروانی عەودامازل (ل. سێ)

پێشکەشە بە:

نمونەی خۆراگری و کۆڵنەدان   گیانی پاکی شەهیدانی پارتیزان